# خوێندنەوەیەک بۆ خۆمان و دەوروبەرمان

ئەوەی لەم بارودۆخەدا گرنگە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگرین، دووبارە پێناسەکردنەوە و لەیەکتری جیاکردنەوەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتییە، بەداخەوە من دەبینم هەندێك جار لە بری ئەم دوو چەمکە لێك جیابکرێتەوە، لە هەندێ حاڵەتدا زۆر خراپ تێکەڵ دەکرێن، هەر بۆ نموونە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە رووکەش قسەی باش بۆ یەکتری دەکەن و پەرۆشی بۆ یەکڕیزی دەردەبڕن، بەڵام کە دەکەونە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی تەســکی حزبایەتی، راستە لە رووی فیزیکییەوە زیان لە یەکتری نادەن، بەڵام خۆزگە بۆ زەرەری یەکتری دەخوازن، ئەمە حاڵەتێکی خراپە و نەگبەتی بەسەر میللەتدا دێنێت، ئێمە بە یەکگرتوویی و نییەتپاکی لە هەڕەشە و مەترسییەکان دەترسین، ئەگەر خوانەخواستە ئەم نییەتە خراپەی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بنبڕ نەکەین، دەبێت چاوەڕێی چی بکەین؟



فازڵ میرانی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پێش ئەوەی ئەمریکا بۆ لابردنی رژێمی پێشووی بەعس ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق دەست پێبکات، هەروەها دوای ئەو ئۆپەراسیۆنە و لابردنی رژێمی پێشووی بەعس، بانگەشەی بۆ بنیادنانی رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی تازە دەکرد، ئەم بانگەشەیە ببووە بابەتی تازەی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و هەروەها ببووە وێردی سەر زاری نەك هەر بەرپرسانی گەورە و بچووك و سڤیلی و سەربازیی ئەمریکییەکان، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیرییە عێراقییەکانیش و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش هەمان باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەیان لەسەر زار بوو، ئومێدی گەورەشیان لەسەر هەڵچنیبوو، هەربۆیە بە بۆنە و بە بێ بۆنە تەنزیر و شرۆڤەی هەمەلایەنەی بۆ دەکرا و، ئاماژەیان بەوە دەکرد عێراقی نوێ دەکەینە نموونەیەك بۆ ئەو رۆژهەڵاتە ناوەڕاستە تازەیە.

باوە، شتی تازە لە بیرۆکەی تازە و کەرەستەی تازە و میکانیزمی تازە دێتە بەرهەم، بۆیە پێدەچێت بیرۆکەی ئەمریکا بۆ ئەم چەمکە تازەیە، تازە بووبێت، بەڵام دەرکەوت بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژە تازەیە، ئەمریکا نە کەرەستەی تازەی ئامادەکردبوو، نە ئامادەشی کرد، نە میکانیزمی تازەی فەراهەم کردبوو، نە فەراهەمیشی کرد، بەڵام دوور لە مەزندەی هەمووان و بێ ئەوەی بە باشی خۆی بۆ ئامادە کردبێت، رۆژهەڵاتێکی تازە بە بەراورد بەوەی جاران هاتە ئاراوە، بۆیە نازاندرێت ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە تازەیە، ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بوو کە ئەوان خوازیاری بوون؟ یان ئەوانەی خۆیان وەگەڵ ئەو چەمکە خستبوو هەر ئەوەندەیان لێدەزانی؟ پێچەوانە بوونەوەی ئەم پێشبینییە گەشبینانە لە ماوەی دەیەیەکدا و دەرکەوتنی رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی پڕ ئاژاوە و ناسەقامگیر، هەڵوەستەکردنی جددی دەوێت، ئەوەش نەك هەر تەنها بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا بەڵکو بۆ سەرجەم هێزەکانی ناوچەکە و عێراق و کوردستانیش، ئەم وەرچەرخانە دراماتیکییە پێچەوانەیە، دووبارە خوێندنەوەی دەوێت، هەڵوەستە و پرسیاری دەوێت، لە کوێدا هەڵەکراوە و هەڵەکان چۆن کراون، راشکاوانەتر بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ ئێمەی کورد و کوردستانی کە ئەمجارەیان پشکی شێری شەڕ و رووبەڕووبوونەوەمان بەرکەتووە، دەبێت زیاتر بە خۆماندا بچینەوە و باشتر ئەم واقیعە بخوێنینەوە بەوەی چۆن ئەم قۆناخە سەختە تێدەپەڕێنین و چۆن لەناو ئەم پاشاگەردانی و ئاژاوەیەدا کوردستان سەرفراز دەکەین و ئەم هەلە بۆ بەرژەوەندی ئایندەی نەتەوەکەمان سوود لێوەردەگرین.

راستە بە رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، وەرچەرخانێکی گرنگ لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هاتەدی، لەمەش زیاتر بەوجۆرە سەیری هەوڵەکانی ئەمریکا لە رووخانی رژێمی پێشووی عێراق دەکرا، بەوەی ئەمریکا عێراقی نوێ بە جۆرێك بنیاد دەنێتەوە بەوەی ببێتە نموونەی شێوازێکی سیستمی حوکمڕانی دیموکراتی و لەبەر رۆشنانی شێوازی دیموکراتی عێراقی نوێدا، دەوڵەتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لاسایی بکەنەوە، زەمینەی ئەم وەرچەرخانە دروشمەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و هەروەها هەرێمی کوردستانیش بەردەوامیدان بوو، بە جێگیربوونی دیموکراسی لە عێراق و وەرچەرخان لە دیکتاتۆریەت و شمولیەتەوە بەرەو کرانەوە و دیموکراتی، ئەمەش لەو بیروبۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبوو کە گرفتەکانی عێراق بە دیموکراتی چارەسەر دەبن، مەبەستیش لە چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دیموکراتی ئەوە بوو، دیموکراتی وەك کەلتوور و پراکتیك، نەك تەنها دروشم و هەڵبژاردن، هەر بۆیە بچووککردنەوەی دیموکراتی بۆ هەڵبژاردن و داماڵینی لە کەلتوور و پراکتیك، نەك هەر نەیتوانی کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، بەڵکو کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد و عێراقی بەرەو هەڵدێر برد. سەرەتای ئەم هەڵەیە لە پاشگەزبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی پاش ئەوەی گەیشتنە دەسەڵات، هەر یەکەیان بە شێوەیەك نەك هەر لە پابەندبوون بە دیموکراتی بەڵکو لەو دروشم و بەڵێنانەی دیکەشیان پەشێمان بوونەوە کە پێشتر بەرامبەر بە کوردستان بەگشتی و ئێمەی کورد بەتایبەتی بەرزیان دەکردەوە و خۆیان واپیشاندەدا هاوکار دەبن بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد و کوردستان لە عێراقی نوێدا.

دوای پاشەکشەکردنیان لەو سۆز و پابەندبوونانەی لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئیمزایان لەسەر کردبوو، هەروەها پاشگەزبوونەوە لەو دەستوورەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەیەکی تەوافقی داڕێژرابوو، خۆشیان دەنگیان پێدابوو، کەوتنە فشار دروستکردن لەسەر کوردستان هەرجارەی بە بیانوویەك و پێشێلکردنی دەستوور لەو برگانەی پەیوەندی بە مافەکانی کوردەوە هەیە و، خوێندنەوەی دەستوورەکە بە شێوەی ئینتقائیانە بۆ ئەوەی خۆیان لە پابەندبوونە دەستوورییەکان بدزنەوە، لەمەش خراپتر و مەترسیدارتر، هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە خستەگەڕ یەکریزیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان تێکبدەن، ئەمە وەك سیاسەتێکی کۆنی ئیمپریالیستانە کە پێی دەگوترا (پەرتکە و زاڵ بە)، لەم چوارچێوەیەدا و لەسەر بنەمای پەرتکە و زاڵ بە، هانی هێزە کوردستانییەکانیان دەدا بەرامبەر بە یەك رابوەستن، ئەوان لەسەر حیسابی بەرژەوەندی باڵای کوردستان هەوڵیاندەدا مەرامی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەم هەڵانە و پابەندنەبوون بە سۆز و دروشم و بەندەکانی دەستوور، وایکرد ئەو رۆژهەڵاتە ناوەڕاستە تازەیە دروست بێت کە تیرۆریستانی داعش لە موسڵەوە خەلافەتی ئیسلامییان تێدا راگەیاند.

**با ئەوەی لەم جەلالەت و سەماحەت و ئاغا و مستەرەی قبووڵ دەکەین، خۆمان لە خۆمانی قبووڵ بکەین، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کلیلی کردنەوەی زۆر لە کێشە و گرێکانمانە**

**هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە رووکەش قسەی باش بۆ یەکتری دەکەن و پەرۆشی بۆ یەکریزی دەردەبڕن، بەڵام کە دەکەونە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی، راستە لە رووی فیزیکییەوە زیان لە یەکتری نادەن، بەڵام خۆزگە بۆ زەرەری یەکتری دەخوازن، ئەمە حاڵەتێکی خراپە و نەگبەتی بەسەر میللەتدا دێنێت**



ئەمڕۆ ئەو ڕۆژهەڵاتە ناوەڕاستە تازەیەی، دوای بەهاری عەرەبی و کرانەوەی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد و بوونی دانوستاندن لە نێوان حکومەتی تورکیا و بزووتنەوەی کوردی لەو وڵاتە، لەملاشەوە شتێکی تازە لەم ڕۆژهەڵاتی تازەیە دروست بووە کە بەخۆی دەڵێت دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و، ئەم دەوڵەتە تیروریستییە کە هێندەی دوو دەوڵەت چەکی لەبەردەستە و دروشمەکانی بۆ ئەوەیە لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا دووبارە خەلافەت بگێڕێتەوە، بەڵام تا ئێستا لە ڕووی مەیدانییەوە ناوچەکانی عەرەبی سوننەی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیان کردووە بە ئامانج و زۆر دڕندانە بەرامبەر کورد و کوردانی ئێزیدی و شەبەك و کریستیان و تورکمان کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی ئەنجامدەدەن. هەر بۆیە ئێستا ئێمە وەك کورد لە ناو هاوکێشەیەکی هێجگار ئاڵۆز و پڕ تەحەددی هەنگاو بۆ ئایندە هەڵدەگرین، ڕاستە لە بەرەکانی شەڕ هاوکێشەکە وەرچەرخاوە بۆ بەرژەوەندی کوردستان، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە پێویستە جارێکی دیکە بە خۆماندا بچینەوەو وردتر بارودۆخەکە بخوێنینەوە.

لێرەوە لە خوێندنەوەی دەوروبەرمان دێینە دەرێ، پێویستمان بەوەیە لەسەر ئاستی سیاسیی ناوخۆی کوردستان ڕاشکاوانە قسە بکەین، لەبەر ئەوەی لە هەموو ئەو پیلان و تەحەددییانەی وەك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، هەڕەشە و مەترسیی تیرۆریستانی داعشە کە ناچارمان دەکات بەوەی لە هەر کاتێك زیاتر ( بە وردی، بە زیرەکانە، بە دڵسۆزانە ) هاوکێشەکە بخوێنینەوە و هەست بکەین چۆن لەم ڕووبارە شڵەقاوەدا مەلە دەکەین، دەبێت زیرەکانە سەیری مەلەکردن لەم دەریا شڵەژاوەدا بکەین، چونکە ئەم دەریایە تەنها پێویستی بە مەلەکردن نییە، بەڵکو پێویستی بە هونەری مەلەکردنی هەر لایەك و هونەری مەلەکردنی هەموومان پێکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی مەترسی ئەم دەریا شڵەژاوە بۆ لایەك نییە و ئەوی دیکەی لێ دەرباز بێت، بەڵکو دیسان دووبارەی دەکەمەوە گەر زۆر بە (زیرەکانە و دڵسۆزانە و وردبینانە) هەوڵەکان یەکنەخەین، ئەوا کە نقووم بووین، هەموومان پێکەوە نقووم دەبین و هەر پێکیشەوە دەگەینە کەناری ئارام، پشت بەخوا گەشبینی بەرەو کەناری ئارام زۆر زیاترە. بۆیە لەم بارودۆخە گرنگە بزانین:

● پێشتر باسی هەڕەشەکان و شێوە و مامەڵەی دەوروبەرمانم کرد، تا دەگاتە دروستبوون و سەرهەڵدانی داعش، بەڵام کە دەگەینە داعش دەبێت هەڵوەستەی زیاتر بکەین و پێویستە هەوڵبدەین پێناسەی داعش بکەین، نەك تەنها داعش چییە؟ بەڵکو دەبێت بپرسین: داعش کێیە؟ لە چ ژینگە و دایك و باوکێك بەرهەمهاتووە؟ ئەم دایك و باوکەی داعشی بەرهەم هێناوە چییان لە مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەوێت؟

● بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە و بۆ ئەوەی ئەو زەمینەی هاتۆتە پێشەوە و بیکەینە هەلێك و وڵاتی خۆمانی تێدا دروست بکەین و دەوڵەت دابمەزرێنین، تەنها ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و خەونەکانیان، یەکڕیزی هەموو

**تەنها ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و خەونەکانیان، یەکڕیزی هەموو پێکهاتە کوردستانییەکانە بەگشتی و یەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکانە بەتایبەتی**

پێکهاتە کوردستانییەکانە بەگشتی و یەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکانە بەتایبەتی، ئەمەش دەرگا دەکاتەوە بۆ خوێندنەوەی خۆمان، راستە ئێستا جۆرێك لەم یەکڕیزییە لە کوردستانە خۆشەویستەکەمان دەبیندرێت، بەڵام ئەو یەکڕیزییە نییە کە میللەت چاوەڕێی دەکات، ئەو یەکڕیزییە نییە کە بەرگەی ئەو شەڕە بگرێت کە هاتۆتە بەردەمی ماڵمان و یەخەی پێگرتووین، کە من ئومێد دەخوازم ئەو شەڕە زوو کۆتایی بێت و درێژخایەن نەبێت.

● سەرباری ئەو هەڕەشە و شەڕەی ئێستا کوردستان رووبەڕووی بۆتەوە، لەم بارودۆخەدا قەیرانی سووتەمەنی و دارایی یەخەی حکومەت و میللەتی کوردستانی گرتووە، ئەمەش فشارێکی دیکەی دروستکردووە.

● ئەوەی لەم بارودۆخەدا گرنگە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگرین، دووبارە پێناسەکردنەوە و لەیەکتری جیاکردنەوەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتییە، بەداخەوە من دەبینم هەندێك جار لە بری ئەم دوو چەمکە لێك جیابکرێتەوە، لە هەندێ حاڵەتدا زۆر خراپ تێکەڵ دەکرێن، هەر بۆ نموونە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە رووکەش قسەی باش بۆ یەکتری دەکەن و پەرۆشی بۆ یەکڕیزی دەردەبڕن، بەڵام کە دەکەونە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی، راستە لە رووی فیزیکییەوە زیان لە یەکتری نادەن، بەڵام خۆزگە بۆ زەرەری یەکتری دەخوازن، ئەمە حاڵەتێکی خراپە و نەگبەتی بەسەر میللەتدا دێنێت، ئێمە بە یەکگرتوویی و نییەتپاکی لە هەڕەشە و مەترسییەکان دەترسین، ئەگەر خوانەخواستە ئەم نییەتە خراپەی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بنبڕ نەکەین، دەبێت چاوەڕێی چی بکەین؟

● خاڵێکی دیکە کە من پێی دەڵێم مانەوەی ئاسەواری سەردەمی ئۆپۆزسیۆن و حزبی حوکمڕان لە کوردستاندا، ئەم حاڵەتە کە لە کوردستان لەماوەی چەند ساڵی رابردوو لە نێوان حزبەکانی حوکمڕان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن هەبوو، نیشانەیەکی تەندروست و پێگەیشتووی ئەقڵیەتی دیموکراتی بووە لە کوردستان، بۆیە پاش هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٣ و پاشان بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بارودۆخێك هاتە پێشەوە بیر لە حکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانی بکرێتەوە، فەلسەفەی ئەم حکومەتە لەسەر ئەو بنەمایە سەرچاوەی گرتبوو بەرەو قۆناخێکی سەخت دەڕۆین و چوارساڵی داهاتووی کوردستان پێویستی بە کۆکردنەوەی هەموو تواناکان هەیە، لەبەر ئەوەی رووبەڕووی تەحددی گەورەی سیاسی و ئابووری دەبینەوە و پێویستە هەموومان پێکەوە رووبەڕووی ببینەوە، ئەمە بەو مانایە نییە حزبە سیاسییەکان پڕۆژەی حکومەتی بنکەفراوان وەك تاکتیك سەیر بکەن، واتە هەم لەلایەك بەشدار بێت و هەم لەلایەکی دیکە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێت.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە هەوڵێکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بکەم کە کاندیدی پارتی بوو بۆ سەرۆکایەتی کابینەی هەشتەم، پێش ئەوەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دەست پێبکەن، لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیستی پارتی کۆبووەوە و لۆژیکی حکومەتی بنکەفراوانی بۆ باسکردن و رۆڵی پەرلەمانتارانی لە چاودێری حکومەت پێ راگەیاندن و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەبێت پەرلەمانتارانی پارتی لە هەمووان زیاتر چاودێر بن بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، ئەمەش واتە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت ئەرکی پەرلەمانە، بەڵام گرنگە ئەم چاودێرییە بۆ بەرژەوەندی باڵا بێت، نەك بەرژەوەندی حزبی، لەم رووەوە هەست دەکرێت پەرلەمان وەك یەکێك لە سێ دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان چالاك بووە و ئومێد دەکرێت چالاکی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بۆ بەرژەوەندی باڵا بێت، ئەگەر یەك دوو جار چالاکی پەرلەمانی کرابێت بە ململانێی حزبی، گرنگە کۆتایی پێبێت.

● بە لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندی باڵای نیشتمانی و ئایندەی ئەم نەتەوەیە و سەیرکردنی هەڕەشە و مەترسییەکان بە شێوەیەکی واقیعیانە، وادەخوازێت پێکهاتەی سیاسی لە کوردستان بە شێوەی بیرکردنەوە و کارکردنی خۆیاندا بچنەوە، گرنگە لە ئێستا حزبە سیاسییەکان ناکۆکییە لاوەکیەکانیان بخەنە لاوە و هەموومان پێکەوە لە بەرامبەر هەڕەشە و مەترسییەکان یەك هەڵوێست بین، دەبێت لەسەر ئەم پرسە هاوبەشانە بگەینە بیرکردنەوەیەکی هاوبەش.

● لە ئێستادا هەموومان بەرامبەر بە میللەت و وڵاتەکەمان بەرپرسیارین، ئەرکی سەرشانمانە بە شێوەیەك پێکەوە کارەکانمان بکەین بۆ بەهێزکردنی پێگەی پشتگیری گەلەکەمان و هاندان و دڵخۆشکردنیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەم خۆڕاگرییەی بەرامبەر بە دوژمنان و ناحەزان ئەنجامیانداوە، هەروەها دەبێت هەموو لایەکمان هاوکاری سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بین.

● باپێکەوە و بە یەك ستراتیژ خەمخۆری کوردستانی باشوور بین و بە یەك ستراتیژ پشتیوانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بین و رێز لە تایبەتمەندیی و قوربانی یەکتری بگرین.

● خاڵێکی زۆر گرنگ کە ناچارم بە داوای لێبوردنەوە دەست بخەمە سەری و دەڵێم: با ئەوەی لەم جەلالەت و سەماحەت و ئاغا و مستەرەی قبووڵ دەکەین، خۆمان لە خۆمانی قبووڵ بکەین، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کلیلی کردنەوەی زۆر لە کێشە و گرێکانمانە.

---

*** سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کودستان**

**ئەوەی لەم بارودۆخەدا گرنگە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگرین، دووبارە پێناسەکردنەوە و لەیەکتری جیاکردنەوەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتییە**

**پابەندنەبوون بە سۆز و دروشم و بەندەکانی دەستوور، وایکرد ئەو رۆژهەڵاتە ناوەراستە تازەیە دروست بێت کە تیرۆریستانی داعش لە موسڵەوە خەلافەتی ئیسلامییان تێدا راگەیاند**

**بچووککردنەوەی دیموکراتی بۆ هەڵبژاردن و داماڵینی لە کەلتوور و پراکتیک، نەک هەر نەیتوانی کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، بەڵکو کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد و عێراقی بەرەو هەڵدێر برد**

# دەوڵەتی پێشمەرگە

## مۆدێلێکی تازە بۆ پێناسەکردنەوەی دەوڵەتی مۆدێرن لە جیهاندا





### لاوازی دەوڵەت
### کێشەیەکی مەحاڵ بۆ جیهانی هاوچەرخ

ساڵی ٢٠١٤ ساڵی وەرچەرخان بوو، چەمکی دەوڵەت و کۆتایی هاتنی سیستمی جیهانی پۆست شەڕی سارد بوو، لەم ساڵەدا رووسیا کرێمای لکاند بە رووسیاوە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانی ئەوەی بە سەدام حوسێنی کرد لە ساڵی ١٩٩٠، دوای لکاندنی کوێت بە عێراقەوە، نەیتوانی ئەوە بە فلادیمێر پوتین بکات، هەروەها لەساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش توانییان دوای داگیرکردنی موسڵ لە حوزەیرانی ساڵی رابردوو، خەلافەتی ئیسلامی عێراق و سوریا رابگەیەنن، بەڵام دیسان ئەوەی سەرۆك بوش لە ٢٠٠١ بە ئیمارەتی تاڵیبانی لە ئەفغانستان کرد، نەیتوانی لە عێراق و سووریا بە خەلافەتەکەی ئەبوبەکری بەغدادی بکات، لەمەش زیاتر ئەو هێزە نەرمەی ئەمریکاو رۆژئاوا شانازییان پێوە دەکردو بەکەلتووری لیبراڵ دیموکراتی و ئازادی سەرنجی جیهانی رادەکێشا، ئەوا ئەم هێزە نەرمە لەساڵی ٢٠١٤ بووە باشترین ژینگە بۆ سەرنجڕاکێشانی جیهان بەرامبەر تیرۆریستان بەگشتی و تیرۆریستانی داعش بەگشتی، لەمەش سەیرتر، دەستەوەستانی و بێ توانایی هاوپەیمانی ناتۆ لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانە، بەتایبەتی کێشەی رووسیاو چین و کۆریای باکوور لەلایەك، کە ئەمانە چەند دەوڵەتێکی سەنتراڵی بەهێزن و هەروەها کۆمەڵێك دەوڵەت لە پاکستانەوە تا نەیجیریا، کە ئەمانەش ئەو دەوڵەتە لاواز و فاشیلانەن کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی تیرۆریستانی داعش وەك وەحش دەربکەون و دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە نەتوانن لەبەردەمیدا خۆیان بگرن. کەواتە ئەم ئاراستەیە پێناسەی جۆرەکانی دەوڵەت لە جیهانی ئەمرۆدا بەم شێوانە دەکاتەوە:

١. دەوڵەتی سەنتراڵی بەهێز هاوشێوەی رووسیا، چین، کۆریای باکوور، ئەم شێوازەی دەوڵەت هەریەکەیان بە شێوازێك، دووبارە کردنەوەی مۆدێلی ئەو دەوڵەتانەیە کە فەرمانڕەواکانیان دەوڵەتەکە بە موڵکی خۆیان دەزانن (New Patrimonial State)، ئەمەش واتە ئێستا لە رووسیا فلادیمیر پۆتین وەك سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی هەموو شتێك هی خۆیەتی، هەروەها لە کۆریای باکوور و چینیش، پارتی کۆمونیستی کۆریاو چین خۆیان بە خاوەنی دەوڵەتەکە دەزانن، ئەم شێوە تازەیەی پەتریمۆنیاڵ ستەیەت، جیاوازی لەگەڵ شێوازە تەقلیدیەکەی ئەوەیە لە تەقلیدیەکەدا یەك کەس و بژاردەی حکومڕان خۆیان بە خاوەنی دەوڵەتەکە دەزانن، لەمەی دووەمیاندا حزبێکی سیاسی یان وەك رووسیا هەڵبژاردنیش دەکرێت و دامەزراوەی سیاسیش بوونی هەیە، بەڵام یەك کەس



خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بەهێز نییە، ئەوەی داعشی بەهێزکردووەو داعشی بەو هێزە گەورەیە پیشاندەدا، لاوازیی ئەو دەوڵەتانەیە کە ناتوانن ئاسایش و سەقامگیری لەسنوورەکانی خۆیاندا دابین بکەن، ئەم دەوڵەتانەش لە پاکستانەوە دەست پێدەکات بۆ ئەفغانستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا دەگاتەسەبسەحراو نەیجیریا، هەر بۆیە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیرلەوە بکاتەوە ئەو دەوڵەتانە وەرچەرخێن بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ دەوڵەتێک بتوانیت ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆ دابین بکات و تیرۆریستان تێکبشکێنێت.

فرانسیس فۆکۆیاما
٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

بە کردیی خاوەنیەتی و شەرعیەتیشی لە هەڵبژاردنەوە پێ دەدرێت. بۆیە ئەم جۆرە دەوڵەتانە لەگەڵ ئەوەی دەبنە دەوڵەتێکی میلیتاری تۆتالیتاری لە هەمانکاتدا هەڕەشە لەسەر گەلەکەی و جیهانیش دروست دەکات.

٢. دەوڵەتی لاواز و فاشیل، وەك شێوەی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و سەب سەحرا و نەیجیریا و پاکستان و ئەفغانستان، پێشتر تەنیا دەوڵەتی لاواز و فاشیل بە مەترسی بۆ سەر سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد لە قەڵەم دەدران، بەڵام شەڕی ئەفغانستان و عێراق و پاش هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بونیادنانەوەی ئەو دوو دەوڵەتە دەریخست، هیچ کاتێك ئەو ناوچەیە لە کێشەی دەوڵەتی لاواز و فاشیل رزگاری نابێت، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی نهێنی کۆدی پەرەپێدانی دامەزراوە سیاسیەکان لەو وڵاتانە نەدۆزێتەوە، فۆکۆیاما پەرەپێدانی دامەزراوەی سیاسی بە پەرەپێدانی بایەلۆژی بەراورد دەکات و دەڵێت، ئەوەی پەرەپێدانی بایەلۆژی لە یەکگرتنی سپێرم و هێلکە دابەشکردنی خانەکان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤ و ئەم گەشەیە بەردەوام بێت تا مرۆڤەکە دەگاتە ئاستی کامڵبوون، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆدە جینیەی (genetic code) کە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەگوازێتەوە بۆ ناو ئەو پەرەپێدانە و بەرەو ئاراستەی مرۆڤبوونی دەبات، ئەگەر لەم بەراوردکارییەی فۆکۆیاما سەیری خەرجی هەردوو شەڕەکە و پرۆسەی بودنیادنانەوەی ئەفغانستان و عێراق بکەین، ئەوا ئامارە رەسمیەکانی ئەمریکا باسی تێچووی ٥-٦ ترلیۆن دۆلار دەکەن، ئەمە بۆ تەواوی دەوڵەتانی دیکەش راستە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە هەتا راپەرینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە کۆتایی ٢٠١٠، لە هەریەکێك لەو دەوڵەتانە هێندەی عێراق و ئەفغانستان پارەی سەرف کردووە، بەڵام ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئەمرۆ دەیبینین و کۆتاییان بەسیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد هێنا.

٣. جۆری سێیەمی دەوڵەت، نموونەی دەوڵەتانی دیموکراتی رۆژئاواو ئەمریکایە، کە هەموو بیرمەندان و سیاسەتمەداران، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و شکستی بەرەی کۆمونیستی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە مۆدێلی سیستمی حکومڕانی لیبراڵ دیموکراتی باشترین سیستمە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام لە ئێستادا، ئەم سیستمە خۆی لەبەردەم هەڕەشە و تەحەددایەکی گەورە بینیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی هێزی سەربازی، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، هەموو زانستەکانی مرۆڤایەتی و داهێنان، لەوپەڕی پێشکەوتندایە، بەڵام نە دەتوانێت بە سوپا پێشکەوتووەکەی بەربەرچی هێرشەکان و مەترسیەکان بداتەوە، نە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو داهێنانەکانی لەبواری هەموو زانستەکان، کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆی چارەسەر بکات، لەمەش زیاتر ئەگەر کێشەی دەوڵەتە لاوازو فاشیلەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئاسیا، چۆکدادان بێت لەبەردەم تیرۆریستاندا، ئەوا مەترسی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی، چۆکدادانە لەبەردەم سوپا نەبینراوەکەی توندڕەوی لە ناوکۆمەڵگاکانیان و هەروەها چۆکدادانیانە لەبەردەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە رۆژ لەدوای رۆژ چینی ناوەند دەپوکێنێتەوەو سیستمی حکومڕانی لیبراڵ دیموکراتی بەرەو پۆپۆلیستی راسترەو هەنگاو پێ هەڵدەگرێت، ئەمەش بەرەو مەترسی پێکدادانی زیاتری شارستانیەتەکانمان دەبن.

کەواتە لەم راستەدا، جیهان لەبەردەم ئەم شێوازە تەقلیدیانەی دەوڵەت راوەستاوەو هیچ کام لەم شێوازە ناتوانێت وەڵامی تەحەددییەکانی سەردەم بداتەوە، بەتایبەتیش لە ئێستادا کە دەوڵەتی لیبراڵ دیموکراتی و دەوڵەتی لاوازی فاشیل زیاتر تەحەددییەکانیان رووبەڕوویان دەبێتەوەو زیاتر کاریگەرییان لەسەری هەیە، بۆیە ترسی ئەوە هەیە، دەوڵەتانی دیکەی پیشەسازی وەك دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا پەنا بۆ دووبارەکردنەوەی مۆدێلی دەوڵەتی چینی بەرن، ئەمەش واتە دەوڵەتێکی میلیتاریی و تۆتالیتاریی بەهێز. لەبەرامبەر ئەم پرسە ئاڵۆزەدا، ئێستا بیرمەندانی فەلسەفەی سیاسی و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئەو پرسیارە دەوروژێنن، ئەگەر هەردوو شێوازی دەوڵەتی فاشیل و میلیتاری تۆتالیتاری سەرچاوەی کێشەی گەورەتر بن بۆ مرۆڤایەتی و لە هەمانکاتیشدا دەوڵەتی لیبراڵ دیموکراتی وەڵامی پێویستی بۆ کێشەکانی سەدەی بیست و یەکەم پێ نەبێت، ئایا دەبێت بەدوای بەدیلی لیبراڵ دیموکراتی بگەڕێن، یان هەوڵبدەین پرۆسەی وەرچەرخان لەسیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەست پێبکەین و دەوڵەتی مۆدێرن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کێشانە دابمەزرێنین؟ فۆکایاما سەبارەت بە پرۆسەی وەرچەرخانی شێوازی ئەم دەوڵەتانەی ئێستا بۆ شێوازی دەوڵەتێکی هاوچەرخ کە وەڵامدەرەوەی تەحەددییەکانی سەدەی بیست و یەکەم بێت، وای دەبینێت، ئەم پرۆسەیە زۆر قورسترە لە پرۆسەی وەرچەرخانی سیستمی حکومڕانی لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی، ئەمەش لەبەر ئەوەی دیموکراتی و یاساکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی خۆیان بوونە هۆکاری بەشێك لە کێشەکان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گرنگە پرسیاری تازە بوروژێت و وەڵامی تازە بەرهەم بهێنرێتەوە، دەبێت بپرسین بۆچی

**سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە ئەم شەڕەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە لە شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننەوە گۆڕی بۆ شەڕی نێوان تیرۆریستان و بەرەی ئازادیخوازان**

**هەتا ئێستا دەوڵەتانی جیهان لە چوارچێوەی سیستەمە کۆنەکەی دوای شەڕی سارد لە میدیاکانەوە قسە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەمری واقیعی پرۆسەی سەرکەوتن لە شەڕی دژە تیرۆردا گۆڕانی دراماتیکی لە پەلەکردن بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دروست دەکات**




**ئەگەر ئیرادەی هێزی پێشمەرگە نەبوایە کە لووتی داعشی شکاند، ئەوا سەرکەوتنە یەک لەدوا یەکەکانی داعش دەبووە هۆکاری ئەوەی ئێستا وڵاتێک نەمابێت کە ناوی عێراق بێت، هەڵوێستی دڵەڕاوکێی هەندێک دەوڵەتی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش وەک ئێستا گۆڕانی بەسەردا نەدەهات**

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو داهێنانەکان، نەبوونە هۆکاری پتەوبوونی هێزی دامەزراوە سیاسیەکان ، خەریکە دەبنە هۆکاری لەبەریەکهەڵوەشانی دامەزراوە سیاسیەکان؟ دەبێت بپرسین بۆچی گەشەی ئابووری وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی نەرێنیی دروست دەکات و لە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بەرپرسیاریەتی و شەفافیەت بەرهەم نایەت، بۆچی هەڵبژاردن بەرێك و پێکی ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەرپرسیاریەتی دیموکراتی بەرهەم نایەت؟ ریچارد هاس سەرۆکی ستافی پلاندانەری سیاسەت لەسەردەمی ئیدارەی کیلنتۆن و سەرۆکی ئێستای ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە، لە تازەترین توێژینەوەیدا سەبارەت بە پاشاگەردانی جیهان و کۆتایی هاتنی سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد، لەگەڵ ئەوەی ئەم پاشاگەردانیەی جیهانیی بە سەر چەند بەشێکدا دابەشکردووە و شێوازی پاشاگەردانیەکانی لێك جیاکردۆتەوە، بەڵام بەشی گەورەی کێکی ئەم پاشا گەردانیەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوە، تەنانەت هەر ریچارد هاس لە کتێبی (سیاسەتی دەرەوە لە ناوخۆوە دەست پێدەکات) بەجۆرێك باسی شڵەژاوی حکومەتی ئەمریکا دەکات و دەڵێت: ئەو پارەیەی حکومەتی ئەمریکا بۆ چاودێری تەندروستی تەرخانی کردووە زۆر زیاترە لەو خزمەتگوزارییەی کە حکومەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکات، ئەم قسەیەی هاس، بۆ سیاسەتی بەرگری و سیاسەتی ناوخۆ و تێکڕای سیاسەتەکانی دیکەی ئەمریکا راستە، ئەم ئاماژە ڕاستانە ئەگەر ئاماژەش نەبن بۆ دیاردەی گەندەڵی، راشکاوانە ئاماژەیە بۆ کارنەکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی ئەمریکا وەك ئەوەی چاوەڕێی لێدەکرێت وەك پێویست هەڵبسوڕێن، ئەم واقیعەی ئەمریکا بۆ تەواوی دەوڵەتانی دیکەی لیبراڵ دیموکراتی و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا راستە، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم حاڵەتەی کە دامەزراوەکانی لیبراڵ دیموکراتی تێی کەوتووە، فرانسیس فۆکۆیاما دەپرسێت: ئەگەر هاووڵاتیەکی ئەمریکی بیەوێت دەوڵەمەند بێت کوێ هەڵدەبژێرێت بۆ کارکردن، لەبەرامبەردا ئەگەر هاووڵاتیەکی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بیەوێت دەوڵەمەند بێت روو دەکاتە کوێ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا فۆکۆیاما دەڵێت هاووڵاتیەکی ئەمریکی بیەوێت دەوڵەمەند بێت روودەکاتە کەرتی تایبەت، بەڵام هاووڵاتیەکی وڵاتانی



تازە پێگەیشتوو روو دەکاتە سیاسەت بۆ ئەوەی لە حکومەتدا پۆستێك وەربگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو حکومەت سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونە، نەك کەرتی تایبەت. ئەوجا خۆ نەبێ ئەم کەرتی تایبەتە بەهێزەی ئەمریکا، نیشانە بێت بۆ چالاکی و بەهێزی حکومەتی ئەمریکا، بەپێچەوانە بۆتە هۆکاری دروستبوونی ناهاوسەنگی، لەبەر ئەوەی وەك تۆماس فریدمان دەڵێت ئەگەر رێگەت بکەوێتە کۆنگرێس یان کۆشکی سپی بتەوێت لەگەڵ کونگرێسمانێك یان بەرپرسێکی حکومەت قسە بکەیت و ناچاری بکەیت سەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەی هەڵبگرێت، ئەوا کاتێك سەیری شاشەی کۆمپیوتەرەکەی دەکەی لەگەڵ کۆمپانیاکان و سلیکۆن ڤالی سەر قاڵە، نەك بە کارە گشتیەکانی خۆی.

ئەم پێشەکیە لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە کرۆکی باسە دووری خستینەوە، بەڵام گرنگ هەڵوەستەیە لەسەر ئەو تەحەددیانە بکەین کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئێستادا رووبەرووی دەوڵەت بۆتەوە لە جیهاندا، بۆیە لەناو ئەم کێشمەکێش و تەحەددیانەی رووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، هەندێك لە بیرمەندان لەپرۆسەی وەرچەرخانی دەوڵەت بەرەو دەوڵەتی هاوچەرخ، دەیانەوێت دووبارە پێناسەکەی ماکس ڤیبەر بۆ دەوڵەت لەسەر دەوڵەتی هاوچەرخ پێناسە بکەنەوە، بەوەی پێویستە ئەو دەوڵەتە چ مۆدێلێکی دەوڵەت بێت کە بتوانێت مۆنۆپۆلی هێز بکات و شەرعیەتی بەکارهێنانی تەواوی ئەو هێزەی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەناو سنووری جوگرافیای خۆیدا، ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات و سنوورەکانی خۆی بپارێزێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا گۆڤاری فۆرین ئەفیرز دەڵێت: ئەو دەوڵەتە کوردستانە کە هێشتا دانەمەزراوە، ئەو هێزەی بتوانێت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو تیرۆریستان تێکبشکێنێت پێشمەرگەیە، ئەو سەرۆکەی بتوانێت هەموو ئایین و نەتەوەکان پێکەوە کۆبکاتەوە مسعود بارزانی یە.

**پێشمەرگە دەوڵەتی کوردستان رادەگەیەنێت**

بیرمەندی گەورەی فەڕەنسی رێجیس دوبریە لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا کە لە ژمارەی ٩٩٦ی رۆژی ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ بڵاومان کردۆتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵان سەبارەت بە

**کاتێک دوبریە ئاماژە بە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان ناکات و راشکاوانە داوا دەکات فەڕەنسا فڕۆکەکانی بداتە کوردستان، ئەمە مانای ئەوەیە جیهان لە پێشوازیکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دواکەتووە**

هاوکاری هێزی ئاسمانی فەرەنسا بۆ پێشمەرگە دەڵێت: «لە بری ئەوەی فەڕەنسا بە فڕۆکە و فڕۆکەوانی خۆی لە ئاسمانەوە هاوکاری پێشمەرگە بکات، باشترە فڕۆکەکانی بداتە کوردستان و مەشق بە پێشمەرگە بکات، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بکاتە فڕۆکەوان و خۆیان بەکاری بهێنن، نەك ئێمە». ئەم قسە بەرزەی دۆبریەی هاوڕێی گیڤارا کە ئەزموونی ٥٠ ساڵ خەباتی پارتیزانی و شۆڕشگێڕانەی هەیە، نیشانەی تێگەیشتنە لە قووڵایی ئیرادەی پێشمەرگە، بەوەی تەنها پێشمەرگە دەتوانێت چەکەکان وەك خۆی بەکار بهێنێت و، دەبێت ئەم هێزەش سوپای دەوڵەتێك بێت کە ناوی کوردستانە. ئەم تێگەیشتنەی ئەم بیرمەندە لەوەی چۆن هاوپەیمانان لە شەڕی دژە تیرۆردا سەرکەتوو دەبن، گرێدراوەتەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانەوە، چونکە ئەو بیرمەندە دەزانێت چۆن قسە دەکات کاتێك داوا دەکات فەڕەنسا وەك ئەندامێکی هەمیشەی ئەنجوومەنی ئاسایش فڕۆکەی جەنگی بداتە کوردستان و خۆیشی مەشق بە پێشمەرگە بکات و بیانکاتە فڕۆکەوان، ئاشکرایە ئەم هەنگاوەی دوبریە باسی دەکات، دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەست پێدەکات، بۆیە کاتێك دوبریە ئاماژە بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان ناکات و ڕاشکاوانە داوا دەکات فەڕەنسا فڕۆکەکانی بداتە کوردستان، ئەمە مانای ئەوەیە جیهان لە پێشوازیکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دواکەتووە.

ئەم هەستپێکردنەی بیرمەندان بە پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، لەو سەرنجە قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەبینن پێشمەرگە بە چەکی سووکی سالانی حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردووەوە توانی لە بەردەم تیرۆریستانی داعش ڕابوەستێت و تێکیان بشکێنێت، بەڵام لە بەرامبەردا لە پاکستان تا نەیجیریا هیچ هێزێکی دەوڵەتی نەیتوانیوە بە چەکی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك بەرامبەر بە تیرۆریستان ڕابوەستێت، نموونەی زۆر نزیکش لە شەڕی ئەم جارەدا خۆ بەدەستەوەدانی ٦ فیرقەی سەبازی عێراقی بوو، کە بەهای ٢٥ ملیار دۆلار چەکی مۆدێرنی لەبن دەست بوو، بەڵام پێشمەرگە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی چەکی مامناوەندیی سەدەی ڕابردوو کە ئەڵمانیا و فەڕەنسا بۆ پێشمەرگەیان ناردووە، هێشتا چەکی تەقلیدی تازەشی بەدەست نەگەیشتووە، هەروەها هەتا ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو قەیرانە داراییەی کە حکومەتی عێراق بۆی دروستکردووە، توانای ئەوەی نییە کە مووچەی پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا بدات، کە مووچەیەکی زۆر کەمە و دەتوانین بڵێین بە بەراورد بە مووچەی سەربازانی دەوڵەتانی هاوپەیمانان پێشمەرگە مووچەی نییە. ئەگەر ئیرادەی هێزی پێشمەرگەش نەبوایە کە لووتی داعشی شکاند، ئەوا سەرکەوتنە یەك لەدوا یەکەکانی داعش دەبووە هۆکاری ئەوەی ئێستا وڵاتێك نەمابێت کە ناوی عێراق بێت، هەڵوێستی دڵەڕاوکێی هەندێك دەوڵەتی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش وەك ئێستا گۆڕانی بەسەردا نەدەهات.

بۆیە لەم حاڵەتەدا لە پێناوی ئەوەی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە بەردەم تیرۆریستاندا شکۆیان نەشکێت، تەنها یەك ڕێگەیان لەبەردەمدا دەمێنێت، ئەویش قەناعەت هێنانە بەوەی دەوڵەتی کوردستان وەك پێویستییەك بۆ سەرخستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەبێت دروست بکرێت.

سەرۆك ئۆباما لە شەڕی کۆبانێ گەیشتە قەناعەتێك کە جێگەی ڕێزلێگرتنە، ئەو قەناعەتەش ئەوە بوو، ئەگەر هەر ٦٠ دەوڵەتە هاوپەیمانەکەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش پێکەوە ببنە هاوکاری شەڕڤانان لە ڕۆژئاوا، ناتوانن ئاراستەی شەڕەکە پێچەوانە بکەنەوە، ئەو شەڕە تەنها بە پێشمەرگە ئاراستەکەی پێچەوانە دەکرێتەوە، دیارە نکۆڵی لەو قارەمانانە ناکرێت کە توانییان شەڕی داعش بکەن و ڕێگەیان نەدا کۆبانێ بکەوێتە دەستی داعش، مقاوەمەتی کۆبانێ جیهانی سەرسامکرد، بەڵام بە چوونی ١٥٠ پێشمەرگە و هەندێك چەکی پشتیوانی ئاراستەی شەڕەکە گۆڕا، کە پێشمەرگە چووە کۆبانێ تەنها ٣٠٪ی ئەو شارە بەدەستی پێشمەرگە و شەڕڤانان بوو، بەڵام پێش ئەوەی وەجبەی سێهەمی پێشمەرگە بنێردرێتە کۆبانێ، سوپاس بۆ خوا لەناو کۆبانێوە ڕاگەیەندرا، ٩٥٪ی شارەکە ئێستا بەدەستی هێزە کوردییەکانەوەیە. دیارە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، نەکەوتنی کۆبانێی لەم شەڕەدا وەك شکۆی هاوپەیمانی سەیری کردووە، بۆیە کە پێشمەرگە توانی ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەوە بکاتەوە، لەدیوی باشووریشەوە چیای شنگال و بەشێکی گەورەی شاری شنگالیشی ئازاد کرد، هاوپەیمانان ئێستا لە بیرکردنەوەی ئەوەدان چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنەکانی دژی داعش بکرێت، چۆن بەردەوامییان هەبێت؟ بێگومان لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا دەوڵەتانی جیهان لە چوارچێوەی سیستەمە کۆنەکەی دوای شەڕی سارد لە میدیاکانەوە قسە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەمری واقیعی پرۆسەی سەرکەوتن لە شەڕی دژە تیرۆردا گۆڕانی دراماتیکی لە پەلەکردن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دروست دەکات.

**فۆکایاما سەبارەت بە پرۆسەی وەرچەرخانی شێوازی ئەم دەوڵەتانەی ئێستا بۆ شێوازی دەوڵەتێکی هاوچەرخ کە وەڵامدەرەوەی تەحەددییەکانی سەدەی بیست و یەکەم بێت، وای دەبینێت، ئەم پرۆسەیە زۆر قورسترە لە پرۆسەی وەرچەرخانی سیستمی حکومڕانی لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی، ئەمەش لەبەر ئەوەی دیموکراتی و یاساکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی خۆیان بوونە هۆکاری بەشێک لە کێشەکان**



**● سیستمی جیهانی سەدەی بیست و یەك لەگەڵ لەدایكبوونی دەوڵەتی كوردستان دەست پێدەكات**

یەكێك لەو مەترسییانەی لە سەرەتای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامییەوە بووە مەترسی و پێشبینی بیرمەندان، ئەوە بوو ئەم شەڕە سەر بكێشێت بۆ شەڕێكی ٣٠ ساڵەی ئایینی، هاوشێوەی شەڕی ئایینی سەدەكانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، مەترسی لەمە زیاتر ئەوە بوو ئەم شەڕە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە و لە ڕۆژئاواش تارمایی هێزێكی نەبیندراو بەگژیاندا بچێتەوە، بیرمەندانی ڕۆژئاوا هەموویان بەبێ جیاوازی گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی گەلانی سوننە مەزهەبی جیهانی ئیسلامی بە خۆشی بیت، یان بە ناچاری سەرەنجام بە حوكمڕانیی داعش ڕازی دەبن، هەرچی شوێنكەوتووانی مەزهەبی شیعەشە بەو حیسابەی شیعە لەناو جیهانی ئیسلامی كەمینەیە و ١٠٪ زیاتر نابێت، بۆیە بۆچوونیان ئەوە بوو، شیعە تەنها دەتوانێت شەڕی بەرگری لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بكات و داعشیش كە گەلانی سوننە مەزهەبی لەخۆگرت، ئەوا بە ناوی مەزهەبی سوننەوە شەڕ دەكات، مەزهەبی شیعەش لە چاوی ڕۆژئاواوە جێگەی متمانەی ئەو شەڕە نەبوون، لەمەش زیاتر لەوانەیە ئەم شەڕە لەسەر ئەگەر دەستی شیعە كۆتایی بێت، زیاتر قووڵ ببێتەوە و خوێناویتر بێت، بەڵام پێشمەرگە لەسەر چەندین ئاست ئاراستەی ئەم شەڕەی وەرچەرخان، لەلایەك سەركەوتنەكانی هێزی پێشمەرگە ئەم شەڕەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەكە لە شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننەوە گۆڕی بۆ شەڕی نێوان تیرۆریستان و بەرەی ئازادیخوازان، لەسەر ئاستی ناوچەكەش، سەردانی بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی ئێران و سەردانی سەرۆك وەزیرانی توركیا بۆ هەولێر و هەروەها كردنەوەی كونسوڵگەری عەرەبستانی سعودیە لەم كاتەدا لە هەولێر، ئاماژەیەكی دیكەیە بەوەی دەكرێت دەوڵەتانی سوننە و شیعە پێكەوە بۆ لێدانی تیرۆریستان هاوپەیمان بن، لەسەر ئاستی جیهانیش كە تیرۆریستان مەبەستیان بوو ئەم شەڕە بكەنە شەڕی نێوان شارستانیەتی ڕۆژئاوا و شارستانیەتی عەرەبی و ئیسلامی، دیسان پێشمەرگە ئەم هاوكێشەیەشی ڕێكخستەوە، بەوەی دەتواندرێت شارستانیەتی ئیسلامی و عەرەبی و ڕۆژئاوا پێكەوە لە بەرەی دژە تیرۆردا هاوپەیمانی بكەین.

ئەم واقیعەی پێشمەرگە لەسەر ئەرزی واقیع دروستی كردووە، لای جیهان تەنها خەوێك بوو، بەڵام پێشمەرگە هێنایەدی، بۆیە بۆ ئێستا و ئایندەی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و بۆ ئەوەی سیستمێكی جیهانی بێتەئاراوە و وەڵامی تەحەددییەكانی سەدەی بیست و یەكەمی پێبێت، ئەوا دەبێت جیهان دان بەوەدا بنێت كە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان ئەو سیستمە جیهانییە لە دایك نابێت.

**بۆ ئێستا و ئایندەی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و بۆ ئەوەی سیستمێكی جیهانی بێتەئاراوە و وەڵامی تەحەددییەكانی سەدەی بیست و یەكەمی پێبێت، ئەوا دەبێت جیهان دان بەوەدا بنێت كە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان ئەو سیستمە جیهانییە لە دایك نابێت**



# شنگال دوای رزگارکردن پێنج ئەگەر



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی



لە یەك باردا، هەرێمی کوردستان دەتوانێ تاکلایەنە بڕیار بدات، ئەگەر حکومەتەکەی عەبادی لەو ماوەیەی کە رێککەوتنی لەسەر کراوە ئەو ناوچانەی کە داعشیان لێ دەرکراوەو کورد داوایان دەکاتەوە، ماددەکە جێبەجێ نەکات، ئەوا کورد ئەو پاساوەی بەدەستەوە دەبێ کە یەکتەرەفە هەنگاو بهاوێژێ. لێرەشدا، بمانەوێ و نەمانەوێ، تەرازووی هێز و هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا، دیفاکتۆ دەسەپێنن.

● چار نییە دەبێ باسێكی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بكەم، چونكە شنگال ناوچەیەكی كێشەلەسەرە. بەهەرحاڵ دەبوایە پرسی كەركووك و ناوچە كێشەلەسەرەكانی دیكە، دوای پەسندكردنی قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی ئینتیقالی TAL، واتە لە سەردەمی حكوومەتەكەی «د. ئەیاد ئەلاوی» بەگوێرەی ماددەی ٥٨ بێنە چارەسەركردن، لێ وەكو خۆیان مانەوەو حەواڵەی« ماددە ١٤٠»ی دەستووریی هەمیشەیی ٢٠٠٥ كران. دەبوایە بەگوێرەی ئەم ماددەیەش تا ٢٠٠٧/١٢/٣١ ئەم كێشەیە ساغ ببووایەوە، لێ لە سەردەمی كابینەی یەكەم و دووەمی حكوومەتەكەی «د. مالكی»دا كێشەكە نەبڕایەوەو ئەوا كابینەی «د. عەبادی»یشی هاتەسەر، هێشتا كێشەیەكی سەرەكیی نێوان بەغدا و هەولێرە.

● لە هەردوو ماددەی «٥٨ و ١٤٠»دا، تەنیا ناوی كەركووك وەكو ناوچەیەكی كێشەلەسەر هاتووە، دەنا ناوی هیچ ناوچەیەكی دی نەهاتووە. ئەمەش بە بڕوای من یەكێكە لە «درزو كەلێنەكان»ی ئەم ماددەیە.

● دیارە هەم سێ ڕاپۆرتەكەی سكرتێری گشتیی UNAMI لە عێراق ستیفان دیمیستۆرا سەبارەت بە ناوچە كێشەلەسەرەكان و ڕاپۆرتەكەی كۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ی بیكەر- هاملتۆن دەورێكی نیگەتیڤیان هەبووە لە جێبەجێ نەبوونی ماددەی ١٤٠، هەم حكوومەتی عێراق-یش بۆ خۆی لە بنەڕەتدا نیازی جێبەجێكردنی نەبووە. بەڵگەیەكی سادەش بۆ ڕاستی ئەم قسەیە، « بە قسەی د. لەتیف مستەفا ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە سیمینارێكدا لە ئۆفیسی IRDK لە هەولێر» ساڵانە بڕێكی كەم پارە لە بودجەی گشتیی ساڵانەی عێراقی ئیتیحادی بۆ ئەو ماددەیە تەرخانكراوە و ئەگەر كار وا بڕوات چەندین ساڵی دەوێ تا قۆناخی یەكەمی ئەو ماددەیە جێبەجێ دەبێ! چونكە هێشتا هەموو «الوافدین- مەبەست عەرەبی هاوردەیە» نەگەڕاونەتەوە جێگەی پێشتریان، هەموو «كۆچپێكراوان- المرحلین- مەبەست كوردو توركمانە» نەچوونەتەوە زێدی ئەسڵییان و قەرەبوو نەكراونەتەوە. «بەگوێرەی سەرچاوەیەكی زانیاری لە كۆی نزیكەی ٢٢٠ هەزار فایلی قەرەبووكردنەوەی كۆچپێكراوان، نزیكەی ١٢٠ هەزارێكی تەواو بووەو لە نزیكەی ٦٠ هەزار فایلی عەرەبی هاوردەش، نزیكەی ٤٠ هەزار فایلێك تەواوبوون و قەرەبووكراونەتەوە»، سنووری دەستكاریكراوی ئیداری كەركووك و ناوچەكانی دیكە وەكو ساڵی ١٩٦٨یان لێ نەهاتووەتەوەو ئەو پرۆژەیەی كە لەمبارەوە لە سەرۆكایەتیی پێشووی كۆمارەوە درابووە ئەنجوومەنی نوێنەران وەكو خۆی ماوەتەوە، كێشەی مولكایەتیش بە تەواوی سەروبەر نەكراوە.. بە كورتی قۆناخی ئاساییكردنەوە لە هیچ ناوچەو دەڤەرێك كە كورد داوای دەكاتەوە، تەواو نەبووە، چ جای هەردوو قۆناخی سەرژمێری و ریفراندەم! چونكە تا قۆناخی یەكەم تەواو نەبێ، سەرژمێری چ مانایەكی نابێ، سەرژمێری لەو ناوچانە بۆ ئەوەیە كە دیار ببێ كێ مافی دەنگدان و بەشداریكردنی هەیە لەو ریفراندەمەی ساز دەكرێ بۆ زانینی ئیرادەی ئازادانەی دانیشتووانی ئەم ناوچە كێشەلەسەرانە.

● بەرپرسیارەتییە سەرەكییەكەی جێبەجێ نەكردن، «بەگوێرەی ماددە ١٤٠» بە ئەستۆی دەسەڵاتی تەنفیزیی ئیتیحادییەوەیە. دەسەڵاتی جێبەجێكردنیش بە گوێرەی دەستوور لە عێراقدا دوو لكەیە: واتە هەم سەرۆكایەتیی كۆمار و هەم حكوومەتی ئیتیحادیش دەگرێتەوە. هەڵبەت بەشی زۆری بەرپرسیارەتییەكە بە بەر حكوومەت دەكەوێ، لەكاتێكدا لە بەرنامەی هەردوو كابینەی یەكەم و دووەمدا، جێبەجێكردنی ئەم ماددەیە خاڵێكی بەرنامەكان بووەو ڕێككەوتنی لەسەر كراوە. پاشان ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشی پێ وەرگیراوە. ئێستە «حی علی الصلاه» ئەم ماددەیە جێبەجێ نەكراوە، بەرپرسیارەتییەكە بە ئەستۆی حكوومەتی ئیتیحادییەوەیە، بەڵام سەرۆكایەتیی كۆماریش پشكێكی بەبەر دەكەوێ. ئەی وەزیفەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق چییە كە ماددەیەكی دەستووریی جێبەجێ نەكرێ و لە بەرنامەی حكوومەتدا دانرابێ و خۆیشی متمانەی وەرگرتبێ؟ كوا وەزیفەی چاوەدێریكردن و لێپرسینەوە؟ ڕۆڵی پەرلەمەنتارانی كوردستان لەو ئەنجوومەنەدا چی بووەو چییە؟ بێگومان هەرێمی كوردستان و دامودەزگا «سیادییەكان»ی وەكو لایەنێكی كێشەكە، بەرپرسیارەتییان دەكەوێتە ئەستۆ! بەهەرحاڵ، ئەوە (٧) ساڵ زێتر بەسەر جێبەجێ نەكردنی ئەم ماددەیەدا تێپەڕ دەبێ و هێشتا قۆناخی یەكەمی تەواو نەبووە!

● ئەم ماددەیە بۆ جاری سێیەم، لە بەرنامەی «حكوومەتەكەی عەبادی»شدا دانراوەتەوە، چونكە عەبادی لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەراندا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە «بەڵگەنامەی ڕێككەوتنی سیاسیی نێوان فراكسیۆنە سیاسییە بەشداربووەكانی حكوومەتی یەكێتیی نیشتمانی- ٢٠١٤ » كراوەتە بنەما بۆ بەرنامەی حكوومەت كە لە بڕگەی ١٨ی بەڵگەنامەی ناوبراودا هاتووە: دۆزینەوەی چارەسەری لەبارو گونجاو بۆ گرفتی كەركووك و ناوچە كێشەلەسەرەكانی دیكە لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بەشێوەیەكی كە ئاشتی ئەهلی و سازانی نێوان پێكهاتەكانی ئەو ناوچانە

**هەقە حكوومەتی هەرێمی كوردستان بەپێی توانا و بەپێی پلان، بۆ سازدانەوەی شنگال لە هەموو بوارێكدا كار بكات و بەشدارپێكردنی خەڵكی ناوچەكەش لە هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی ناوچەكەیاندا بەهەند وەربگرێ**

**ئەگەر حكوومەتەكەی عەبادی لەو ماوەیەی كە ڕێككەوتنی لەسەر كراوە ئەو ناوچانەی كە داعشیان لێ دەركراوەو كورد داوایان دەكاتەوە، ماددەكە جێبەجێ نەكات، ئەوا كورد ئەو پاساوەی بەدەستەوە دەبێ كە یەكترەفە هەنگاو بهاوێژێ. لێرەشدا، بمانەوێ و نەمانەوێ، تەرازووی هێز و هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەكەو كۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریكا، دیفاكتۆ دەسەپێنن**

بپارێزێ . ماوەی «١ ساڵ» بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دانراوە، با بزانین...!

● دیارە ناونیشانی ئەم وتارە لەبارەی قەزای «شنگال- ژەنگار- سنجار»ەوەیە کە لە رووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای نەینەوایە، هەرچەند شنگال بە ناو لە ماددەی ١٤٠دا ناوی نەهاتووە، بەڵام کورد بە «ناوچەیەکی کێشە لەسەر»ی دەزانێ کە ئێستە بە یەکێ لە «ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم» دەناسرێ. دیارە بە گوێرەی زانیاریی من، لە شنگال پێش داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە «قۆناخی ئاساییکردنەوە تەواو نەببوو» ئۆفیسی لیژنەی ماددە ١٤٠ی لێبووە. هەروا «بە گوێرەی فۆرمی خۆراك» ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە (٢٩٣١٥٨) و ژمارەی دەنگدەرانیش (١٤٧٩٤٦)، واتە رادەیەك دەکرێ تۆماری دەنگدەران بزانرێ و رێکبخرێ و نوێ بکرێتەوە. ئایا دەکرێ و دەشێ بە گوێرەی دەستوور و قانوون، باس لە «دیفاکتۆ» ناکەم لە پارێزگای نەینەوا دابڕێ و بە پەنابردن بۆ ئیرادەی خەڵکی قەزاکە، ستاتۆیەکەی دیاری بکرێ. چەند بژاردە و ئەگەرێك هەن، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەند ئەو بژارادانە رێیان تێدەچێ و دەستووری و قانوونین:

١. شنگال بکرێتە پارێزگا. نە لە دەستوور و نە لە قانوونی هەموارکراوی ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێکنەخراون و نە لە هیچ قانوونێکی دیکەدا، بە روونی و بە دەق باس لە میکانیزمەکانی هێنانەئارای پارێزگایەکی نوێ نەکراوە. «کەچی لە قانوونی ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ی عێراقدا، لە ماددە ٤دا باسکراوە، بەڵام ئەم قانوونە دوای دەرچوونی قانوونی ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨، هەڵوەشاوەتەوە». گریمان ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژە بڕیارێکی دا بە پەرلەمانی عێراق و پەسندکراو شنگال کرایە پارێزگا، لێ لە رووی ئیدارییەوە سەر بە کێ دەبێت: أ- بە هەرێمی کوردستانەوە دەلکێندرێ، یان ب- وەکو هەر پارێزگایەکی دیکەی نا مەرکەزی و نا رێکخراو سەر بە حکوومەتی ئیتیحادی دەبێ، تا ماددەی ١٤٠ دێتە جێبەجێکردن. بۆ هەردوو بژاردەی (أ و ب) دەبێ رای خەڵکەکەی وەربگیرێ. هەوڵی لەمبابەتە هەبووە، بەتایبەتی لە لایەن بزووتنەوەکەی ئەمین فەرحان چیچۆ وە. هەرچەندە بەگوێرەی ماددە ٥٨/ب ی TAL تا یەکلانەبوونەوەی ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە، ناکرێ هیچ گۆڕانکارییەك لە سنووری ئیدارییان بکرێ. کەواتە بە پارێزگابوونی شنگال کێشەو ئاریشەی قانوونی دێتە رێ.

٢. شنگال بکرێتە ئیدارەیەکی خۆجێ. چونکە ئیدارەی خۆجێ وەکو دەسەڵاتێکی ئیداریی دەستووری لە ماددەی ١١٦ی دەستووردا ناوی هاتووە: «نیزامی فیدراڵی لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگاگەلی نامەرکەزی و ئیداراتی خۆجێ پێکدێ». هەروا ماددە ١٢٥ی دەستوور لە بارەی ئەو ئیدارە خۆجێیانەوە دەڵێ: ئەم دەستوورە گەرەنتی مافی ئیداری و سیاسی و کەلتووری و پەروەردەو خوێندن بۆ نەتەوە خۆجێیەکانی وەك تورکمان و کلدان و ئاشووری و پێکهاتەکانی دیکە دەکا و ئەمەش بە قانوون رێکدەخرێ. دیارە لەم ماددە دەستوورییەدا ناوی ئێزدییەکان وەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی نەهاتووە، چونکە ئێزدییەکان لە باری نەتەوەییەوە کوردن، بەڵام لە باری ئایینەوە، پێکهاتەیەکی جیان لە موسڵمانان و ئایا دەکرێ بۆ پاراستنی مافەکانیان پەنا بۆ ئەم ماددەیە ببردرێ، یان نا، وەڵامەکەی روون نییە، چونکە هێشتا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، قانوونێك بۆ رێکخستنی (ئیدارە خۆجێیەکان) دەرنەچووە تا بزانین چ پێکهاتەیەك دەتوانێ سوودی لێ ببینێ، چۆن دروست دەکرێ و چ دەسەڵاتێکیان دەبێ و لە باری ئیدارییەوە چۆن مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێ. دیسان گریمان شنگال بووە ئیدارەیەکی خۆجێ، سەر بە کێ دەبێ: أ- پارێزگای نەینەوا ب- راستەوخۆ سەر بە حکوومەتی ئیتیحادی ج- سەر بە هەرێمی کوردستان. کەواتە لەمبارەشدا، دەبێ رای خەڵکەکەی بە هەند وەربگیرێ. کەواتە ئەم ئەگەرەیان، کردەنیش بێت و دەستوور رێگەی پێدابێت، ئەوە پێویستی بە قانوونێکە رێکی بخات. ئایا قانوونێکی وا بەم زووانە دەردەچێ ئەوەیان پرسێکی سیاسییە زێتر لەوەی دەستووری و قانوونی بێت و بەرفەرمانی کۆمەڵێ هۆکارە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئەگەر پرۆسەی رزگارکردنی سەلاحەددین و ئەنبار و نەینەوا و ناوچەکانی دیکەی سوننەنشین درێژە بکێشێ و قەزای شنگال-یش لە ماوەیەکی نزیکدا لە داعش پاکبکرێتەوە، بەو پێیەی ناوچەیەکی دابڕاوە، چۆن ئیدارە دەدرێتەوەو وەك دەڵێن تەکلیفی چۆن دەبێ؟

٣. شنگال بکرێتە «کانتۆن»ێکی سەربەخۆ وەك PKK و خەڵکێکی دی بانگەشەی بۆ دەکات. ئەم تێزە روون نییە. کێ بیکاتە «کانتۆن»؟ چۆن؟ لە باری ئیدارییەوە چۆن هەڵبسوڕێندرێ؟ سەر بە کێ بێت؟ بێ لەوە لە دەستووری عێراقیشدا، هیچ بنەمایەکی دەستووری نییە و ئاماژە بۆ زاراوەی «کانتۆن» نەکراوە.

٤. شنگال ببێتە «نەوایەکی ئارام»ی نێودەوڵەتی و ئیدارەیەك بەڕێوەی ببات، لە سەرینی ئەوەی کە ئێزدییەکان کۆمەڵەیەکی ئایینی بەجیا هەڵکەوتوون و رووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە و سۆزێکی نێودەوڵەتیشی لە بەرانبەردا

**وەک چۆن رەفتاری تاکلایەنەی حکوومەتی ئیتیحادی پەسند نییە، بۆیە ئەگەر پەرلەمان، یان حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی پێشوەختەی لەبارەی شنگالەوە بدا، بێ رازیبوونی حکوومەتی ئیتیحادی، یان پارێزگای نەینەوا، بێگومان کێشەو بێشە لەنێوان هەردوو لا یان هەر سێ لادا پەیدا دەبێت**

**ئەگەر پرۆسەی رزگارکردنی سەلاحەددین و ئەنبار و نەینەوا و ناوچەکانی دیکەی سوننەنشین درێژە بکێشێ و قەزای شنگال-یش لە ماوەیەکی نزیکدا لە داعش پاکبکرێتەوە، بەو پێیەی ناوچەیەکی دابڕاوە، چۆن ئیدارە دەدرێتەوەو وەک دەڵێن تەکلیفی چۆن دەبێ؟**

هەیە. بـــەو مانایەی کە ئێزدییەکان خۆیان، نەکارن خۆیان بپارێزن و حکومەت پێیان رانەگات! من ناڵێم شـــتی لەم بابەتە لە «ممارسەی نێودەوڵەتی»دا نەبووە، یان هەرگیز رێی تێناچـــێ و ناکرێ، بەڵام پێموا نییـــە حاڵی حازر، تەنانەت دوای رزگارکردنی ناو شـــاری شـــنگال و گوند و شـــارۆچکەکانی دیکەی ئەو قەزایە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، هاوپەیمانان لە بیرێکی وادا بن.

٥. لەتـــەك رەبیعـــە و زممار و ئاڤگەنی (کە ســـەر بە قەزای تەلەعفـــەرن) و ناوچە کێشەلەســـەرەکانی تردا، شنگال چاوەڕێ بێ تا ماددەی ١٤٠ دێتە جێبەجێکردن. چونکە ئەم سێ ناحیەیە قەزای شنگال=یان لە هەرێمی کوردستان دابڕیوەو ئەوانیش ناوچەی کێشەلەسەرن.کەواتە دەبێ بە دەنگدان و ئیرادەی خەڵك ستاتۆیەکەی شنگال ساغ ببێتەوە. پاش ســـاغبوونەوەکە چۆن مامەڵە لەتەك شـــنگال و ناوچەکانی دیکەدا، دەکرێ ئەمەیان پرسێکی دیکەیـــەو ئـــەوە پێوەندیی بە پەرلەمـــان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

● بەداخەوە تا ئێستا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، قانوونێـــك بۆ ریفراندەم-یش دەرنەچـــووە، کە بەپیانی لەو ناوچانەدا راپرسی بکرێ، داخوا لەسەر چ بنەمایەك ساز دەکرێ؟ چۆن لایەنەکان بـــە ئەنجامەکەی پابەند دەبن؟ ئایا راپرســـی (ناحیە ناحیە، یان قەزا قەزا، یان لەســـەر ئاستی پارێزگا بەگشتی) دەکرێ؟ ئەم پرسیارەی من لە ســـۆنگەی ئەوەیە کە وەکو گوتم بێ لە کەرکووك، بەناو نـــاوی ناوچەکانی دیکە لە مـــاددەی ١٤٠دا نەهاتووە، چونکە کە کـــورد باس لە پارێـــزگای کەرکووك دەکا، وەکو پارێزگا باســـی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو گوتم میکانیزمەکە دەبێ بە قانوون رێکبخرێ؟

● لێرەدا رەنگە یەکێك بپرسێت، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە لەبارەی شنگالەوە تاکلایەنە بڕیار بدات؟ تا ئێســـتە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و نوێنەرانی گەلی کوردستان لە دامودەزگا دەستوورییەکانی عێراقـــدا بەشـــدارن و بۆ چارەکردنی کێشـــەکانی نێوان بەغـــداو هەولێریش، هەموو لایەك دەســـتوور بە مەرجەع دەزانن، کەواتە بە گوێرەی ماددە ٥٣ی قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە کە بووەتە بەشێك لە دەستووری عێراق تا ماددەی ١٤٠ دێتە جێبەجێکردن، قەڵەمـــڕەوی هەرێمی کوردســـتان تەنیا ئـــەو ناوچانە دەگرێتـــەوە کە تـــا ٢٠٠٣/٣/١٩ لەبندەســـتی هەرێمدا بوون. ئەوە بەم مانایە نییە کە هەرێمی کوردســـتان هیچ مافێکی بەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان نەبێ، بەڵام وەك چۆن رەفتاری تاکلایەنەی حکومەتی ئیتیحادی پەسند نییە، بۆیە ئەگەر پەرلەمـــان، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی پێشوەختەی لەبارەی شنگالەوە بدا، بێ رازیبوونی حکومەتی ئیتیحـــادی، یان پارێزگای نەینەوا، بێگومان کێشەو بێشە لەنێوان هەردوو لا یان هەر سێ لادا پەیدا دەبێت. گریمان ویسترا کێشەکە بەشێوەیەکی قانوونی چارەسەر بکرێ، نەك شێوازێکی دی، ئەوا دەبێ کێشەکە بە گوێرەی بڕگە ٣ و ٤ی ماددە ٩٣ی دەستوور بخرێتە بەردەم دادگەی بـــاڵای فیدراڵی و بڕیاری ئەم دادگەیـــەش بۆ هەمووان کۆتایی و بنبڕەو هزر ناکەم لە هەلومەرجی هەنووکەییدا بە قازانجی کورد بڕیار بدەن.

● بـــەڵام بە مەزەنـــدەی من، لە یەك بـــاردا، هەرێمی کوردســـتان دەتوانـــێ تاکلایەنـــە بڕیار بـــدات، ئەگەر حکومەتەکەی عەبـــادی لەو ماوەیەی کە رێککەوتنی لەســـەر کراوە ئەو ناوچانەی کە داعشیان لێ دەرکراوەو کورد داوایان دەکاتـــەوە، ماددەکە جێبەجێ نەکات، ئەوا کورد ئەو پاساوەی بەدەستەوە دەبێ کە یەکتەرەفە هەنگاو بهاوێژێ. لێرەشدا، بمانەوێ و نەمانەوێ، تەرازووی هێز و هەڵوێســـتی وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا، دیفاکتۆ دەسەپێنن.

لـــە هەر بارێکـــدا، دەبێ رای خەڵك، بـــە رای خەڵکی شنگالیشـــەوە، بە بنەمـــا وەربگیرێ کـــە داخوا چیان دەوێ.. بە رای من، بۆ ئێزدییەکانی شـــنگال، وا باشترە لە تەك هەرێمی کوردســـتاندا بن، تا لەگەڵ خوشـــك و براکانـــی دیکەیان لە ئێزیدخانێ (شـــێخان و باعەدرێ و...) یەکبگرنـــەوە، نەك لێك دابڕێن و ببنە ئاردی ناو دڕك. بۆ ئەمەش هەقە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەپێی توانا و بەپێی پلان، بۆ ســـازدانەوەی شـــنگال لە هەموو بوارێکدا کار بکات و بەشـــدارپێکردنی خەڵکی ناوچەکەش لە هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی ناوچەکەیاندا بەهەند وەربگرێ، چونکە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر پلان و نەخشـــەیەکی حکومـــەت دەبێ. هەندەی من ئـــاگام لێ، بەلانی کەمەوە لەو چوار ســـاڵەی کە ئەندامی پەرلەمانی کوردســـتان بووم (٢٠٠٩- ٢٠١٣) ســـاڵانە لە بودجەی هەرێمی کوردســـتاندا، بڕێك پارە بۆ ناوچە کێشەلەســـەرەکان دادەنرا و ئەرکی چاوەدێری و سەرپەرشـــتیش خرابووە ئەســـتۆی دەســـتەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و لەمبارەشەوە کەموزۆر ســـاڵانە شتێك بۆ شنگال کراوە، نەك هیچ نەکرابێت، لێ ئەو رەوشـــەی بەســـەر ئەو دەڤەرەدا هاتووە، پێویست بە مامەڵەی تایبەت دەکا و لەمرووەشـــەوە، دەکرێ ســـوود لـــە NGOیە نێودەوڵەتییـــەکان و باروبـــوو و هاوکاریی وڵاتان بۆ نیشـــتەجێکردنەوەی ئاوارەکان و بارهێنانەوەیان وەربگیرێ...کەواتە ئەگەری دروســـتدوای رزگارکردن، سازدانەوەی شنگالە....

**قۆناخی ئاساییکردنەوە لە هیچ ناوچەو دەڤەرێک کە کورد داوای دەکاتەوە، تەواو نەبووە، چ جای هەردوو قۆناخی سەرژمێری و ریفراندەم**

**سێ راپۆرتەکەی سکرتێری گشتیی UNAMI لە عێراق ستیفان دیمیستۆرا سەبارەت بە ناوچە کێشەلەسەرەکان و راپۆرتەکەی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ی بیکەر- هاملتۆن دەورێکی نیگەتیڤیان هەبووە لە جێبەجێ نەبوونی ماددەی ١٤٠، هەم حکوومەتی عێراق-یش بۆ خۆی لە بنەڕەتدا نیازی جێبەجێکردنی نەبووە**

# شیعە و تیۆریی یەک هەرێم بۆ هەموو سوننەکان

هەرچەند کۆنگرەی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ی هێزە سوننییەکان لە هەولێر پرۆژەی پێکهێنانی هەرێمی سوننەی پێ یەکلا نەکرایەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لانیکەم لەلای بەشێکی هێزە سوننییەکان براوەتەوە. لە گەوهەردا کۆنگرەی هەولێر لەباتی یەك مەسەلە، دوو مەسەلەی تاوتوێ کرد. یەکێکیان ئەوەیە کە ئایا دەبێ سوننەکان هەرێم پێك بێنن و ئەگەر بڕیاریان دا پێکی بێنن، ئایا باشترە هەرێمێك، یان چەند هەرێمێك پێك بێنن؟ لە راستیدا کونگرەکە هیچ یەکێ لەم دوو مەسەلەیەی پێ یەکلا نەکرایەوە.

بەلای شیعەوە، دەشێ پێکهێنانی هەرێمی سوننە مایەی نیگەرانی بێ. گەورەترین کێشەی شیعە نیگەرانەکان ئەوەیە کە مافی پارێزگاکان لە پێکهێنانی هەرێم بەپێی ماددەی ١١٩ی دەستوور پارێزراوە و هەر هەوڵێك بۆ ئەم مەبەستە پشتیوانییەکی دەستووری هەیە. لەم سۆنگەیەوە رێگرتن لەم هەوڵە هەر بە ناکامی دەمێنێتەوە، بەتایبەتی کە شیعەکان وای دەبینن سوننەکان پاش رەوینەوەی قەیرانی داعش مەسەلەی پێکهێنانی هەرێم بەهەند وەردەگرن. لەوەش دڵنیان کە سەرەك وەزیرانی تازە، حەیدەر عەبادی، لاسایی مالیکی ناکاتەوە و تەگەرە لەبەردەم دروستکردنی هەرێمی تازە دانانێ. بۆیە ئەم مەسەلەیە بەلای شیعەوە جیاوازییەکی زۆری بیروڕای لەسەر نییە. وردتر نیگەرانیی شیعە ئەوەندەی پەیوەستە بە پێکهێنانی یەك هەرێمی سوننی، ئەوەندە پەیوەست نییە بە پێکهێنانی چەند هەرێمێکی سوننی. ئەگەر سوننەکان ژیرانە کار بکەن، دەتوانن لە قۆناغی بەراییدا چەند هەرێمێك پێك بێنن و لەقۆناغێکی تردا ئەگەر بیانەوێ، هەرێمەکان یەکخەن.

بەدڵنیاییەوە هەرێمی گەورەی سوننە کاریگەریی جیۆپۆلەتیکیی گەورە لەسەر عێراق و ناوچەکە بەجێ دیلێ. هەرێمەکە پانۆپۆڕ و تەنانەت گەورەترین هەرێمی عێراق دەبێ و پانتاییەك لە نێوان هەردوو هێڵی پانی ٣١و٣٧ دەگرێتەوە. رووبەرەکەی بەقەد رووبەری سووریاو دوو ئەوەندەی رووبەری ئوردن دەبێ. سەرنجڕاکێشترین خاڵیش لەم بارەیەوە ئەوەیە کە سنووری ئەم هەرێمە دەبێتە سنووری نێوان جیهانی سوننی و جیهانی شیعی.

سەرکردەکانی شیعە نایشارنەوە کە ئەم هەرێمە لەسەر بنەمای تایفەگەری دادەمەزرێ و رەنگە ئەمە وایان لێ بکا، ناچار بن، بۆ راگرتنی بالانس بەرەو پێکهێنانی هەرێمی شیعی بڕۆن. هەروەها لەوەش نیگەرانن کە ئەم هەرێمە دەشێ کیشەی کەمینە شیعییەکانی لێ دروست بێ. شیعەکان سەر لەوەش دەر دەکەن کە پێکهێنانی یەك هەرێم بۆ سوننەکان رۆڵی سیاسیی سوننە لە عێراقدا هەڵکشاوتر دەکاو دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدڕاڵ لەو پارێزگایانەی کە هەرێمەکەیان لێ پێکدێ. دەشێ ئەمەش ئەوەی بەدواوە بێ کە سوننەکان دەستئاوەڵاتر بن لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئوردن و سعودیە.

لە رووی جیۆپۆلەتیکییەوە، هەرێمی سوننە لەمپەرێك لە نێوان بەغدا و ناوچە شیعییەکان و نێوان سووریا پێکدێنێ و ئەگەر لە ئایندەدا، لە رەوتی گۆڕانگارییەکانی سووریادا، سوننەکان لە سووریا دەستکەوتی گەورە بەدەست بێنن، ئەوا شتێك لە بابەتی هاوپەیمانییەکی رانەگەیەندراو لە نێوان سوننەی هەردوو دیوی سنوور بە کردەوە دێتە ئاراوە.

بەڵام تائێستا بیری زاڵ ئەوەیە کە سوننەکان دەتوانن مەرجەعیەتێك بۆ خۆیان پێك بێنن، بەڵام ئەستەمە، لانیکەم لە قۆناغی بەراییدا لەسەر پێکهێنانی یەك هەرێم هاوڕا بن. ئەمەش نەختێك نیگەرانییەکانی شیعە کەم دەکاتەوە و وایان لێ دەکا بە شێوەیەکی دینامیکی مامەڵە لەگەڵ پێکهێنانی چەند هەرێمێك بکەن.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت



## ڕەشید خەییون

### نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراوی عێراقی بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە شۆڕشگێڕەو بە دڵسۆزی بۆ خاک و ئایینی شەڕ دەکات، بۆیە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە

ئەو میراتەی حوکمڕانی خراپی نوری مالیکی بۆ عێراقی دروستکرد، وایکرد سوپای عێراق لەبەر یەك هەڵبوەشێت و تیرۆریستانی داعش موسڵ و چەند ناوچەیەکی عێراق داگیر بکەن و دواتر خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا دابمەزرێنن و شەڕێکی جیهانی لەدژی تیرۆریستان بەرپا ببێت، هەربۆیە ئێستا عێراق لە قۆناخێکی زۆر ئاڵۆز و هەستیاردایە، لەم کەش و هەوا نائارامەدا دەرگای هەموو ئەگەرەکان لەسەر پشتە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراوی عێراقی ڕەشید خەییون ئەنجامدا، کە یەکێکە لە ستوونووسەکانی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی و ڕۆژنامەی ئەلئیتحادی ئیماراتی و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** سەرەتا دەمانەوێ بزانین خوێندنەوەت بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق چییە و ئەو ڕەوشە بەرەو کوێ دەچێت و مەترسییەکانی ئایندە چی دەبێت؟**

- بێگومان دوای ئەو گۆڕانکارییەی لە عێراق ڕوویدا، بە ڕۆیشتنی نوری مالیکی، هەستدەکەم جۆرێك لە پێشکەوتن لە پرۆسەی سیاسی هاتەئاراوە، ئەو کێشانەی کە لە سەردەمی مالکیدا نەدەکرا چارەسەر بن و بەبێ چارەسەر مابوونەوە، دەکرێ بڵێین لەگەڵ هاتنی عەبادی جۆرە نزیکبوونەوەیەك لە ڕاوبۆچوون بۆ دۆزینەوەی چارەسەر هاتەکایەوە، هەروەها بە نزیکبوونەوەی لایەنەکانی سوننە و کورد لەگەڵ شیعە ڕەوشەکە بەرەو باشتر هەنگاوی نا، گەورەترین گۆڕانکاریش لەگەڵ کێشەیەکی گەورەو کارەساتێك ڕوویدا، ئەویش هاتنی داعش و داگیرکردنی شاری موسڵ و بەشێکی زۆری ڕۆژئاوای عێراق و هەندێ لە ناوچە کوردستانییەکان بوو، دەکرێ بە وریاییەوە بڵێین ئەم پێشکەوتنە ڕێژەییە کە لە عێراق لەگەڵ هاتنی دکتۆر حەیدەر عەبادی ڕوویدا، تا ڕادەیەك هەندێ بواری بە ڕووی هەمووواندا کردەوە، بەتایبەتیش کە پێشتر قەدەغە بوو و نەدەکرا باس لە زۆر شت بکرێت، بەڵام کە عەبادی هات بە ئاشکرا دانی نا بە بوونی گەندەڵی لە سوپا و لە دامودەزگاکان، هەروەها لە دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکاندا، بە ڕاستی نوری مالیکی —بمانەوێ، یان نا- بە تەواوی دەستی گرتبوو بەسەر دامەزراوە سەربەخۆکانی وەك دادگا و بانکە ناوەندییەکان و ئەو حوکمە ستەمکارانەی دەردەکرا، واتە لە سەردەمی نوری مالیکی ڕەوشەکە زۆر گرژ و ئاڵۆز بوو، عێراقیش بەرەو کارەساتێکی گەورە چوو، بینیشمان داعش و تیرۆریستان چییان بەسەر ئەم وڵاتە هێنا. هاوکات دەبینین ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە لایەنێکی دیکە، ئەویش ڕۆڵی ئێرانە کە تا ئێستاش بە بیانووی داعشەوە هەر درێژەی هەیە، هەروەها ئەمریکا، لە ئێستاشدا هەردوولا بوونیان لەم هاوکێشەیەدا هەیە، کە هەردوولاش دوژمنی یەکترن و لەم ناوەشدا عێراق کەوتۆتە نێوان بەرداشی هەردووکیان، ئێران تاکوێ عێراق بەرەو ئەم ڕەوشە ئاڵۆزە ڕادەکێشێت، دیار نییە، بەڵام دیارە دەیەوێت کێشەکانی هەناردەی دەرەوەی وڵاتەکەی بکات.

*** باشە، بە ڕای ئێوە داعش کێن و بیرۆکەکەیان لەکوێوە هاتووە و پێکهاتەکەیان چییە؟**

- دیارە لە ڕواڵەتدا مەسەلەکە ئاسانە، داعش بەرهەمی ئەلقاعیدەیە، هەروەها ئەلقاعیدەش نەوەی ئەفغانە عەرەبەکانن، ئەفغانی عەرەبیش ڕۆڵەی شەرعیی ئیسلامی سیاسین، عەبدوڵلا عەزام کە لە ئەفغانستان شەڕی دەکرد و لە ساڵی ١٩٨٩ کوژرا، باوکی ڕۆحیی ئەفغانە عەرەبەکان بوو کە قاعیدەیان لێ پێکهات، داعش بەشێکە لە ئیسلامی سیاسی کە ئامادەییان تێدایە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی، چ لە سوننە، یان لە ناو شیعەشدا، بەڵام سەبارەت بە ئیسلامییە سوننەکان چەکدارن بە بیری سەلەفی، بۆیە لەم گەمەیەدا داعش شوێنی ئەلقاعیدەی گرتەوە وەك بڵێی ئەلتەرناتیڤی ئەوە، ئەمە بە ڕواڵەت، بەڵام لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە کێ داعشی دروستکرد، هەندێك دەڵێن سووریا، یان دەڵێن ئەمریکا، یاخود دەڵێن تورکیا دروستی کردووە، هەر دەوڵەتێکیش لەو دەوڵەتانەی کە دەڵێن شەڕی داعش دەکەین، پێویستە سەیری ئەوە بکات کە سوودیان لە شەڕکردن لەگەڵ داعشدا چییە؟ دەربارەی ئێران بوونی داعش لە ناوچەکە پێموایە هێزێکە بۆی وەك چەکی مەعنەوی، بەتایبەتی بۆ زیادبوونی ئاست و سنووری تایفەگەری لە عێراق، لایەنی سوننەش کە دەیەوێت شەڕی داعش بکات، لە ناوچە سوننییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بوونەتە باوەش بۆ حەواندنەوەی داعش، کاتێك دەبینن کە ئێران هاتە ناوەوە و فەرماندەی فەیلەقی قودس و ئەفسەرەکانی بەردەوام بوونیان لە ناوچەکە هەیە، هەروەها میلیشیای شیعە کە لەسەر ئێران حیسابن، سوننەکان دەڵێن: ئەگەر سەرکەوتین بەسەر داعشدا، دواتر ڕووبەڕووی کێ دەبینەوە؟ ئایا بەرەنگاری ئێران، یان میلیشیاکانی شیعە دەبینەوە، ئەمەش لێرەدا ڕەوشەکە هەر لە بەرژەوەندیی خودی داعشدا دەبێت، من باس لە واقیعی شیعی لە عێراق دەکەم، بەڵام ئەگەر ئەو حەشدی شەعبییە لە هەژمونی ئێرانەوە دوور بوو، بە لانیکەم بۆ ڕاگەیاندن، ئەو کاتە پارێزگاریی لە هۆز و شارەکانی سوننە دەکات و بەو شێوەیە لەقەڵەم دەدرا کە حەشدی عێراقییە، نەك حەشدی شیعە، بەمەش داعش لاواز دەبوو. داعش بەشێکی هێزەکەی لە موسڵ لەوەدایە کە ململانێی تایفەگەری لە ئارادایە وێڕای چەك و پارەو مەشق و پێداویستی دیکە، هەر وەك دەزانن کە ناوچەکە دابەشکراوە لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبی و لە نێوان سوننە و شیعە، یان لە نێوان ئێران و سووریا و کەنداو، هەروەها کێشەی سوننە کە تا ئێستا لە ئارادایە، لە نێوان جەمسەرگەلی بلۆکی ئێران و بلۆکی دەوڵەتانی کەنداو و سعودیە، بۆیە بەشێك لە هێزی ئەو داعشە لەمەدایە، ئەمەمان لە لێدوانەکانی هەندێ لە زانایانی ئایینی گوێ لێ بوو، ئەو زانا ئایینییانە لەگەڵ داعش تەبا نین، بەڵکو لە داعش دەترسن، ئەوان دەیانەوێ داعش لەناوبچێت، بەڵام کاتێ بیردەکەنەوە کێ دوای داعش دێ، -کە میلیشیا شیعییەکانن-، بۆیە دەیانەوێ لەم بوارەدا بێلایەن بن.

*** باستان لەوە کرد کە داعش بەرهەمی ئەلقاعیدەیە، بەڵام ئایا پێتانوانییە داعش جیاوازی لەگەڵ ئەلقاعیدە هەیە، چونکە بە تاکتیك و شێوازێکی دیکە هاتە ناوچەکە و شارەکانی داگیرکرد و تەنانەت شەڕەکانیشی لەگەڵ شێوازی قاعیدە جیاوازن و داوای دەوڵەت و خەلافەتی مەزهەبی دەکات، بۆچی لەم کاتەدا بەو شێوەیە سەری هەڵداو پەرەی سەند؟**

- هەروەك چۆن دەوڵەت، یان زانست و دنیا پێش دەکەوێت،

**لە بەغدا نزیکەی یەک ملیۆن هاووڵاتی کورد هەیە، گەڕەک بە ناوی (حی الاکراد) هەیە، چۆن دەکرێ کورد، یان سوننە لە بەغدا جودا بکەیتەوە**

**ئەوانەی کە حوکمڕانی عێڕاقن و ئیسلامی سیاسین، کێشەی ئابووری و بازرگانی و چارەسەرکردنی کێشەکانیشیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە و هەموو شتێکیان ڕادەستی ئێران کردووە**

**لەسەردەمی پاشایەتی، ١٠٠٪ی داهاتی نەوت بۆ بنیادی ژێرخان واتا ئاوەدانکردنەوە تەرخانکرابوو، ئەو کەسەی ئەوەی ڕێکخست، کوردێک بوو بە ناوی سەعید قەزاز کە پیاوێکی خاوێن و دەستپاک بوو، ڕۆڵێکی گەورەشی گێڕا**

**سەرکردایەتیی کورد لە ڕێی ئەو ٥٤ ئەندام پەرلەمانە کوردەی لە بەغدا بوون، دەیتوانی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە ڕاستەڕێکردنی دەوڵەت، بەڵام نازانم بۆچی مالیکی گەیشتبووە ئەو ئاستە ملهوڕییە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان؟**

**ئەوانەی ئەمڕۆ لە عێراقدا حوکم دەکەن، ئیسلامی سیاسین، کە دوورە لە لۆژیکی مەدەنییەتی دەوڵەت، یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی شارستانی**

**سەرکردایەتیی کوردستان، بە پاڵنەرێکی نیشتمانییانە رەفتار دەکات، واتا دیموکراسییەت بۆ عێراق و فیدراڵییەتی بۆ کوردستان دەوێت**

بە هەمان شـــێوە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریســـتییانەش لەگەڵ رەوشەکە پەرەدەستێنن، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە توانای هێزی داعش بە نیسبەت سوپای عێراق جیاوازە، هەر وەك دەزانن ســـوپای عێراق پەرت و بڵاو و لاواز بوو، ئەوەش لە پەرلەمان باســـکرا و لەلایەن عەبادیشەوە ئاماژەی پێکرا، داعش کە بۆ موســـڵ هات سوپای عێراق ئەو ناوچانەی بەجێ هێشت، بۆیە کاتێك دەڵێین داعش بەهێزە، مەبەستمان ئەوەیە توانای ســـەربازیی عێراق لاوازە و سوپا رادەکات و لە شەڕ دەکشێتەوە، داعشیش دەرفەتەکەی قۆستەوە و بەو شێوەیە پێشڕەوی کرد.

*** ئەی ڕۆڵی پێشمەرگە کە ئازایانە شەڕی داعش دەکات و لە زۆر ناوچەدا پێشـــڕەوی کردووەو زەبری کوشـــندە لە تیرۆریستان دەدات، چۆن دەبینی؟**

- مـــن لە رۆژنامـــەی (الاتحاد)ی ئیماراتـــی وتارێکم نووســـیوە بەناوی (پێشـــمەرگە چییە و رەوشی چیاکان چۆنە؟) من بیر لە دۆڵ و ئەشکەوتەکانی ناو شاخەکانی کوردســـتان دەکەمەوە، کە خاکێکی زۆر سەختە، کە لەوێوە کوردو پێشـــمەرگە بـــۆ چەند دەیەیەك و بـــۆ ماوەیەکی زۆر ڕووبەڕووی ســـوپای عێراق دەبوونەوەو سەرکەوتنیان بەدەســـت دەهێنا، هۆکارەکەی ئەم سەرکەوتنەش ژینگەی جوگرافییـــە، بۆیە ئەو ژینگەیە هاوکارە بۆ پێشـــمەرگە کە بتوانێت بەرگـــری بکات، پێشـــمەرگە بیروبڕوایەکی دیاریکـــراوی ئایینی و تونـــدڕەوی نییە، نەفەســـێکی ئازادیخوازانەی مەدەنی و عەلمانی هەیە، بۆیە شـــەڕی پێشـــمەرگە لە دڵسۆزییەوەیە بۆ خاك و ئایین و لە هەمان کاتدا دژی هزری داعشـــە، کاتێ شـــەڕ لەگەڵ داعش دەکات مەسەلەکە تایفی نییە، چونکە ناتوانین پێشمەرگە بە سوننە، یان شیعە دابنێین، بۆیە هێزی خۆی هەیە، بەڵام حەشد نیشانەی پرســـیاری تایفی لەسەرە، داعش حەشد دەقۆزێتـــەوە، بەڵام ناتوانێت پێشـــمەرگە بقۆزێتەوە، بۆیە ئەگەر حزبە ئیسلامییەکان چەکدار بکەن، بابەتەکە جیاواز دەبێت و مۆرکی ئایینی وەردەگرێت، پێشـــمەرگەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردســـتان، یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردســـتان لە ژینگەیەکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەوە ســـەری هەڵداوە، لە ئیدارەیەکی مەدەنییەوەیە کە هەرێمی کوردســـتانە، جا لەگەڵیدا کۆك بیـــن یان نا، بۆیە ئەگەر پێش گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە هەماهەنگی لەنێوان سوپای عێراق و پێشـــمەرگە هەبووایە، بەم شێوەیە داعش بڵاو نەدەبووەوە.

*** ئەدای سەرکردایەتیی کوردستان لە هەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینیت؟**

- ئەوەی من دەزانم سەرکردایەتیی کوردستان، بە پاڵنەرێکی نیشتمانییانە رەفتار دەکات، واتا دیموکراسییەت بۆ عێراق و فیدراڵییەتـــی بۆ کوردســـتان دەوێت، ئەو دروشـــمەیە کە کورد لەوەتەی ســـاڵی ١٩٩٢ بـــەرزی کردۆتەوە، من ئومێد دەکەم ســـەرکردایەتیی هەرێم لە جیاتی ئەنقەرە، یان هـــەر پایتەختێکی دیکە، زیاتر لە بەغـــدا نزیك ببێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەئێستادا کورد لە بەغدا سەرۆك کۆمارە، سەرۆکی سوپاسالارە، وەزیری دارایی هەیە، تاکو دەرفەت نـــەدات بە دەمارگیریـــی نەتەوەیی، یان ئایینی بەوانەی لە ناوچەکانی دیکـــەی عێراقن، یان جۆرێك لە دووفاقییان پێ بدات، چونکە لە ڕوویدارایی و ئابووری و سیاسیشـــەوە نزیکبوونەوە لە بەغدا لەژێر چەتری ئاسایش و ســـەلامەتییە بۆ خودی هەرێم و بۆ سوننە و تەنانەت بۆ شـــیعە و ئێزیدی و مەسیحی و هەموو لایەنەکانی دیکە، بۆیە لەژێر ئەم چەترەدا هەرێم و فیدراڵییەکان دابەش دەبن، بەڵام پێویســـتە دان بەو چەترەدا بندرێت، ئەگەر نا ئەمڕۆ داعشەو سبەینێش ناوی دیکەمان بۆ دێت.

*** بە درێژایی ســـاڵانی رابردوو ســـوننە حوکمی عێراقی دەکرد و دواتر شـــیعە هات، پێتوانییە کە سوننە شارەزاییان لە حوکمڕانی زیاترە و شیعە لاوازترە لەم بوارەدا؟**

- من لەگەڵ ئەو پۆلێنکردنەوەدا نیم، با ســـەرکردەیەکی ســـوننە حوکم بکات، یان شـــیعە، بەڵام ئەوەی ئێستای عێراق حزب و لایەنە سیاســـییەکان بەڕێوەی دەبەن، شیعە نییە، بەڵکو حزبە شـــیعییەکانن، بۆ نموونە سەدام حوسێن ســـوننە بوو، بەڵام بەناوی ســـوننە حوکمی نەدەکرد، من پێموایە شـــیعە حوکمیان کردووە لـــە عێراقدا، لە مێژوودا و لەســـەردەمی پاشـــایەتی و کۆماریدا ســـوننە و شیعە و کوردیش ســـەرۆك و ســـەرۆك وەزیران و وەزیریان بووە، مەســـەلەکە پەیوەندیی نییە بە ئەزموونی حوکمەوە، بەڵکو پەیوەندی بە خودی حزبە سیاســـییەکانەوە هەیە، ئەوانەی ئەمڕۆ لە عێراقدا حوکم دەکەن، ئیســـلامی سیاسین، کە دوورە لـــە لۆژیکی مەدەنییەتی دەوڵەت، یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی شارستانی، بۆیە حوکمڕانەکانی ئێستای عێراق بە واتای شیعە نین، بەڵکو حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانن، ئەوان تا کاتێکـــی نزیك دانیان بـــە دیموکراتییەتدا ناوە، تەنانـــەت لـــە لێدوانەکانیاندا دەڵێن کە دیموکراســـییەت هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوون لـــە حوکم، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەت لەسەر بنەمای دەستکەوتە، من دەبینم کە سەرکردایەتیی کورد لە مەســـەلەکە دوورکەوتۆتەوە، واتا کاتێك قسە دەکات، تەنیا باس بە بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەکات، ئەمەش باش نییە، چونکە هەر شتێکی خراپ لە بەغدا ڕوویدات رەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمیش دەبێت، بۆ نموونە زیاتر لە ١٠٠ کەســـتان هەیە کە لەگەڵ داعشدان کە بەناو هەن، بۆیە ئەگەر مەترسی لەسەر بەغدا هەبوو، هەولێریش لێی دوورنابێت، هەرێمی کوردســـتان لە دوای ڕاپەڕینـــەوە، یان لـــە ١٩٩٢وەوە ئەزموونی حوکم و دیموکراســـی هەیە، بۆیە سەرکردایەتیی کورد لە ڕێی ئەو ٥٤ ئەنـــدام پەرلەمانە کوردەی لـــە بەغدا بوون، دەیتوانی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە ڕاستەڕێکردنی دەوڵەت، بەڵام

نازانم بۆچی مالیکی گەیشـــتبووە ئەو ئاستە ملهوڕییە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان؟

*** ئایا پێتوایە ئیســـلامی سیاســـی باڵی بەسەر حوکمدا کێشاوە و ناتواندرێت لێی رزگاربین و لیبراڵییەکان ناتوانن دەربکەون؟**

- مەســـەلەکە ئەوە نییە کە ئیسلامی سیاسی زاڵە بەسەر حوکمدا، ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ لیبراڵییەکاندا هەیە کە توانیویانە لە حوکمڕانیدا سەربکەون لەسەردەمی پاشایەتی، ١٠٠٪ی داهاتی نەوت بۆ بنیادی ژێرخان واتا ئاوەدانکردنەوە تەرخانکرابوو، ئەو کەسەی ئەوەی ڕێکخست، کوردێك بوو بە ناوی سەعید قەزاز کە پیاوێکی خاوێن و دەستپاك بوو، ڕۆڵێکی گەورەشـــی گێڕا، لەناو شیعەشدا محەمەد فازڵ جەنابی و محەمەد ئەلسەدر و محەمەد ڕەزا شبیب، ئەوانە هەموویان لیبراڵی بوون و ئاراستەی ئیسلامی سیاسییان نەبوو، بەداخەوە ئەوانەی کە حوکمڕانی عێراقن و ئیسلامی سیاسین، کێشەی ئابووری و بازرگانی و چارەسەرکردنی کێشەکانیشـــیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە و هەموو شتێکیان ڕادەستی ئێران کردووە، ئەمەش مایەی مەترسییەکی زۆرە، بۆیە دەڵێم ســـەرکردایەتیی کورد مەدەنی و ڕاســـتەڕێیە، چونکە حوکمڕانی مەدەنی دەکات.

*** با تۆزێك لە عێراق بچینە دەرەوە و باسی خوێندنەوەیەکی ساکار بکەین بۆ دەوڵەتانی دەوروبەری عێراق، هەروەها ئەو بەهـــارە عەرەبییەی بینیمان لە میســـر و لیبیا و تونس، دەگوترێ ڕەنگە وڵاتانی دیکەی کەنداو و ئێران و لەوانەیە تورکیاش لەو شـــەپۆڵە بەدوور نەبن، کە ئەو پەرەســـەندنە فیکرییـــە و ئەو ڕاپەڕینانە و گۆڕانی ئەو ســـەرکردانەی لێکەوتەوە، ئایا ئـــەوە پرۆژەیەکی ئەوروپی و ئەمریکییە، یان پەیوەندیی بە تەکنەلۆجیا، یان بە فیکریی مرۆڤەکانەوە هەیە؟**

- دەبـــێ ئەوە لە بیرنەکەین کە کێشـــەیەکی زۆر هەبوو لە ڕژێمەکانی پێشوودا، تونس و میسر و لیبیا هەموویان کێشە و قەیرانیان هەبوو، خەڵکەکە تەنیا دەیویســـت سەرپۆشـــی تـــرس و تۆقینی دەســـەڵاتەکانیان لەســـەر لابچێت لەنێو دەوڵەتەکانیانـــدا، من بەهاری عەرەبیم پێ باشـــە، بەڵام ئەنجامەکانی باش نەبوون، خۆی ئەنجامەکان مەبەســـتن، بەڵام بـــۆ نموونـــە دوای ئەزموونی ئێســـتای تونس لە هەڵبژاردنەکاندا، توانی پەرلەمان و دەســـەڵاتێکی مەدەنی دابمەزرێنێت و ڕێگە لە حزبی نەهزەی ئیســـلامی بگرێت، بۆیە لە ئێســـتادا خەڵکەکە گوێ لە گوتار و بیروباوەڕی ئایینی ناگرێت، تەنیا بیر لە پێداویســـتییەکانی دەکاتەوە، ئەوەی لە تونس ڕوویدا، من پێموایە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەی بەهاری عەرەبی بوو، ئەو وڵاتانەی کە باســـت کردن وەك ســـعودیە و قەتەر ئەوانە جیاوازن، قەتەر لەگەڵ ســـعودیە جیـــاوازی هەیە، چونکە یەکەمیان پشـــتیوانی لە ئیخوان موســـلمین کرد، کە مەبەســـتی هێنانەکایەی زنجیرەیەکی خەلافەتی ئیســـلامی بوو، ئەمریکاش لە میسر بە ئیخوان موســـلمین ڕازی بوون، بە پاســـاوی ئـــەوەی کە ئیخوان موســـڵمانی میانڕەون و بە ناوی ئیسلامی میانڕەووەوە شەڕ لەگەڵ ئەلقاعیدە دەکەن، لە ســـعودیە گۆڕانکاری ڕوویدا، ئەو وڵاتە پشتگیری لە ئیخوان موسلمین دەکرد و هێنایـنە ســـەر پێ دوای ئەزموونی ناســـری دژی ئەوان، بەڵام لە ئێستادا ســـعودیە بە یاســـا ئیخوان و هەموو ئیسلامیێکی سیاسیی بە تیرۆریست دادەنێت، ئەمەش شتێکی ئەرێنییە، ســـعودیە ئیسلامی سیاســـی لە ســـعودیە بۆ ئەوان وەك بەهەشـــت وابوو، چونکـــە وڵاتێکی فـــراوان و ڕووبەری جوگرافیی بەرینی هەیە، هەروەها دوو حەڕەمی لە مەککە و مەدینە هەیە، لای خۆشـــمان ئێران ئیسلامی سیاسیی شـــیعی بەڕێوە دەبات، واتا ئێران ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ئیسلامی سیاسیی شـــیعە هەیە لە عێراق هەروەك ڕەنگدانەوەی سعودیە بۆ سەر ئیسلامی سیاسیی سوننە.

*** ئایا گوێت لێبووە کە پیلانێکی دیکە و (سایکس بیکۆ) یەکی تازە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە؟**

- من بڕوام بە ســـایکس بیکۆ نییە، ئەوەی ڕوویدا لە نێوان ئەو وڵاتانەی وەك بەریتانیا و فەڕەنسا مەسەلەی سیاسی بوون، نەك جوگرافی، بـــە ئەمانەتەوە دەڵێم کە دەوڵەتێکی عەرەبی لە مێژوودا نەبووە عەرەبی یان کوردی بێت، وڵات هەیە کـــورد و عەرەب و تورکمانی تێدایە، لە ســـەردەمی عوســـمانیدا عێراق بۆ دە لیوا دابەشکرابوو، لەوانە لیوای ســـلێمانی هەبوو، لیوای هەولێر و کەرکووك سەر بە لیوای کەرکووك بوون، مەسەلەکە ئێستا دابەشبوونەکانی سایکس بیکۆ نییە، ســـایکس بیکۆ لەسەر جوگرافیای کۆن بنیاد نراوە، مەرج نییە سایکس بیکۆ لە دەرەوە بێت، بەڵکو لە ناوەوە دێت، کاتێك تایفەکان کە حزبێك بەڕێوەیان دەبات و دەیەوێت دەوڵەت دروست بکات، من لەگەڵ قەوارە گەورەکانم، نەك بچووکەکان، چونکە قـــەوارەی گەورە چەترێکی گەورە و ئابوورییەکـــی بەهێزی تێدا دەبێـــت، بۆیە ئەگەر لە عێراق دەوڵەتێکی شـــیعە و یەکێکی ســـوننە و یەکێکی دیکەی کوردی دابمەزرێن، دەزانن چی لەو هەڵوێســـتە ڕوودەدات، دەبێتە شەڕ لەسەر نەوت و زەوی و ئاو، بۆ نموونە تەنیا لە بەغدا نزیکەی یەك ملیۆن هاووڵاتی کورد هەیە، گەڕەك بە ناوی (حی الاکراد) هەیە، چۆن دەکرێ کورد، یان سوننە لە بەغدا جودا بکەیتەوە، یان شیعە لە سوننەی کەرکووك جودا بکەیتـــەوە، یان عەرەب و کورد لە موســـڵ جیا بکەینەوە؟ مەسەلەکە ئاڵۆزە، ئەو جیابوونەوانە بکرێت، شەڕ لە نێوانیان ڕوودەدات، من پێشـــبینی دەکەم کە شەڕ لەنێوانیاندا تەواو نەبێت، کێشـــە ســـەرهەڵدەدات لە نێوان موسڵ و ڕەمادی، لەنێـــوان ڕەمادی و تکریت، ڕەنگە ســـامەڕا بیەوێت ببێتە دەوڵەتێك، بۆیە پێویســـتە سیســـتەمێکی سیاسیی گشتی فیـــدڕاڵ بێتەئـــاراوە، کە مافەکانـــی نەتەوەیی و ئایینی هەموو پێکهاتەکان دەستەبەر بکات.

**ئەگەر پێش گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە هەماهەنگی لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە هەبووایە، بەم شێوەیە داعش بڵاو نەدەبووەوە**

**پێشمەرگە بیروبڕوایەکی دیاریکراوی ئایینی و توندڕەوی نییە، نەفەسێکی ئازادیخوازانەی مەدەنی و عەلمانی هەیە**

**کاتێ دەڵێین داعش بەهێزە، مەبەستمان ئەوەیە توانای سەربازیی عێراق لاوازە و سوپا ڕادەکات و لە شەڕ دەکشێتەوە، داعشیش دەرفەتەکەی قۆستەوە و بەو شێوەیە پێشڕەوی کرد**



پەرلەمانتار جەمال مورتکە فەرمانده‌ی میحوەری گوێڕ:

# تیرۆریستانی داعش ستراتیژیەتی شەڕەکەیان دۆڕاندووە بۆیە پەنا بۆ تاکتیکی ترسنۆکانە دەبەن

**کاتێـــك جیهـــان پەرلەمانتارێکی پێشـــمەرگەی وەك جەمـــال مورتکـــە دەبێنێـــت، کە لەســـەر کورســـییە کەمئەندامییەکەی لەلایەن سەرۆکەکەیەوە فەرماندەیی میحوەرێکی ســـتراتیژی و گرنگـــی وەك میحوەری گوێڕی پێدەسپێردرێت، دەبێت چ پێناسەیەك بۆ مانای پێشمەرگە بکات؟ جەمال مورتکە پێشمەرگەی دێرینی کوردســـتان لەگەڵ ئەوەی لە بەرەکانی شـــەڕ لەسەر کورســـییە کەمئەندامییەکەی سەرپەرشتی بەرەیەکی گرنگی شەڕی دژی تیرۆریستان دەکات، لەهەمانکاتدا هەر لەسەر ئەو کورسییەش لەناو پەرلەمانی کوردستاندا یاســـادانەرە و یاســـا بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە دەردەکات. ئێســـتا ئەم پەرلەمانتارە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە یاســـا بۆ ئایندەی ئـــەم وڵاتە دادەڕێژیت و ســـبەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات، ئەویش بڕیار و یاسای سەربەخۆیی کوردستانە کە سەرۆك بارزانی بە جیهانی رادەگەیەنێت. لە بەسەرکردنەوەی تیمی گوڵان بۆ میحوەری گوێڕ ئـــەم دیمانەیەمان لەگەڵ جەمال مورتکە ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرســـیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە ســـەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ و دوای داگیرکردنی گوێڕ لەلایەن تیرۆریســـتانی داعشـــەوە، وەك بەرپرســـی میحـــوەری گوێڕ دیـــاری کرایت، ئەم میحـــوەرە تا کوێ دەگرێتەوە و دۆخەکە تا ئێستا چۆنە؟**

- میحوەری گوێڕ تا سنووری کەڵەك دەگرێتەوە و ناوچەی گوێڕ پێگەیەکی ســـتراتیژی هەیە، لە رۆژی ١٠ی ئابی ٢٠١٤ کە گوێڕمان ئـــازاد کرد و تا رۆژی ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ تیرۆریستانی داعش بەردەوام هێرشیان کردۆتە ســـەر ئەم ناوچەیە، بۆ ئەوەی گوێڕ داگیربکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە شـــەوی ٩ی ئەم مانگە توانییان بە پەنابردن بۆ تاکتیکی نوێ، بۆ یەك دوو ســـەعات بێنە ناو گوێڕ، بەڵام دواتر پشـــتیوان بە خوا و بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشـــمەرگە هێرشـــی کرد و توانی گوێڕ لە داعشییەکان پاك بکاتەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژێت، ئەوانەشـــی هەڵهاتن بەشـــێکی زۆریان لە کاتـــی پەڕینەوەیان لە زێ خنکان.

**■ چۆن دەتوانم دابنیشم کاتێک سەرۆک بارزانی دەبینم خۆی بە شێوەیەکی مەیدانی لە بەرەکانی شەڕە و وەک پێشمەرگە سەرپەرشتی شەڕەکان دەکات؟**

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە ماوەی پێنج مانگە تیرۆریستانی داعـــش هەوڵدەدەن گوێڕ داگیر بکەن، ئایا ســـتراتیژیەتی گوێڕ بۆ تیرۆریستان چییە؟**

- ســـتراتیژیەتی گوێـــڕ لەوەدایە کە نزیکـــە لە هەولێری پایتەخـــت، لەلایەکـــی دیکـــەوە خاڵی بـــە یەکگەیاندنی میحـــوەری خـــازرە لەم لاوە، لەو لاشـــەوە خاڵـــی بە یەك گەیاندنی نێوان مەخموور و دبسە، بۆیە هەر کاتێك دوژمن گوێڕی بکەوێتە بەردەســـت، بەرەی خـــازر و بەرەی دبس - مەخمووریـــش دەکەوێتە مەترســـییەوە، لەم رووەوە هەموو هەوڵی تیرۆریستانی داعش لە ماوەی پێنج مانگی رابردوو بۆ ئەوە بووە جارێکی دیکە گوێڕ بگرنەوە.

**■ ئەمە یەکەمجار نییە ببینم سەرۆک بارزانی دێتە بەرەکانی شەڕ، هەر کاتێک کوردستان هەڕەشەی لەسەر بوویێت، وازی لەهەموو شتێک هێناوەو هاتۆتە بەرەکانی شەڕ و شانبەشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ بووە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو کێشەکان بێت**

*** لە مانگی ئابی رابردوو تیرۆریستان توانییان بۆ ماوەی ٦٠ — ٧٠ کاتژمێر، واتە کەمتر لە ســـێ رۆژ گوێڕ داگیر بکەن، چۆن توانرا لەو کاتەدا گوێڕ ئازاد بکەنەوە؟**

- کاتێك لە رۆژی ٧ی ئابی ٢٠١٤ تیرۆریســـتان دەستیان گەیشتە گوێڕ، وەك هەموو لایەك دەزانن، جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاری شـــەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند و هەر خۆیشی وەك فەرماندەیەکی مەیدانی پلانی سەربازی بۆ رێکخستنەوەی بەرەکانی شەڕ دارشت، منیش رۆژی ٧ی ئابی ٢٠١٤ گەیشتمە ناوچەی گوێڕ و لەســـەر فەرمانی سەرۆك بارزانی هێزێکی تازەمان پێکهێنا و ئەو هێزە تازەیە کە من سەرپەرشـــتیم دەکرد، بووە بەشێك لەو هێزەی کە لە رۆژی ١٠ی ئابی ٢٠١٤ بە سەرپەرشتی راستەوخۆی ســـەرۆك بارزانی گوێڕمان ئازاد کردەوە، ئەو پلانە ســـەربازییەی ســـەرۆك بارزانی بۆ گرتنەوەی گوێڕ و مەخموور دایڕشـــت، لە کاتێکدا بوو هێشـــتا هاوکاریی هاوپەیمانـــان دەســـتی پێنەکردبوو، تەنیا بـــە ئیمکانیەتی بەردەست و ئیرادەی پێشمەرگەش توانرا تیرۆریستانی داعش

تێکبشکێندرێت، واتە دوای ئەوەی ئاڕاستەی شەڕەکە گۆڕا، هاوپەیمانان دەستیان کرد بە ناردنی هاوکاری بۆ پێشمەرگە، بەوەش پێشـــمەرگە توانی هەموو ناوچەکان لە تیرۆریستان پاك بکاتەوە. ســـوپاس بۆ خوا ئێستا گەیشووینەتە ئاستێك کە دەتوانین بڵێین تیرۆریستانی داعش ناتوانن هێرش بکەن و بەرەیەکمان بشکێنن، بەڵام وەك شەڕی لە ناکاو و هەڵکوتان و کشـــانەوە لەوانەیە بتوانن بۆ ماوەیەکی کەم شوێنێك، یان بەرزاییەك بگرن، بەڵام ناتوانن لێی بمێننەوە.

*** هێرشـــەکەی ٩ی ئەم مانگەی داعش بۆ سەر گوێڕ و مانەوەیان بۆ یەك دوو کاتژمێر، تاچەند چاوەڕواننەکراوبوو؟ ئایا چۆن ئەو دەرفەتایان بۆ رەخسا کە ئەو هێرشە بکەن؟**

- پێـــش هەموو شـــت دەمەوێـــت ئەوە بڵێـــم، جوگرافیا و تۆپۆگرافیای ئەم ناوچەیە بریتییە لە سنووری نێوان کورد و عەرەب، هەروەها بە درێژایی ســـنووری نێوان ئەم بەرەیە کە ٢٠ کیلۆمەتـــرە، زێیەك لە نێوانمانـــدا هەیە، هەروەها ناوچەیەکی جەنگڵســـتانە و بەرزایی و نشـــێوی زۆرە، لەم ناوچەیـــە گونـــدی عەرەبی لێیە، بۆیە دوژمـــن دەتوانێت بپەڕێتەوە، هەروەها شـــێوازی ئـــەم ناوچەیەش بەو جۆرەیە دوژمن دەتوانێت خۆی حەشار بدات، بەڵام وێڕای ئەمانەش بەردەوام هێرشـــی لەنـــاکاوی دوژمن بە نیســـبەت ئێمەوە چاوەڕوانکراو بووە، لە شەڕیشدا جاری وایە دوژمن دەتوانێت پێشڕەوی بکات، گرنگ ئەوەیە پاشەکشەی پێبکرێتەوە. ئەو هێزەی لەم ناوچەیە هەن، هەندێك کێشەی تەکنیکییان هەیە و پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە، هەر بۆ ئەم پرسە بەڕێز وەزیری پێشـــمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کردووین، دەبوو زووتر ئەو کێشە تەکنیکییە چارەسەر بکرێت، بۆیە لەم ناوچەیە زیاتر پشت بە هێزەکانی ئاسایش بەستراوە و هێزەکانی ئاسایشیش رۆڵێکی هێجگار گرنگ و گەورەیان گێڕاوە بۆ پاراستنی ئەم دەڤەرە و لەو شەڕەشـــدا کۆمەڵێك پێشمەرگەی ئاسایش بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لە گوێڕ کردووە، هەتا هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە بە هانایەوە چوون و توانییان تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن و لە گوێڕ راویان بنێن.

*** لە یـــەك دوو رۆژی رابردوو بەڕێز ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان ســـەردانی میحوەری گوێڕی کرد، ئایا پلان و تاکتیکی شـــەڕ و رێنمایی تایبەتیـــان هەبوو؟ هەروەها تاچەند بۆ ئێســـتا گرنگە سەنگەرێکی شریتی لەم ناوچە گرنگە دروست بکەن بۆ ئەوەی رێگە نەدەن جارێکی دیکە تیرۆریستانی داعش دزە بکەنەوە؟**

- هاتنی ســـەرۆك بارزانی بۆ میحوەری گوێڕ بۆ ئەوە بوو لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکان کۆبێتەوە و پلانێك دابندرێت بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت جارێکی دیکە تیرۆریستانی داعش دزە بکەنەوە، ســـەبارەت بە بەشـــی دووەمی پرسیارکەشتان پێموایە بۆ تۆپۆگرافیای ئەم ناوچەیە کارێکی قورســـە کە بتواندرێت سەنگەرێکی شـــریتی لێ بدرێت، لەبەر ئەوەی ســـنوورەکە وەك پێشتر باســـمکرد جیاوازە و بەشێکی ئاوە و بەشێکی هەوراز و نشـــێوە، بەشێکیشی جەنگڵستانە، بەڵام ئێســـتا ئەم مەسەلەیە لە ژێر دیراســـەتدایە و خەریکین لە چوارچێوەی پلانێکی سەربازیدا خەتی بەرگری لەم ناوچەیە بە شێوەیەکی زۆر باش رێکدەخەین.

**سوپاس بۆ خوا ئێستا گەیشووینەتە ئاستێک کە دەتوانین بڵێین تیرۆریستانی داعش ناتوانن هێرش بکەن و بەرەیەکمان بشکێنن**

**بۆ من هیچ بستە خاکێکی کوردستان لە هەر چوارپارچەکەی جیاوازی نییە، بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کوردستانیش بووین بە پێشمەرگە، لە زۆر شوێنی ئەم کوردستانەش خەباتمان کردووە**



*** وەك پێشمەرگەیەكی دێرینی شاخ و ئێستاش پەرلەمانتار و پێشمەرگە، كاتێك سەرۆك بارزانی لە مەیدانی شەڕەكان دەبینێت، وەك فەرماندەیەكی سەربازی هەست بەچی دەكەی؟**

- هێندەی من بەڕێز سەرۆك بارزانی دەناسم، لە تەمەنی لاوییەوە پێشمەرگەیە و بە پێشمەرگایەتی چاوی كردۆتەوە، بۆیە بینینی سەرۆك بارزانی لە بەرەكانی شەڕ لای من ئاساییە، لەبەر ئەوەی ئەمە یەكەمجار نییە ببینم سەرۆك بارزانی دێتە بەرەكانی شەڕ، هەر كاتێك كوردستان هەڕەشەی لەسەر بووبێت، وازی لەهەموو شتێك هێناوەو هاتۆتە بەرەكانی شەڕ و شانبەشانی پێشمەرگە لە بەرەكانی شەڕ بووە بۆ ئەوەی لە نزیكەوە ئاگاداری هەموو كێشەكان بێت، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێ بكەیت، تاچەند بوونی سەرۆك بارزانی لە بەرەكانی شەڕدا كاریگەری لەسەر ورەی پێشمەرگە و سەركەوتنەكانی پێشمەرگە هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێم: ئەوەی وایكردووە من بەمحاڵەوە لە بەرەكانی شەڕدا بم، بە هۆی ئەوەیە سەرۆك بارزانی خۆی لە بەرەكانی شەڕە، من خۆم چۆن دەتوانم دابنیشم كاتێك سەرۆك بارزانی دەبینم خۆی بە شێوەیەكی مەیدانی لە بەرەكانی شەڕە و وەك پێشمەرگە سەرپەرشتی شەڕەكان دەكات؟

*** وەك پێشمەرگەیەكی كوردستان و كوڕێكی هەولێری كە ئێستا سەرپەرشتی ئەم میحوەرە گرنگە دەكەی، پەیامی دڵنیاییت بۆ خەڵكی شارەكەتان و هەموو كوردستان چییە؟**

- پێش هەموو شت من پێشمەرگەی كوردستانم، جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمان بكات لە كوێ بم، لەوێ دەبم، بۆ من هیچ بستە خاكێكی كوردستان لە هەر چوارپارچەكەی جیاوازی نییە، بۆ سەربەخۆیی و ئازادی كوردستانیش بووین بە پێشمەرگە، لە زۆر شوێنی ئەم كوردستانەش خەباتمان كردووە، بۆیە لای من هەموو بستێكی خاكی كوردستان هەولێرە، ئێستاش لە سەر فەرمانی سەرۆك بارزانی لەم بەرەیەم و ئەم ئەركەم لەسەر شانە، من نەك هەر ئێستا، بەڵكو پێشتریش لە دوای تێكشكانی تیرۆریستانی داعش لە ئابی رابردوو خەڵكی هەولێر و كوردستانم دڵنیا كردۆتەوە، دوژمنان جارێكی دیكە ناتوانن بەرەی گوێڕ بشكێنن، بە مانای داگیركردنی گوێڕ، ئەوا دڵنیایان دەكەمەوە جارێكی دیكە گوێڕ داگیرناكرێتەوە و ئێستا گوێڕ هیچ مەترسییەكی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر بڵێین تیرۆریستانی داعش واز لە گوێڕ دێنن و هێرشی بۆ ناكانەوە، وا نییە، من وەك فەرماندەیەكی سەربازی پێموایە چەندین جاری دیكەش خۆیان تاقی دەكەنەوە، وەك چۆن لە ٩ی ئەم مانگەش خۆیان تاقیكردەوە، لەوانەیە لەو هێرشانەش بتوانن لە چەند شوێنێك پێشڕەوی بكەن، بەڵام خۆیان ناگرن و تێكدەشكێندرێن، هەروەك چۆن ئەمجارەش تەنیا دوای دوو كاتژمێر تێكشێندران، لەمەش زیاتر ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین سەنگەرێكی شریتی دروست بكەین، ئەمەش هێندەی دیكە بەرەی شەڕەكە تەئمین دەكات.


**لەم ناوچەیە زیاتر پشت بە هێزەكانی ئاسایش بەستراوە و هێزەكانی ئاسایشیش رۆڵێكی هێجگار گرنگ و گەورەیان گێڕاوە بۆ پاراستنی ئەم دەڤەرە و لەو شەڕەشدا كۆمەڵێك پێشمەرگەی ئاسایش بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لە گوێڕ كردووە**

**ئەو پلانە سەربازییەی سەرۆک بارزانی بۆ گرتنەوەی گوێڕ و مەخموور دایڕشت، لە كاتێكدا بوو هێشتا هاوكاریی هاوپەیمانان دەستی پێنەكردبوو، تەنیا بە ئیمكانیەتی بەردەست و ئیرادەی پێشمەرگەش توانرا تیرۆریستانی داعش تێكبشكێندرێت**





# قەرزکردنی دەرەکی و ئەزموونی وڵاتانی گەشەکەر



د. لەتیف کەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**حکومەتی کوردستان لەم ماوەیەی پێشوودا پرۆژە یاسایەکی خستووەتە بەردەست پەرلەمانی کوردستان بۆ دەنگدان و رازیبوون لە سەری، پرۆژە یاساکە لە کاتێکدا دێت کە حکومەتی ناوەندی عێراق وا بۆ ماوەی یازدە مانگە بەشە داهاتی نەوتی لە هەرێمی کوردستان بڕیوەو بەو هۆیەشەوە موچە و سەرچاوەی دارایی و وەبەرهێنان تووشی ئاستەنگێکی زۆر بووە. داوای قەرزی دەرەکی لە کاتێکی ئاوادا، زۆر کردارێک و کاردانەوەیەکی سروشتیانە دێتە بەرچاوو زۆر نزیکە پەرلەمان و جەماوەری کوردستان بێ سێ و دوو پاڵپشتی ئەم پرۆژە یاسایە بکەن.**

**پێش ئەوەی شیکردنەوەیەک و ئەنجامگیریەک بۆ پرسێکی وا گرنگ بکەین، پێویستە لێرەدا بە شێوەیەکی کورت شیکردنەوەیەک بۆ جۆرەکانی قەرزی دەوڵەتی بکەین و بە ئەزموونی وڵاتانی گەشەکەردا بچینەوەو بزانین کێشەو ئاستەنگەکانی ئەم شێوە قەرزکردنە چین.**

### • قەرزی دەوڵەتی

بەشێوەیەکی گشتی قەرز لە بارێکدا دەکرێت کە خەرج (Expenditure) لە داهات (Income) بەرزتر بێت. بە پێچەوانەشەوە، پاشەکەوتکردن (Saving) لە کاتێکدا دەکرێت کە داهات لە خەرج بەرزتربێت. بە هەمان پێوەر، دەشێ حکومەت قەرز بکات لەکاتێکدا کە وەبەرهێنانی نیشتمانی لە پاشەکەوتی نیشتمانی نزم بێت، لێرەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان قەرزو پاشەکەوتکردنی بەکاربەری ئاسایی (Ordinary consumer)و قەرزی دەوڵەتدا. هەرچەندە بناغەکانی قەرزکردنی تاکەکەس و دەوڵەت زۆر لەیەک دەچن بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە ڕووی مەبەست و مەوداو شێوەی قەرزکردنیاندا هەیە.

(١) لە پێش هەموویانەوە، بە پێچەوانەی تاکەکەسەوە، دەوڵەت کاتی ژیانی دیاریکراو نییە، واتە دەوڵەت تەنیا شەست یا هەفتا ساڵ ناژی هەتا مەودای قەرزەکانیشی بە پێی ژیانی بێت و لە کۆتایی ژیانیدا هەموو قەرزەکانی دابێتەوە.

(٢) بەپێچەوانەی تاکە کەسەوە، پێشبینی دەکرێت دەوڵەت ئیفلاس نەکات. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەیشتنەی کە دەوڵەت نوێنەرایەتی نیشتمانێکی سەربەخۆ (Sovereign Nation) دەکات و نیشتمانیش ڕەنگە تووشی نشوستی بێت لە بارو زروفی نەخوازراودا، بەڵام لە ئایندەدا هەر هەڵدەستێتە سەر پێی خۆی. هەر بۆیە ڕێژەی مەترسی (Risk Rate) قەرزی دەوڵەتی زۆر کەمترە (زۆرجار یەکسان دەکرێت بە سفر) لە قەرزی تاکەکەس و کۆمپانیاکان.

(٣) هەر ئەمەش وادەکات کە دەوڵەت لە چاو تاکەکەسدا سەرچاوەی قەرزی زۆر زیاتری هەبێت و دامودەزگا جیهانیەکان زیاتر متمانەیان پێی هەبێت.

(٤) جیاوازیەکی بنەڕەتی دیکەی قەرزی دەوڵەتی لەگەڵ قەرزی بەکاربەری ئاساییدا ئەوەیە کە مەبەستی قەرزی دەوڵەت بۆ وەبەرهێنان و پێشڕەوتی نیشتمانە نەک سوودی تاکەکەس. هەربۆیە، دەرئەنجامی قەرزکردنی دەوڵەت بە باش و بە خراپ کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو هاووڵاتیانی وڵات. جا ئەگەر هاووڵاتیان ئاگایان لە قەرزەکە بووبێت یا نەبێت، کاردانەوەکانی قەرزەکە کاریگەری لەسەر ژیانی هەموویان هەر دەبێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو کە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە مەبەستی سەرەکی قەرزکردنی دەوڵەتی هەیە:

یەکەم، قەرز بە مەبەستی وەبەرهێنان. ئەم جۆرە قەرزەش دەکرێت بە دوو جۆرەوە. جۆری یەکەم بۆ وەبەرهێنانە لە ژێرخانی ئابووریدا وەکو دروستکردنی ڕێگەوبان و بەنداو و ئێزگەی بەرهەمهێنانی وزەو ..تاد. زۆربەی قەرزیش بۆ ئەم مەبەستانە دەبێت درێژخایەن بێت چونکە پرۆژەکان ماوەیەکی زۆریان دەوێت تەواوبکرێن. لە هەمان کاتدا، بەهرەی ئەم پرۆژانەش لە ماوەیەکی زۆر درێژخایەندا بەدی دەهێنرێن. بۆ نمونە، لێدان و تەواوکردنی ڕێگایەکی

**حکومەتی کوردستان بە قەیرانێکی ئابووری و داراییدا تێپەڕ دەبێت، بەشێکی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگرتنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغداوە، بەڵام بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری کوردستان و خەرجیی حکومەت. لە هەمان کاتدا، پێویستە بوترێت کە شەڕی تیرۆریزمی داعش لە کاتێکدا ڕوویدا کە کوردستان لە باری داراییەوە تووشی ئاستەنگێکی زۆر گەورە بووەتەوە.**

**سوودێکی دیکەی قەرزکردنی ناوخۆیی ئەوەیە کە سوودی قەرزەکە، بە پێچەوانەی قەرزی دەرەکیەوە هەر لەناو وڵاتدا دەمێنێتەوە. بۆیە لە ئەنجامدا بە دانەوەی قەرزەکە قەرزکەر (حکومەت) و قەرزدەر (هاووڵاتی) سوود و زیانیان بەرامبەر دەبێت و وڵات لە قەرزەکە زەرەرمەند نابێت**

ستراتیژی یا هێڵی ئاسنین ڕەنگە چەند ساڵێکی بوێت تا تەواو دەبێت بەڵام دەیەها ساڵی دەوێت هەتا تێچووەکەی خۆی دەربهێنێتەوە. زۆرجار بەهرەی ئەم جۆرە پرۆژانە زۆر ناڕاستەوخۆن و سەرەڕای ئەوەی دەوڵەت ئێستا دەبێت خەرجێکی زۆریان تێدا بکات، بەهرەکەیان بەسەر هەموو دانیشتواندا دابەش دەبێت و ڕاستەوخۆ نابنە مایەی هیچ داهاتێک بۆ بودجەی دەوڵەت. جۆرێکی دیکەی قەرز بۆ مەبەستی وەبەرهێنان قەرزی کورتخایەنە. بۆ نموونە قەرز بە مەبەستی بەرهەمهێنان لە پرۆژەیەکدا کە خێرا دێتە دەستەوەوە و خێرا دەست دەکات بە بەرهەمهێنان و بەهرەکەشی راستەوخۆیە. بۆ نمونە، دامەزراندنی کارگە و کێڵگەی بەرهەمهێنەر. بەرهەمی ئەم جۆرە پرۆژانە بەرجەستەیین (Tangible) بۆیە پرۆژەکان توانایان هەیە خۆیان قەرزەکانی خۆیان بدەنەوەو چاوەڕوان ناکرێت لە پاشەڕۆژدا ببنە مایەی هیچ نیگەرانیەک بۆ بودجەی دەوڵەت. لەبەر هەندێ، شێوەی دابین کردنی دارایی بۆ ئەم پرۆژانە زۆر ئاسانترە لەدابینکردنی دارایی بۆ پرۆژەی درێژخایەن، بەڵام لە گوتارێکی ئاوادا بوار نیە بە دوورو درێژی بەوردەکاریەکانیاندا بچینەوە.

دووەم، جۆری قەرزی دەوڵەتی بۆ مەبەستی خەرجکردنە. بۆ نمو و نە



ڕەنگە دەوڵەت بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئێستا تووشی قەیرانی دارایی بووبێت و داهاتی لە تێکڕای خەرجی کەمتر بێت. بۆیە پەنا دەبات بۆ قەرزکردن و مەبەستی سەرەکیش خۆلادانە لە سەرهەڵدانی نارەزایی کۆمەڵایەتی نەخوازراو. لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە وڵاتێک قەرز بکات بۆ ڕاستکردنەوەی کورتهێنانی هاوکێشەی پێدانی بازرگانی (Balance of Trade Deficit). ئەمەش لە بارێکدا پێویست دەکات کە هاوردەی (Imports) وڵات لە هەناردەی (Exports) زیاتر بێت. بێگومان مەرج نییە هەر ئەو لارسەنگی هاوکێشەیە دروست بوو، وڵات پێویست بکات قەرز بۆ ڕاستکردنەوەی بکات. قەرز بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکات کاتێک دراوی وڵات بە پێی پێوەرێکی تایبەتی، نەک یاساکانی بازاڕی ئازاد، دیاری کرابێت. بۆ نموونە نرخی دراوی زۆربەی زۆری وڵاتانی گەشەکەر دیاریکراوە و لارسەنگی هاوکێشەی سەرەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی نرخی دراوو بەو هۆیەشەوە باری ئابووری وڵات تێکدەچێت. بۆ خۆ لادان لە کارتێکەرە نەخوازراوەکانی لارسەنگی هاوکێشەی پێدانی بازرگانی، وڵاتانی گەشەکەر زۆر جار لە قەرزی لەو چەشنەیان کردووە. بۆ نموونە، قەرزەکانی وڵاتانی گەشەنەکردوو لە کۆتاییەکانی هەفتاکانی سەدەی پێشوودا کە بۆ مەبەستی ڕاستکردنەوەی کورتهێنانی هاوکێشەی پێدانی بازرگانی بوو. یا قەرزەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا کە بۆ بەرزکردنەوەی خەرجی حکومەت بوو. کێشەی سەرەکی ئەم جۆرە قەرزانە ئەوەیە پارە قەرزکراوەکە ئێستا خەرجدەکرێت، بەڵام نەوەی پاشەڕۆژ دەبێت بیداتەوە. واتە نەوەی ئێستا بەهرەو خۆشی لە قەرزەکە وەردەگرێت، بەڵام نەوەکانی داهاتوو دەبێت خەرج و خۆشیەکانیان کەمبکەنەوە بۆ ئەوەی قەرزی نەوەکانی پێشوو بدەنەوە.



**● هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی قەرزی دەوڵەتانی گەشەکەر**

مێژووی قەرزی دەرەکی و ناوەکی دەوڵەتی مۆدێرن شان بە شانی دروستبوونی دەوڵەت کۆنە، بەڵام قەیرانی قەرزی نێودەوڵەتی بەتایبەت قەیرانی قەرزی وڵاتانی گەشەکەر لە ڕووی مێژوویەوە دیاردەیەکی زۆر کۆن نییە. زۆربەی وڵاتانی گەشەکەر لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی پێشوودا بە قۆناغێکی گەشەکردنی باشدا تێپەڕدەبوون کە تێکڕای ڕێژەی گەشەکردنیان لە سالآنی ١٩٦٧-٧٣ دا ٦,٦٪ بوو. زۆربەی وڵاتانی تازە گەشەکردووی وەک وڵاتانی ئەمریکای لاتینی دەستیان کردبوو بە هاوردەی کاڵاکانی سەرمایە و نەوت و خواردن کە پێویستبوون بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. زۆربەی ئەو وڵاتانەش پەیڕەوی سیاسەتێکی تیژڕەوی هەناردەییان دەکرد بۆیە پێشبینیان دەکرد کە قەرزی ئەوکاتە زۆر بە ئاسانی بدرێتەوە. بەدبەختانە لە سەرەتایی هەفتاکاندا هاوکێشە ئابوریەکانی جیهان گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات. کە بریتی بوون لە:

یەکەم، وڵاتانی هەناردەی نەوت بەتایبەت وڵاتانی ئۆپێک (OPEC) لە ساڵی ١٩٧٣دا نرخی نەوتیان چوار قات بەرزکردەوە. ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی داکشانی ئابووری (Economic Recession) لە وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان، هەر بەو بۆنەیەوە، ڕێژەی نەشونمای ئابووری ئەو وڵاتانە لە ٥,٢٪ ەو دابەزی بۆ ٢,٧٪ لە ساڵەکانی ١٩٧٣-١٩٨٠ دا. وەک کاردانەوەیەکی ئەو داکشانە، خواستی وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان بۆ کەرەسە خاوەکان کە زۆربەی زۆری هەناردەی وڵاتە گەشەکەرەکان دەگرێتەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی. بۆیە داهاتی هەناردەی وڵاتانی گەشەکەر بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی، شایانی باسە کە ئابوری وڵاتانی هەناردەی نەوت لەو کاتەدا توانای هەڵمژینی بەرزبوونەوەی چاوەڕوان نەکراوی بڕە داهاتەکانی نەوتی نەبوو. بۆیە زۆربەی داهاتەکان کە بە دۆلاری ئەمەریکی بوو لە حیسابی بانکە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکاندا دانران. وەک کاردانەوەیەکی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وڵاتە گەشەکەرەکان، بەتایبەت هاوردەکانی نەوت، تووشی کورتهێنانی هاوکێشەی پێدانی بازرگانی بوون. بانکەکانیش کە بواری قەرزدان و وەبەرهێنانیان لە وڵاتانی گەشەکردوودا تەسک بوبۆوە، زۆر بە ئاسانی قەرزیان بەو وڵاتانە دەدا. زۆر ئابووریناس لەو باوەڕەدان کە بانکە جیهانیەکان لە دروستکردن و قووڵکردنەوەی قەیرانەکەدا نەخشی گرنگیان هەبوو لەوەی زۆر هانی وڵاتانی گەشەکەریان دەدا کە قەرز وەربگرن. ئەمەش تەنیا بۆ مەبەستی دووبارە بەکارهێنانی (Recycling) پێترۆدۆلاری ئۆپێک بوو.

**پێویست دەکات سیاسەتی مشەخۆر دروستکردن لە حیسابی دارایی گشتی کۆتایی پێ بهێنرێت و موچەی زۆر و بە فیرۆدانی سامانی گشتی کەم بکرێتەوە. بێگومان ئەم ئەرکەش وەک پاککردنەوەی تەویلەکانی هەرقلی یۆنانی دێتە بەرچاو. چونکە حکومەت لە ساڵانی رابردوودا هێندە گەندەڵ و موچەخۆری بێکاری لە خۆ راگرتووە کە بەئاسانی تەن بە پاککردنەوە نادەن**

**پێویستە حکومەت سەرچاوە داراییەکانی خۆی کارا بکاتەوە بەتایبەت سەرچاوەی باجی داهات. بە کورتی حکومەتی مۆدێرن و دیموکراسی بەبێ سیاسەتێکی باجی داهاتی پێشکەوتووخوازانە زۆر ئاستەمە**

**کێشەی سەرەکی ئەم جۆرە قەرزانە ئەوەیە پارە قەرزکراوەکە ئێستا خەرجدەکرێت، بەڵام نەوەی پاشەڕۆژ دەبێت بیداتەوە. واتە نەوەی ئێستا بەهرەو خۆشی لە قەرزەکە وەردەگرێت، بەڵام نەوەکانی داهاتوو دەبێت خەرج و خۆشیەکانیان کەمبکەنەوە بۆ ئەوەی قەرزی نەوەکانی پێشوو بدەنەوە**

دووەم، کارتێکەرێکی گرنگ کە نەخشی هەبوو لە دروست بوونی قەیرانەکانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا ئەوە بوو لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان بە سیاسەتی دارایی و ئابووری خۆیاندا چوونەوە؛ بۆ بەرهەڵستیکردنی داکشانە ئابورییەکەی ناوەڕاست هەفتاکان، ئەو وڵاتانە، بە تایبەت بەریتانیا و ئەمریکا، سیاسەتێکی تیژڕەویان گرتەبەر بەرامبەر ڕێژەی هەڵئاوسان و بێکاری. جێبەجێکردنی سیاسەتێکی لەو جۆرەش پێویستی بە سیاسەتی گرژی دارایی هەبوو (Strict monetary policy). ئەو سیاسەتەش بووە هۆی نزم بوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریکردە سەر ڕێژەی سوودی ڕاستەقینە لە بازاڕدا. لە کاتێکدا لە کۆتاییەکانی هەفتاکاندا ڕێژەی سوود لە زۆر وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوودا لە خوارەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان بوو و وڵاتانی قەرزکەر سوودیان لەم ڕێژە نێگەتیڤە دەبینی، سیاسەتی ناوبراوی پێشوو ڕێژەی سوودی لە چەندساڵێکی کەمدا بەرزکردەوە بۆ ١٧,٥٪، ئەمەش بووە هۆی بارگرانیەکی زۆر بۆ وڵاتانی قەرزکەر.

سێیەم، هۆکارێکی گرنگی دیکەی قەیرانی قەرز ئەوە بوو کە لە هەفتاکانی سەدەی پێشوو پێکهاتەی قەرزی وڵاتانی گەشەکەر گۆڕا. گۆڕانەکانیش لەم دوو شێوەیە بەدی دەکرا:

● زۆربەی زۆری قەرزەکانی وڵاتانی گەشەکەر لەسەرەتایی هەفتاکاندا لە سەرچاوەی گشتیەوە (حکومەتەکان) بوون. قەرزی سەرچاوەگشتیەکانیش هەلومەرجی دانەوەی زۆر ئاسانتریان هەیە لە قەرزی بازرگانی. بۆ نموونە، ڕێژەی سوودی ئەو قەرزانە زۆربەی جار زۆر نزمترە لە ڕێژەی سوودی بازاڕ. هەروەها، کاتی دەستپێکردن و پێدانەوەی قەرزەکەش بە هەمان شێوە زۆر لەبارتر بوو بۆ وڵاتانی گەشەکەر. زۆرجار بڕێکی قەرزەکانیش وەک کۆمەک (Aid) هەژمار دەکرا.

● بەداخەوە، لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا هەڵوێستی وڵاتە پێشکەوتووەکان بەرامبە بە قەرز گۆڕا. لە کاتێکدا نزیکەی نیوەی قەرزەکانی وڵاتانی گەشەکەر لە سەرچاوەی گشتیەوە بوون، ئەو ڕێژەیە دابەزی بۆ ٣٢٪ لە سەرەتای هەشتاکاندا. ئەمەش وڵاتە گەشەکەرەکانی خستە ژێر ڕەحمەتی بانکە بازرگانیە جیهانیەکانەوە.

● لە لایەکی ترەوە، داراییە گشتیەکان لە هەشتاکان بەدواوە لە ڕێگەی ڕێکخراوو دەزگا فرەلایەنەکانی وەک بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی دراوەو دیاری دەکرا. ئەو ڕێکخراوانەش بە مەرجی زۆر سەنگین قەرزیان بە دەوڵەتانی گەشەکەر دەدا. بۆیە وڵاتانی قەرزکەر کەوتنە ژێر ڕکیفی دەزگا فرەلایەنەکانەوە کە ئەوانیش هەمان سیاسەتی ئابووری و داراییان بە سەر وڵاتانی جیاوازدا سەپاند. بۆیە پرەنسیپی هەمان کەوشی بۆ هەموو پێیەکیان بەکاردەهێنا. ڕەچاونەکردنی بارودۆخی تایبەتی وڵاتانیش کاردانەوەی نەرێنی زۆری هەبوو لەسەر گەشەکردنی ئابووری و باری کۆمەڵایەتی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە.

چوارەم، زۆر جار سیاسەتمەدارانی وڵاتانی گەشەکەر زۆر بە خێرایی لۆمەی شکستخواردنی خۆیان دەدەنە پاڵ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، بەڵام گومانی تێدا نییە کە حکومەتەکانی وڵاتانی قەرزکەر بەرپرسیارێتیەکی زۆریان هەیە لە دروستکردنی قەیرانەکە. گەندەڵی و کورتبینی و بە فیرۆدان و خراپ خەرجکردنی سامانی وڵاتەکانیان بووبە هۆی بە گرانکەوتنی دانەوەی قەرزەکان لە سەر دانیشتووانی وڵاتەکانیان. بۆ نموونە، هەرچەندە سەرهەڵدانی قەیرانی قەرزی وڵاتە گەشەکەرەکان لە هەمان کاتدا ڕوویدا بەڵام دەوڵەت لە زۆر لەو وڵاتانە لە ڕێگەی سوپاوە دەبرابەڕێوە. دەسەڵاتی سوپاش زۆر بەدناون بۆ خراپ بەڕێوەبردن و بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی. باشترین نموونەش دەسەڵاتی سوپایە لە پاکستان و ئەرجەنتین و چیلی و سودان لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

● **سەرچاوەکانی قەرز وەرگرتنی حکومەت**

● **سەرچاوە ناوخۆییەکان:** حکومەتەکان دەتوانن لە دانیشتووانی وڵاتەکانی خۆیان (هاووڵاتی و کۆمپانیاکان) قەرز بکەن. زۆربەی جار وڵاتان سەنەدی قەرزکردن (Bills & bonds) دەردەکەن و لە بازاردا بە هاووڵاتیان و کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی خۆیانی دەفرۆشن. باشی ئەم جۆرە قەرزکردنە ئەوەیە کە قەرزەکە بە دراوی ناوخۆ دەدرێتەوەو پێویستی بە دراوی بێگانە نییە. بۆیە هیچ قورساییەک ناخاتە سەر داهاتی هەناردەکردنی وڵات. لە لایەکی ترەوە، ئەم شێوە قەرزە دانیشتووانی وڵات فێری پاشەکەوتکردن دەکات لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی کەرتی دارایی و بانکی وڵات بەوەی هاووڵاتیان

پاشەکەوتەکانیان لە بازاڕی داراییدا بەکار دەهێنن. سوودێکی دیکەی قەرزکردنی ناوخۆیی ئەوەیە کە سوودی قەرزەکە، بە پێچەوانەی قەرزی دەرەکیەوە هەر لەناو وڵاتدا دەمێنێتەوە. بۆیە لە ئەنجامدا بە دانەوەی قەرزەکە قەرزکەر (حکومەت) و قەرزدەر (هاووڵاتی) سوود و زیانیان بەرامبەر دەبێت و وڵات لە قەرزەکە زەرەرمەند نابێت. لایەنی نەرێنی ئەم شێوە قەرزە وەک هەر قەرزێکی دیکە ئەوەیە کە حکومەت فێری زیادە خەرجکردن و قەرزکردن دەکات کە خۆی لە خۆیدا نەریتێکی ئابووری خراپە. باشترین نمونەش وڵاتانی باشووری ئەوروپایە کە دوای ساڵانێکی زۆری قەرزکردن و زیادە خەرجکردن دووچاری قەیرانێکی دارایی زۆر ترسناک بوونەتەوە.

**● سەرچاوە دەرەکیەکان: سەرچاوە دەرەکیەکان دەبن بەم بەشانەی خوارەوە:**

سەرچاوە تاکلایەنەکان: ئەم سەرچاوە بانکە ناوەندیەکانی وڵاتانی بێگانە دەگرێتەوە. واتە، حکومەتەکانی وڵاتان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بانکە ناوەندیەکانیانەوە قەرز دەدەن بە وڵاتانی بەناو دۆستی خۆیان. ئەم شێوە قەرزەش باشی زۆرە لە چاو قەرزی بازرگانیدا. بۆ نموونە، ڕێژەی سوود لە سەر ئەم قەرزانە کەمترە لە ڕێژەی سوودی بازاڕ. لە لایەکی دیکەوە، بەشێکی زۆربەی ئەم قەرزانە بە کۆمەک (Aid) هەژمار دەکرێن. باشیەکی دیکەی ئەم جۆرە قەرزە ئەوەیە ماوەی بەخشینی (Grace p-riod) هەیە. واتە دەستپێکردنی دانەوەی قەرزەکە بۆ ماوەی چەند مانگێک یا ساڵێک دوادەخرێت. ئەمەش ڕێگە بە وڵاتانی گەشەکەر دەدات بەهرە لە قەرزەکە وەربگرن و باری ئابووری خۆیان ڕێکبخەنەوەو توانای دانەوەی قەرزەکەیان زیاتر بێت. لایەنی نەرێنی ئەم شێوە قەرزانە ئەوەیە کە زۆربەی وڵاتانی قەرزدەر، وەک مەرجی پێدان، داوادەکەن کە بڕێک لەو قەرزە لە کڕینی شتومەکی وڵاتانی خۆیاندا خەرج بکرێت. ئەمەش ئامانجی بەکارهێنانی قەرزەکە بەرتەسک دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، زۆربەی ئەم قەرزانە لە ڕووی سیاسیەوە دەدرێت بۆیە ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری وڵاتدا بەرز دەکاتەوە.

سەرچاوە فرەلایەنەکان: نموونەی ئەم لایەنانە بانکی جیهان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و پرۆگرامی گەشەکردنی نەتەوەیەکگرتوەکان و بانکە ناوچەییەکانە. قەرز لەم سەرچاوانەوە بە مەرجی ئابووری و دارایی دەدرێت. زۆربەی جار ئەو مەرجانە یەکسانن بە ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتی قەرزکەردا. ئەو مەرجانەش مێژوویەکی زۆریان هەیە و وڵاتانی گەشەکەر ئەزموونێکی زۆر تاڵیان هەیە لە گەڵیدا. ئەو ئەزموونانە دەگەڕێنەوە بۆ هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو. مەرجەکان بە ڕادەیەک خراپبوون و کارتێکەری نەرێنیان لە سەر ئابووری ئەو وڵاتانە هەبوو کە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بە دەیەکانی ونبوو هەژمار دەکرێن لە ژیانی هاووڵاتیانی وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا.

دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە قەرزی سەرچاوە فرەلایەنەکان بە وڵاتانی سەربەخۆ دەدرێن کە ئەندامن لەو ڕێکخراوانە. ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی کێشەی قەرزی دەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرچاوە بازرگانێکان: ئەم سەرچاوەیە بانک و کۆمپانیا بازرگانێکان دەگرێتەوە. بەپێچەوانەی سەرچاوەکانی دیکەوە، نرخی سوودی قەرز لەم سەرچاوانە بەپێی بازاڕ دیاری دەکرێت. لە هەمان کاتدا ئەم قەرزانە ماوەی بەخشینیان نییە و هیچ بەشێکیان بە کۆمەکی ئابووری هەژمار ناکرێن. واتە دەستپێکردن بە دانەوەی یەکسەر دوای وەرگرتنی قەرزەکە دەست پێدەکات و هیچ بوارێک بە قەرزوەرگر نادات هەتا بە کاروباری ئابووری و دارایی خۆیدا بچێتەوە. کێشەیەکی دیکەی ئەم قەرزانە ئەوەیە کە ئەگەر قەرزوەرگر نەیتوانی لە کاتی خۆیدا قەرزەکە بداتەوە، داڕشتنەوەی (Re-scheduling) قەرزەکە زۆر گران لە سەری ڕادەوەستێت. ئەزموونی وڵاتانی گەشەکەر ئەوە نیشان دەدەن کە زۆرجار ئەو وڵاتانە زۆریان لێکراوە قەرزی نوێ بکەن بۆ دانەوەی قەرزە کۆنەکە بەڵام بە مەرج و سوودی زۆر سەنگین تر. ئەگەری ئەوەش هەیە کە کاتێک قەرزدانەوەکە ئاستەم بێت، ئەو بانکە جیهانیانە لە بری قەرزەکانیان دەستبگرن بەسەر هەندێ سەرچاوەی سروشتی وڵاتدا. ئەمەش لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەوە ڕەنگدانەوەی نەرێنی ئەبێت لە سەر هەستی نەتەوایەتی هاووڵاتیانی وڵاتانی قەرزکەر.

**● هەرێمی کوردستان و قەرزکردن**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چونکە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، بواری قەرزکردنی زۆر تەسک دەبێتەوە. بۆ نموونە، وەک لە پێشەوە ئاماژەی

**وڵاتانی قەرزکەر کەوتنە ژێر ڕکیفی دەزگا فرەلایەنەکانەوە کە ئەوانیش هەمان سیاسەتی ئابووری و داراییان بە سەر وڵاتانی جیاوازدا سەپاند. بۆیە پرەنسیپی هەمان کەوشی بۆ هەموو پێیەکیان بەکاردەهێنا. ڕەچاونەکردنی بارودۆخی تایبەتی وڵاتانیش کاردانەوەی نەرێنی زۆری هەبوو لەسەر گەشەکردنی ئابووری و باری کۆمەڵایەتی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە**

پێکرا، سەرچاوە فرەلایەنەکان تەنیا قەرز بە وڵاتانی سەربەخۆ دەدەن بەتایبەت بەو وڵاتانەی کە ئەندامی دەزگا جیهانێکانن. لێرەدا تەنیا سەرچاوە تاکلایەنەکان و بازرگانێکان دەمێننەوە. سەرچاوە تاکلایەنەکانیش تەنیا لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندی بەغداوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکەن. بۆیە زۆر ئاستەمە ڕاستەوخۆ قەرز بە هەرێمی کوردستان بدەن. ئەوەی دەمێنێتەوە سەرچاوە بازرگانییەکانە بەتایبەت بانکە بازرگانیە گەورەکانی جیهانە. پێویستە لێرەدا ئەوە بخەینەڕوو کە بارودۆخی دارایی و وەبەرهێنانی وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان بە شێوەیەکە کە ئەگەری ئامادەبوونی ئەو بانکانە بۆ پێدانی قەرز بە وڵاتانی وەک هەرێمی کوردستان زۆر لە ئارادا بێت. ئەم بابەتەش لە کاتێکدا دەوروژێنرێت کە بەشێوەیەکی گشتی لێکچوانێکی زۆر نزیک هەیە لە نێوان بارودۆخی ئابووری و دارایی جیهانی ئێستاو ئەو بارودۆخەی کۆتایی هەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی قەرزی وڵاتە گەشەکەرەکان. لێکچوانەکەش بەم شێوەی خوارەوەیە:

یەکەم: ماوەیەکی درێژە کە نرخی نەوت زۆر بەرزەو وڵاتانی هەناردەی نەوت بەتایبەت وڵاتانی کەنداوو شانشینی سعودیە سامانێکی دارایی زۆریان لا کۆبووەتەوە توانای خەرجکردنیان نیە. هەر بەو هۆیەوە، زۆربەی سامانە داراییەکانیان لە بانکە بازرگانێکانی ئەوروپا و ئەمریکادا دانراون. بە واتایەکی دیکە، پارەیەکی زۆر لەبەردەستی بانکەکاندا هەیە کە دەیانەوێت بە قەرزی بدەن،

دووەم: وڵاتانی گەشەکردوو لە ساڵی ٢٠٠٨ وە دووچاری قەیرانێکی ئابوری و دارایی زۆر قوڵ بونەتەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە. ئەو قەیرانەش وایکردووە کە بواری وەبەرهێنانی ئە و پارەیەی لای بانکە بازرگانێکان ماوەتەوە زۆر کەمبێتەوە. بۆیە تاکە جۆرە وڵاتێک کە مابێتەوە بۆ قەرز وەرگرتن و قەرز پێدان وڵاتانی گەشەنەکردووی وەک کوردستانن.

سێیەم: ڕێژەی سوود لە چەشنی کۆتاییەکانی هەفتاکان و سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا زۆر نزمە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی گەشەنەکردوو فریو بخۆن و وابزانن کە قەرزدانەوە زۆر ئاسان دەبێت و لە پاشەڕۆژدا کەم لەسەریان دەکەوێت.

چوارەم: لە چەشنی وڵاتە گەشەکەرەکانی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوو، حکومەتی کوردستان بە قەیرانێکی ئابووری و داراییدا تێپەڕ دەبێت. بەشێکی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگرتنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی بەغداوە بەڵام بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەڕێوەبردنی ئابوری کوردستان و خەرجیی حکومەت. لە هەمان کاتدا، پێویستە بوترێت کە شەڕی تیرۆریزمی داعش لە کاتێکدا ڕوویدا کە کوردستان لە باری داراییەوە تووشی ئاستەنگێکی زۆر گەورە بووەتەوە. بۆیە حکومەتی کوردستان لە شەڕێکی دەستەویەخەی مان و نەماندایەو ئێستا لە کاتێکی زۆر لێبڕاویدا سەرچاوە داراییەکانی لێ وشککراوە.

ئەو لێکچوانانەی سەرەوە ئەوە پیشاندەدەن کە حکومەتی کوردستان لە بارودۆخێکی ئاوادایە کە ئەگەری وەرگرتنی قەرزو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی شکستخواردووی وڵاتانی گەشەکەری هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشووی تێدا بەدی دەکرێت. لێرەدا پرسیاری ڕەوا ئەوەیە لە بارودۆخێکی ئاوادا حکومەتی کوردستان جگە لە خۆخستنە ژێر باری قەرزەوە چی بژاردەیەکی دیکەی لە بەردەستدایە؟ لە ڕاستیدا، وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرانە چونکە قەیرانەکەی ئێستا ئەنجامی کەڵەکەبوونی هۆکاری زۆرن کە حکومەتی کوردستان خۆی لە دروستبونی هەندێکیاندا نەخشی هەبووە. بۆیە کێشەیەک کە لە ئەنجامی چەوتی سیاسەتی ئابووری چەند ساڵەوە دروست بوبێت، چارەسەرەکەی وا بە ئاسانی لە کورت مودەتەدا نادۆزرێتەوە. بە کورتی، قەرزکردن خراپترین چارەسەرە بۆ کێشەی هەموو نەتەوەیەک. بۆیە لە بری پەلەقاژێکردن، پێویستە حکومەتی کوردستان بە سیاسەتە ئابووری و داراییەکانی خۆیدا بچێتەوە.

**مەرجی پێدان، داوادەکەن کە بڕێک لەو قەرزە لە کڕینی شتومەکی وڵاتانی خۆیاندا خەرج بکرێت. ئەمەش ئامانجی بەکارهێنانی قەرزەکە بەرتەسک دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە، زۆربەی ئەم قەرزانە لە ڕووی سیاسیەوە دەدرێت بۆیە ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری وڵاتدا بەرز دەکاتەوە**





لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە دان بەخۆیدا بگرێت و سیاسەتەکانی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕاشکاوی و بێ پێچ وپەنا ڕوونبکاتەوەو داوای خۆڕاگرتن لە خەڵک بکات. ئەو سیاسەتانەی کە حکومەت دەبێت ڕەچاویان بکات بۆ چارەسەرکردنی ریشەیی قەیرانەکان بە کورتی لەمانەی خوارەوەدا چڕ دەبنەوە:

یەکەم: پێداچوونەوەی سیاسەتی چەوتی خەرجی دامودەزگاکانی حکومەت. بە کورتی پێویستە حکومەت خەرجەکانی خۆی عاقڵانە بکات، واتە پێویستە حکومەت بە پێی بەرەکەی خۆی پێ ڕابکێشێت. بۆیە دەبێت هێندە پارە خەرج بکات کە لە ڕێگەی داهاتەکانی خۆیەوە بۆی دابین دەکرێت. بۆیە پێویست دەکات سیاسەتی مشەخۆر دروستکردن لە حیسابی دارایی گشتی کۆتایی پێ بهێنرێت و موچەی زۆر و بە فیڕۆدانی سامانی گشتی کەم بکرێتەوە. بێگومان ئەم ئەرکەش وەک پاککردنەوەی تەویلەکانی هەرقلی یۆنانی دێتە بەرچاو. چونکە حکومەت لە ساڵانی ڕابوردوودا هێندە گەندەڵ و موچەخۆری بێکاری لە خۆ ڕاگرتووە کە بەئاسانی تەن بە پاککردنەوە نادەن. بێگومان سیاسەتێکی لەو جۆرە توێژێکی کۆمەڵایەتی کە ئالودەی مشەخۆری بوون زویرو نیگەران دەکات بەڵام حکومەتی کوردستان دەبێت بەرژەوەندی گشتی لا سەرەکی و گرنگ بێت نەک بەرژەوەندی تاکە توێژی کۆمەڵایەتی.

دووەم: پێویستە حکومەت سەرچاوە داراییەکانی خۆی کارا بکاتەوە بە تایبەت سەرچاوەی باجی داهات. بە کورتی حکومەتی مۆدێرن و دیموکراسی بەبێ سیاسەتێکی باجی داهاتی پێشکەوتوخوازانە (Progressive income tax system) زۆر ئاستەمە. بێ گومان دامەزراندنی سیستەمێکی ئاوا لە کەلتورێکی ئابووری چەوتدا ئەرکێکی زۆر گرانە بەڵام هەرچەندە ئازاری زۆری دەبێت، باشترە لووی شێرپەنجە نەشتەرگەری بکرێت لەوەی وەک خۆی بهێڵرێتەوە.

سێیەم: پێویستە حکومەت کەرتی دارایی و بانک کارا بکاتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئاسان نییە. یەکەم هەنگاو بۆ ئەو کارە، پێویستە کێشەی پاشەکەوتکردن و ڕێژەی سوود لە کۆت و داوای پارتە سیاسیە ئیسلامێکان ڕزگاربکرێت. بە کورتی ڕێژەی سوود ئێستا وەک هەزار ساڵی بەر لە ئێستا نەماوە. لە دنیای مۆدێرندا، هێندە قەرزکەر سوود لە قەرز وەردەگرێت ئەوەندەقەرزدەر (پاشەکەوتکەر) سوودی لێنابینێت.

دەبێت حکومەتی کوردستان لە چەشنی یابانی دوای جەنگی جیهانی دووەم پاشەکەوتی ئاسایی خەڵکی کۆبکاتەوە (Mobilization of ordinary saving) بە مەبەستی وەبەرهێنان. ئەم کردارەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شلەی بازاڕی دارایی وڵات. لە هەمان کاتدا، حکومەت دەبێت چوارچێوەی یاسایی کەرتی بانکی ریفۆرم بکات بە شێوەیەکی ئەوتۆکە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی هاووڵاتیان بەرەبەرە برەوێنێتەوە.

چوارەم: هەلومەرج ڕەخساندن بۆ سەرکەوتنی ئەو سیاسەتانەی سەرەوە پێویستی بە هاوکاریکردنی زۆربەی خەڵکی کوردستانە. ئەو هاوکاریکردنەش نایەتەدی بە بێ دژایەتیکردنی گەندەڵی لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا. سیاسەتێکی لەو جۆرەش پێویستی بە بوێری سیاسی و ئەخلاقی هەیە.

لە کۆتاییدا پێویستە بەکورتی ئەوە دووبارە بکەینەوە کە حکومەتی کوردستان بە بارودۆخێکی ئابووری و دارایی زۆر نالەبارردا تێدەپەڕێت. قەرزککردنی دەرەکی ڕەنگە تاڕادەیەک چارەسەرێکی کاتی بێت بۆ قەیرانێکی ڕەگ و ڕیشەدار بەڵام دەبێتە مایەی دروستبوونی کێشەیەکی ئابوری زۆر گران کە کوردستان لە ئاستێکی گەشەکردنی سیاسی و ئابوریدا نییە بە ئاسانی لێ قورتار بێت. دەبێت سیاستمەدارانی کوردستان ئەوەشیان لەیاد نەچێت کە قەرزوەرگرتن لە بانکە بازرگانیەکانی جیهان زۆر زیاتر لە قازانجی ئەواندایە وەک لە قازانجی حکومەتی کوردستان. لە خراپترین بارودۆخدا ئەگەر حکومەتی کوردستان توانای دانەوەی قەرزەکانی نەبێت، بانکە بازرگانێکان لە بازاڕی جیهاندا زۆر بە ئاسانی دەتوانن دەست بەسەر داهاتی نەوتی کوردستاندا بگرن. بۆیە زۆر پێویستە حکومەتی کوردستان قومار بە تاکە داهاتی گرنگی وڵاتەوە نەکات.



د. حەسەن موفتی
(پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە فیقـه و ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی) بۆ گوڵان:

# ترسم لەو فیکرەیە داعش لەناوخۆی کوردستان بەشێوازێکی دیکە بەرهەم بهێنێتەوە

**هەندێك پێیانوایە بەرهەمهێنانی توندوتیژی ئایینی لە کۆمەڵگە لە قوتابخانە ئایینییەکان و کۆلیژەکانی شەریعە و زانستە ئیسلامییەکان سەرچاوە دەگرێت و هەندێك لە مامۆستایانی ئایینی کە گوتاری توند لە مزگەوتەکانەوە دەخوێنن، ئەوە دەرچووی ئەو قوتابخانە و کۆلیژانەن کە لە کوردستان بوونیان هەیە، ئەگەر قسەی ئەو خەڵکانە راست بێت، ئایا پسپۆڕان و زانایانی ئایینی ئیسلام چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەن و بەرنامەیان چییە بۆ ئەوەی کارێك بکەن و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی بگۆڕن بۆ سەرچاوەی بەرهەمهێنانی خۆشەویستی و لێبووردەیی؟ ئایا ئەوەی فیکرەی توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت لە کوردستان بوونی هەیە، ئەگەر هەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ بۆ قسەکردن لەسەر فیکری توندوتیژی و هەوڵدان بۆ نوێسازی و کرانەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د.حەسەن موفتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە فیقهـ و ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** زۆربەی چاودێران گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دیاردەی تیرۆریستانی داعش، ئیسلامی ئیحراج کردووە، ئایا ئەو فیکرەی داعشی بەرهەمهێناوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئەو فیکرەی داعشی بەرهەمهێناوە سەرچاوەکەی فیکری سەلەفی ئوسوڵی خاریجی تەکفیرییە، مەترسیی ئەم فیکرە وام لێدەکات بڵێم: من لە داعشی دەرەوە ناترسم، بەڵکو ترسی ئەوەم هەیە ئەم فیکرەیە لەناوخۆی کوردستاندا داعش بە شێوازێکی دیکە بەرهەم بهێنێتەوە، بۆیە لێرەوە گرنگە لەسەر فیکری سەلەفی ئوسوڵی تەکفیری هەڵوەستە بکەین، بۆ ئەوەی موسڵمانانی کوردستان بەگشتی و گەنجەکانمان لە مەترسیی ئەم فیکرە ئاگادار بکەینەوە.

سەبارەت بە فیکرە سەلەفییەکان خۆیان دەڵێن ئێمە چەند جۆرێکین، بەڵام بە بڕوای من سەلەفی (بێجگە لە سەلەفی سالح) هەموویان یەك شتن و هەموویان بەرەو سەلەفی تەکفیری قیتالی سەرەنجام یەکدەگرنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەلەفی بە مانای سەلەفی سالح وەك خوالێخۆشبوو زانای ناودار د. محەمەد سەعید رەمەزان بۆتانی نووسیویەتی (السلفية مرحلة زمنية مباركة لا مذهب إسلامي) ئەمەش مانای ئەوەیە سەلەفی سالح چوارچێوەیەکی بۆ سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی هەتا سەدەی چوارەم بووە، دواتر ئەوانەی سەلەفیەتیان زیندوو کردۆتەوە، ناڵێن سەلەفی سالح، بەڵکو هەر دەڵێن سەلەفییەت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە بە ئارەزووی خۆیان فەتوا بدەن و کەس چاودێر نەبێت بەسەریانەوە، بۆیە بانگخوازیی بۆ سەلەفییەت، بانگخوازییەکی تەواو نییە و لە جێگە و کاتی خۆیدا نییە و بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە ناگونجێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر لە سەردەمی خیلافەتی راشدین زانایەك قسەیەکی کردبێت لە بوارەکانی قیتال و جیهادا، ئەوە بۆ سەردەمی خۆی وتوویەتی و ناکرێت ئێستا موسڵمانان بەهەمان شێوە کاری پێبکەن و بچن لە چیچان، یان لە دەوڵەتەکەی داعش جیهاد بکەن، چونکە سەردەمەکە گۆڕاوە، دەوڵەت پەیدابووە، کاتێك کۆمەڵێك کەسی وەك تیرۆریستانی داعش خەلافەتی ئیسلام رادەگەیەنن، ئەم پاشاگەردانی و فیتنەیەی لێ دروست دەبێت کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە.

*** بۆچی فیکری ئوسوڵی ئەم توندوتیژییە لە رادەبەدەرە بەرهەم دەهێنێت، ئایا ئەوانیش هەر لەسەر دەق و سوننەت ناڕۆن؟**

- ئێمە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، کۆمەڵێك سەرچاوەی یاسادانانمان هەیە، ناکرێت ئەم سەرچاوانە لە یەکتری جیابکەینەوە، یەکەم سەرچاوەی یاسادانان قورئانی پیرۆزە، دوای ئەو سوننەتی پێغەمبەرە(د.خ)، بەڵام کێشەی سەلەفییەکان ئەوەیە سیاسەتێکی ئینتیقائییانەیان هەیە، واتە دێن کۆمەڵێك ئایەت لە قورئان وەردەگرن، کۆمەڵێك فەرموودە کە بە تەئویل و بۆچوونی ئەوان لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان دەگونجێت، هەروەها لەناو ئەو زانایانەش سیاسەتی حەسری شیوخیان هەیە، واتە تەنها پشت بە چەند زانایەك دەبەستن و ئەوانی دیکە هەمووی رەتدەکەنەوە، هەر بۆ نموونە فیکری سەلەفی، چوار مەزهەبەکە (مالیکی، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی) رەتدەکەنەوە، لەبەر ئەوەی چوار مەزهەبەکە بە گشتی میانڕۆیی تێدایە، بۆیە سەلەفییەکان تەنیا دەڵێن خودا وای وت، پێغەمبەر(د.خ) وا دەڵێت، بەبێ ئەوەی ئەو دەق و فەرموودانە تەفسیر و تەئویلی بۆ بکەن، لەبەر ئەوەی هەموو کەس ناتوانێ تەفسیری دەق و فەرموودە بکات بۆیە لە قورئاندا هاتووە (**فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون**)، یان (**لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ**) ئەمەش واتە پرسیار لەو خەڵکانە بکەن کە شارەزان، یان لە قورئان ماناکەیان دەرهێناوە، بەڵام لەناو سەلەفییەکان هەرکەسیان هەڵدەستێت بۆ خۆی موفتییەکە، باسی جیهاد دەکات و ئیجتیهادی بێ بنەما دەکات، لە کاتێکدا جیهاد کات و ساتی خۆی هەیە و دەبێت دەوڵەتی ئیسلامی راستەقینە هەبێت و دەوڵەتەکەش لەلایەن موسڵمانانەوە کۆدەنگی لەسەر بێت، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت خیلافەتی راستەقینە لە دوای من ٣٠ ساڵە واتە سەردەمی خەلیفەکانی راشدین،

**ئەگەر لە سەردەمی خیلافەتی راشدین زانایەک قسەیەکی کردبێت لە بوارەکانی قیتال و جیهادا، ئەوە بۆ سەردەمی خۆی وتوویەتی و ناکرێت ئێستا موسڵمانان بەهەمان شێوە کاری پێبکەن و بچن لە چیچان یان لە دەوڵەتەکەی داعش جیهاد بکەن**

**کاتێک کۆمەڵێک کەسی وەک تیرۆریستانی داعش خەلافەتی ئیسلام رادەگەیەنن، ئەم پاشاگەردانی و فیتنەی لێ دروست دەبێت کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە**

ئەمـــەش مانای ئەوەیە لە دوای خەلیفەکانی راشـــدینەوە هەموو حوکمڕانییەکی ئیســـلام جێگـــەی رەخنەیە، بەڵام ســـەلەفییەکان خۆیان پێ مەعسوومە، واتە هیچ هەڵەیان نییە. لەمەش زیاتر ســـەلەفییەکان سیاســـەتی حەســـری (مەصادر)یان هەیە، بە شوێنکەوتووانی خۆیان دەڵێن: نابێت لەم چەند کتێبە زیاتر بخوێننەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە ئەقڵیان بخەنە ناو چوارچێوەیەکی ســـنووردارەوە و نەتوانن بەشـــێوازێکی دیکە بیر بکەنەوە، بێجگە لەو بیرە تەسکەی خۆیـــان هیچی تر نەبینێت، من لێـــرەدا دەڵێم: ئەگەر ئەو گەنجانەی شوێن سەلەفییەکان کەوتوون، تەنیا ماوەی دوو مانگ فیقهی ئیســـلامی بخوێنن، گۆڕانکاری بەســـەر بیرکردنەوەیـــان دێت و ئەو توندوتیـــژی و ئیرهابە بەرهەم نایەت کە ئێستا دەیبینین.

*** لـــەم خوێندنەوەیەی بەڕێزتـــان وا تێدەگەین، ئامانجی سەلەفییەکان زیاتر گەیشتنە بە دەسەڵات، نەك خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام؟**

- سەلەفییەت ئایدلۆژیەتێکی سیاسی تەکفیرییە، ئامانجی ئەوەیە لە ژێر پەردەی قورئان و فەرموودەدا هەوڵ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بدات، هەروەك چۆن مەزهەبی شیعە لە پاڵ بیانووی (اهل البیـــت) ئیمپراتۆریەتێکیان هەبێت، بۆیە ئەوان ســـەلەفی تەشـــەیوعن، ئەمانیش ســـەلەفی تەسەنونن، هەردووکیان یەك ئامانجیان هەیە.

*** بەڵام سەلەفییەکان بەوانەی کوردستانیشەوە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن تێکەڵاوی دەسەڵات نابن، ئایا ئەمە پێچەوانەی رایەکەی بەڕێزتان نییە؟**

- ئـــەم بانگەشـــەیەی ســـەلەفییەکان تاکتیکـــە، لەبەر ئەوەی ســـتراتیژیەتیان شـــتێکی دیکەیە، سەلەفییەکان بە شـــوێنکەوتووانی خۆیان دەڵێن: لە قۆناخی یەکەم و دووەم و ســـێیەم، نابێت بەهیچ جۆرێك باســـی سیاسەت بکرێت، لە قۆناخی چوارەمدا، فیکرەی سیاســـەت دەکەنە پێشنیار بـــۆ ئەندامەکانی خۆیـــان، تەنانەت لەنـــاو ئەندامەکانی خۆشـــیاندا سیاسەت ناورووژێنن، هەر بۆ نموونە خەڵکانێك لە کوردســـتان هەبوون سوپاس بۆ خوا ئێســـتا وازیان لەو فیکرە هێناوە، دەڵێن، ســـەلەفییەکان داوا دەکەن لە قۆناغی پێنجەمدا سیاســـەت بکرێتە پێشـــنیار و بورووژێندرێت بۆ ئەوەی بزانن تاچەند قبووڵ دەکرێت، ئەگەر زانییان قبووڵ دەکرێت، یان بزانن لە هەڵبژاردنێکدا دەیبەنەوە ئەوا یەکسەر حزبێکی سیاســـی رادەگەیەنن، بۆ ئەمـــەش بەڵگە هەیە ســـەلەفییەکانی میســـر هەتا بواریان نەبوو، حزبیان نەبوو، کە بواریان بۆ رەخســـا یەکســـەر حزبی نووری سەلەفییان راگەیاند، لە یەمەن حزبی (اتحاد الرشـــاد) یان راگەیاند، لە لیبیا و شوێنی دیکەش. لە عێراق و سووریاش ئەوانەی ئێستا شەڕ دەکەن ٩٩٪یان سەلەفین. بۆیە ئەگەر بەراوردێك لە نێوان سەلەفییەکانی داعش و سەلەفییەکانی کوردستان و هەموو جیهانی ئیســـلامی بکەین، هەست دەکەین رووی لێکچوویـــان هەیە، هەموویان ریشـــێکی پـــان دەهێڵنەوە، هەردوولایـــان خەڵـــك تەکفیر دەکەن، هـــەردوولا هاندەری توندوتیژین و توندوتیژی بەرهەم دەهێنن، هەردوولایان تەنیا پشـــت بە چەند زانایەك و چەند ئایەتێکی قورئان و چەند فەرموودەیەکـــی پێغەمبەر(د.خ) دەبەســـتن، هەردوولایان هەمان بیروباوەڕیان هەیە، هەردوولایان هەندێك شت حەرام دەکەن کە کاری شایســـتە و باشە، بۆ نموونە سەلەفییەکان یادی مەولود لە کوردستان رەتدەکەنەوە، داعشەکانیش رەتی دەکەنەوە، زۆر شـــتی باشی تریش، بۆیە مەسەلەی ئەوەی ســـەلەفییەکان دەڵێن تێکەڵی سیاسەت نابین، ئەوە تاکتیکە و کەی بۆیان هەڵبکەوێت، خۆیان وەك حزبێکی سیاســـی ئاشکرا دەکەن.

*** بەڵام بۆ ئێستای کوردســـتان هەتا ئێستا سەلەفییەکان تێکەڵی سیاســـەت نەبوون، یان بڵێن حزبێکی سیاســـییان نییە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ســـەلەفییەکان دوورن لە سیاسەت؟**

- راســـتە ســـەلەفییەکان وەك حزبێکی تایبەت بە خۆیان حزبی سیاســـییان رانەگەیاندووە، بـــەڵام هەموو حزبێکی سیاسیی ئیسلامی ئەمڕۆی کوردستان، بە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکەی دایکیشیانەوە (حەرەکەی ئیسلامی پاشان نەهزەی ئیســـلامی و ئەنســـار و جوند و..تاد) پاشان بە کۆمـــەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیشـــەوە رێژەیەکی زۆریان ســـەلەفین، پێشـــتر کۆمەڵ و یەکگرتوو نەیانشـــاردۆتەوە مەنهەجێکی ســـەلەفییان هەبووە، ئەم چەند ساڵەی دوایی هەندێك لە ســـەرکردەکانی یەکگرتووی ئیســـلامی بوێرانە چەنـــد هەنگاوێکیان هەڵگرتووە، دەڵێن مـــەرج نییە ئێمە شـــوێن سەید قوتب بکەوین، لەبەر ئەوەی فیکری سەلەفی تەکفیری لە سەید قوتبدا بوونی هەیە، ئیخوان موسلمینی میســـر وەلائیان بۆ عرووبە هەیە، واتـــە غەیری نەتەوەی عەرەب وەك عەرەب ســـەیر ناکەن، ئەم فیکرە لای حەسەن بەننا بوونی هەیە، بۆیە پێشـــتر کادیرانی یەکگرتوو لە ژێر کاریگەری ئەمانەدا بوون، حەسەن بەننا کە میانڕۆترینانە لە ناو ئیخوانی موسلمین، بڕوای بەوە بووە، هەموو نەتەوە موســـڵمانەکانی غەیرە عەرەب دەبێت خزمەتکاری عەرەب بن، لـــە دەقێکی نامیلکەیەکیدا دەڵێـــت: «نە عەرەب بێ ئیســـلام هیچی پێدەکرێت و نە ئیسلام بێ عەرەب هیچی پێدەکرێت» حەسەن بەننا لە رستەی یەکەم راست پێت دەڵێت کە عەرەب بێ ئیســـلام هیچی پێناکرێت، بەڵام بۆ ئیسلام بێ عەرەب هیچی پێنەکرێت، ئەمە خۆی دژی قورئانە.

*** رێبازێکی دیکەی ئیسلام هەیە پێی دەڵێن سۆفی، یان تەسەوف، ئایا جیاوازی نێوان سۆفی و سەلەفی چییە؟**

- با لە خودی وشـــەکەوە دەست پێبکەین و بزانین زاناکانی بواری تەسەوف چی دەڵێن، بێگومان رێبازی سۆفیگەرایی وەك بنەماکانی فیقهی ئیسلامی و عیلمی عەقائید و کەلام سەربەخۆیە و پێکهاتووە، بۆیە ســـۆفیگەرایی زانستێکە،

**گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم سێ سێکوچکەیە (نەزانی، هەژاری، پەراوێزخستن) لەبەر چاو بگرێت، خاڵی هەرە گرنگ نەزانی و خراپ تێگەیشتنە لە قورئان، بۆیە گرنگە لەم لایەنەوە حکومەت هەوڵبدات کرانەوەیەکی گەورە رووبدات**

**لە کوردستان زانستی زاراوەکانی زانستە ئیسلامییەکان وەک پێویست بوونی نییە بۆیە خەڵک شوێن سەلەفییەکان دەکەوێت**

زارەوەی خـــۆی هەیە و ئەو زاراوانەش لە چەرخی دووەمی کۆچییەوە تا چەرخی چوارەم و پێنجەمی کۆچی هەمووی تەواوبـــوون، بریتین لە (زاراوە و موســـتەڵەحات، ئەحواڵ، مەقامات)، ئەمەش هەڵقوڵاوی ڕێبازێکی سۆفیگەرانەی موســـڵمانانەیە، نە ڕۆژئاواییە، نـــە ڕۆژهەڵاتییە، ئەگەر سەیری ئایینی مەســـیحییەت بکەین، ڕەهبانییەت هەیە، ئەمەش واتە ئەو ڕاهیبانەی دەبینین دنیایان تەرك کردووە، لەبەرامبەردا لە ئیسلامدا پێیان دەڵێن ڕەبانییەت، ئەمەش واتە قورئان هەموو جوانییەکانی ژیانی حەرام نەکردووە، تەنها ئەو شتانەی حەرام کردووە کە ژیانی مرۆڤایەتییان تێکداوە، لەم چوارچێوەیەدا ڕێبازی سۆفیگەرایی شۆڕشێکی ئەخلاقی و پەروەردەییە بۆ ئەوەی خودی نەفسی مرۆڤ پاکبکاتەوە لە توندوتیژی، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین، لە سەردەمی ئەمەوییەکان و عەباســـییەکان خەڵکی بەگشـــتی بە ڕەوشـــتی سەیر و سەمەرە ڕۆیشتن، بۆیە چەند بیرمەندێکی ئیسلامی دڵسۆز لە قوتابخانەی حەســـەنی بەسری شۆڕشێکی پەروەردەییان ڕاگەیاند بەوەی پێویستە بگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی ئەخلاق و ئاکاری جـــوان و دوور بکەوینەوە لە توندوتیژی و خەڵك کوشـــتن و دنیاپەرستی، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە حەجاج یوســـفی ســـەقەفی پەیدابوو بە هەزاران کەسی کوشت کە دەتوانین بڵێین حەجاج بۆ ســـەردەمی خۆی شـــێوازێك لە داعشی ئێســـتا بووە، بۆیە پیاوانی سۆفیگەرایی هەستان لەســـەر بنەمای لێبووردەیی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی ڕێبازی سۆفیگەرییان دامەزراند، هەروەك (قوتابیانی نوور) لە تورکیا قوتابخانەی بەدیع زەمان شێخ سەعیدی کوردی نەوورسی-یان دامەزراند. ڕێبازی سۆفیگەرایی لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

١. چاکسازی لە خودی تاکی موسڵمان
٢. چاکسازی لە کۆمەڵگە

بۆیە کە ئەم دوو چاکسازییە کرا، ئیتر نە کێشە لە کۆمەڵگە بوونی دەبێت و نە شتێکیش دەبێت پێی بگوترێت توندوتیژی، ئەمـــەش لەبەر ئەوەیە لە ڕێبازی ســـۆفیگەرایی تۆ پێش ئەوەی ڕەخنە لە بەرامبەرەکـــەت بگری و کافری بکەی، ڕەخنە لە خودی خۆت دەگری، هەروەك ئیمامی شافیعیش دەڵێت: (وعيناك إن أبدت إليك معايبـا * فدعهـا وقل ياعين للنـاس أعين) ئەمە مانـــای ئەوەیە ئەگەر چاوەکانت هەڵە و کەموکورتی بەرامبەری بۆ دەرخســـتی، بڵێ ئەی چاو خۆ بەس ئەو هەڵەی نییە، بۆ هەڵەکانی خۆشـــت نابینی؟ واتە ڕێبازی ســـۆفیگەرایی، جیهادیی نەفس دەخاتە پێش جیهـــادی دیکە. بۆیە هەموو بانگخوازی ســـۆفییەت بۆ چاکسازی بووە. کەواتە بیرکردنەوەی ڕێبازی سۆفیگەرایی بۆ چاکسازی تاکتیکی نییە، بەڵکو ستراتیژییە، هەر بۆیە ئەگەر بە مێـــژووی خۆماندا بچینـــەوە، دەبینین هەموو شاعیرە گەورەکانی کوردستان ئەهلی سۆفیگەرایی بوون، وەك نالی، سالم، مەولەوی، مەحوی، بێخود، مەلای جزیری و خانـــی و ئەوانی دیکەش. ئەو لێبووردەییەی لە شـــاری هەولێـــر هەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوو زاتی شـــێخ ئەبوبەکری نەقشبەندی و شێخ محەمەدی چۆڵی، هەردووکیشان سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی ســـۆفیگەرانە بوون، کە لە (بیارە و تەوێڵە)وە ســـەرچاوەیان گرتووە، ئەو دوو شارۆچکەیەی ســـاڵانی ڕابردوو کرانە ئامانج لەلایەن تیرۆریستانەوە، بۆیە هەتا ٥٠ ساڵ پێش ئێســـتا و پێش ئەوەی ئیسلام تێکەڵی سیاســـەت بکرێت، ئیسلامەتی بریتی بوو لە خۆشەویستی و لێبووردەیی، بەڵام کە ئەو کۆمەڵە هەرزەکارە ســـەلەفییە پەیدابـــوون و هەریەکەیان خۆی کرد بـــە موفتییەك، ئەم ئاژاوە توندوتیژییە هاتەئاراوە.

**✱ئەگەر هەر لەچوارچێوەی سۆفی و سەلەفی بمێنینەوە، ئایا جیاوازی دیکە لە نێوانیان چییە؟**

- لە ڕێبازی سۆفیگەرایی پەیڕەوی ئەشاعیرە دەکەن، بەڵام لایەنە باشـــەکانی موعتەزیلەش ڕەتناکەنەوە، ئەمەش واتە لە ســـۆفیگەریدا بەرامبەر هەرچییـــەك بێت ڕەتناکرێتەوە، بەڵکو بە قەوارەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەر ئەوەی قورئان لە جوزئیاتدا تەنانەت باسی شەیتان دەکات و دەفەرموێت لەو گومانەیدا ڕاستی کرد، بۆیە لە سۆفیگەراییدا مەسافەیەك بۆ حیوار و دیالۆگ هێڵراوەتەوە، لەبەر ئەوەی قورئان دەفەرموێت (وإن أحد من المشركين استجارك فأجره حتى يسـمع كلام الله ثـم أبلغه مأمنـه) ئەمەش مانای ئەوەیـــە ئەگەر بێبڕوایەك بیەوێت گـــوێ لە کەلامی خوا بگرێت، ڕێگەی بدە گوێ بگرێت، ئەگەر باوەڕی نەهێنا، بە سەلامەتی بیگەیەنەوە شوێنی خۆی، واتە مەککە. بۆیە لە ڕێبازی ســـۆفیگەرایی ســـەرچاوەی تێگەیشتن بریتیە لە (خەبەری ســـادق، ئەمەیان قورئان و سوننەتە، لەگەڵ ئەقڵ و هەســـتی ساغ کە پێنج هەستەکەیە) سەلەفییەکان وازیان لە ئەقڵ و حەواســـی تەندروست هێناوە، تەنیا پشت بـــە نەقڵ دەبەســـتن، ئەویش تەنیا بەشـــێکی، لە کاتێکدا پەروەردگار ئەم هەستە تەندروستەی بۆیە پێداوین، ئەمە بۆ هۆکاری زانستە بۆ ئەوەی دوای زانست بکەوین، ئەقڵیش بۆ ئەوەی چاکە و خراپە لە یەکتری جیابکەینەوە، بۆیە لە ڕێبازی ســـۆفیگەرایی هەتا زانست پێش بکەوێت، ئایینیش پێشدەکەوێت، بەڵام سەلەفی نایەوێت زانست هەبێت، چونکە کە زانست بوونی هەبێت و پێشبکەوێت، ئەوا دیوی ناوەوەی ئەوان ئاشکرا دەبێت، هەر ئەو هۆکارەشە سەلەفییەکان سوود لـــە نەزانی و هەژاری و خەڵکـــی پەراوێزخراو وەردەگرن. ئەگەر زیاتر ســـەرنج بدەین، هەســـت لەناو سەلەفییەکاندا کۆمەڵێك هەرزەکار کە نەزانن بە تێگەیشـــتن لە ئایینەکە، دێـــن ئایەتەکە یـــان فەرموودەکە زاهیـــری دەقەکە چۆنە بەو جۆرە فەتـــوا و ڕەفتار دەکەن کـــە هەندێکیان هەر لە عەرەبییەکەش تێناگات، بۆ نموونە ئیمامی شافیعی تەنها لە ئایەتی (وأحل الله البيع) هەزاران مەســـەلەی شەرعی

**کەسێکی سەلەفی بێت لە شاشەی تەلەفزیۆنێکی کوردستانەوە بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بڵێت: لەم شارو لەو شارەدا ئەوەندە مەزارگەی تێدایە و ..تاد، ئایا ئەمە مانای چییە؟ واتە داعش وەرە بیانتەقێنەوە، ئایا ماقووڵە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەم پەیامە تێنەگەن؟**

**لەم ساڵانەی دوایی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر زانایانی کورد وەک (مەحوی، مەولەوی، مەلای جەزیری) ئامادەکراون و بایەخ دراوە بە ئەدەبیات و فەرهەنگی لێبوردەیی لە ڕێبازی سۆفیگەرایی ئەو زانایانەدا**

**سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی زۆر کراوە و ئیجابی بووە لە بەرامبەر حزبە ئیسلامییەکاندا و ئێستا لە چوارچێوەیەکی ئاشتییانە سیاسەت دەکەن، بەڵام ئەو فیکرە سەلەفیەی لەناو حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و دەرەوەی حزبە ئیسلامییەکان بوونی هەیە و تائێستا حزبیان رانەگەیاندووە، ئەوە تاکتیکی ئەم قۆناغەیە و سەلەفییەکان رێکخستنیان هەیە**

دەرهێنـــاوە، بەڵام ئێمـــە چۆن تێدەگەین ئەوەیە فرۆشـــتن حەڵاڵە، لەمەش زیاتر پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت (مَنْ يُرِدِ اللّٰه بِــه خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّين)، ســـەلەفییەکان بڕوایان بە فیقهی ئیسلامی باوەڕپێکراو لای گەورە زانایانی ئیسلام نییە.

*** باســـی (ئیمامی شـــافعی و مالیکـــی و حەنەفی و حەنبەلی)تان کرد، کە توانیویانە مەســـائیلی شەرعی لە قورئان بدۆزنەوە و ژیانی موســـڵمانانی پێ رێکبخەن، ئایا ناکرێت بۆ ئەمڕۆی سەدەی بیست و یەکەم کۆمەڵێك زانای دیکە ئەم کارە بکەنەوە؟**

- دەرگای ئیجتیهـــاد ئاوەڵایـــە و هیـــچ رێگریەك نییە، بـــەڵام دەبێت میکانیزم و هۆکار هەبێت، مەرج هەبێت، لەم چوارچێوەیـــەدا ئیجتیهاد دەکرێت، بەڵام بۆ ئەهلی خۆی، بەڵام کێشەی ئەم ســـەلەفییانە ئەوەیە هەر هەرزەکارێکیان دوو ئایەت و دوو فەرموودە لەبەر دەکات و خۆی تەفسیری دەکات، بۆیە نابێت دەرگای ئیجتیهاد بۆ هەموو کەس کراوە بێت، لەمەشـــدا دوو شـــت هەیە، یەکەمیان فقهە مدەوینە، ئەوی دیکەیان فیقهە واقیعـــە، زیاتر لەمەیاندا ئیجتیهاد دەکرێت، وەك ئەوەی مامۆســـتا عەبدولکەریمی مودەڕیس کردوویەتی، لایەنێکی دیکە کە پێویســـتە ئیجتیهادی تێدا بکرێت، بۆ نموونە ئێســـتا لە زانســـتی پزیشکی چاندنی جەســـتەی مرۆڤ هەیە، باشە خۆ پێشتر ئەمە نەبووە بۆیە پێویستە ئیجتهادی تێدا بکرێت.

*** ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ باری قوتابخانە ئایینیەکان و کۆلێـــژی شـــەریعە هەســـت دەکەین ئـــەم قوتابخانە و کۆلێژانەش وەك پێویســـت نەبوونە ســـەرچاوەی میانڕۆیی لە بیرکردنەوەی موسڵماناندا، وەك مامۆستایەکی کۆلێژی شەریعە لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- ئێمە چەند ساڵێکە خەریکی ریفۆرمین لە پڕۆگرامەکانی کۆلێژی شـــەریعەی زانکۆی ســـەلاحەددین لـــە هەولێر، وامانکـــردووە پڕۆگرامەکانی ئەم کۆلێـــژە بکەینە فلتەر و رێگەنەدەیـــن فیکـــری توندوتیـــژی لـــە چوارچێوەی پڕۆگرامەکانمان بەرهەم بهێندرێت، بۆیە ئەگەر قوتابییەك کە دێتە کۆلێژی شـــەریعە هەندێك توندڕەویش بێت، ئەوا کە ئەم کۆلێژە تـــەواو دەکات، توندوتیژییەکەی نامێنێ و دەگۆڕدرێت بۆ میانڕۆیی و تێگەیشـــتنی راســـتەقینە لە ئیسلام، ئێستا لە پڕۆگرامەکانی کۆلێژی شەریعەی زانکۆی ســـەلاحەدین، بابەتی مافەکانی مـــرۆڤ و کوردۆلۆژی دانـــراوە، بەردەوام گفتوگۆ دەکەین، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەســـەر بیرکردنەوەیاندا بێت، بەڵام ئـــەوەش هەیە، هەندێك هەن گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو کەسانە بەرژەوەندی مادديیان هەیە، لەلایەن سەلەفییەکانەوە پارەی باشیان پێدەدرێت، کەسێکی شارەزا پێی وتم، هەندێك لەو سەلەفییانە مانگانە بڕی ٢٠٠٠-٢٥٠٠ دۆلار وەردەگرن، بەڵگەی دیکـــە بۆ ئەوەی ســـەلەفییەکان پارەیان هەیە و باش تەمویـــل دەکرێن، کڕینی ئەو هەمـــوو کتێبانەیە کە لە میانەی کردنەوەی پێشەنگە نێودەوڵەتییەکانی کتێب لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستانی دەکرێن، ئەو هەموو کتێبە ئێکسپایەرەی فیکری سەلەفی، دێنە کوردستان هەر هەمووی لەلایەن سەلەفییەکانەوە دەکڕێن و مێشکی لاوانی ئەم کوردســـتانەی پێ دەشـــۆنەوە و پەروەردەیان دەکەن بۆ بەرهەمهێنانـــی توندوتیژی. لەمەش زیاتر هەندێك قوتابی پێشکەشـــی کۆلێژی شـــەریعەی دەکەن، نمرەکانیان بەرزە و کۆلێژەکانی پزیشـــکی و ئەندازیاری وەریاندەگرن، ئێمە دەپرسین: ئایا ئەو خەڵکانە بە چ مەبەستێك دێنە کۆلێژی شەریعە، بۆیە چەند جارێك داوامان لە قبووڵی مەرکەزی و سەرۆکایەتی زانکۆ کردووە، با وەرگرتن لە کۆلێژی شەریعە بە موقابلەی راســـتەوخۆ بێت، موقابلەکەش شکڵی نەبێت، با بزانین بۆچی قوتابییەك دەیەوێت بێتە کۆلێژی شەریعە، ئـــەوکات بۆمـــان دەردەکەوێت، ئایا ئـــەو قوتابییە هاتووە زانستی ئیســـلامی فێربێت بۆ ئەوەی ئیسلام وەك ئایینی ئاشـــتی و لێبووردەیی پیشـــانی خەڵك بدات، یان دەیەوێت کۆلێژەکە تێکبدات و تۆوی توندوتیژی تیا بچێنێت.

*** ئایا توانیوتانە لە کۆلێژی شەریعەی زانکۆی سەلاحەدین، لە بواری دیراساتی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) توێژینەوەکان بەرەو نوێسازی و مێژووی کورد لە ئیسلامدا هان بدەن؟**

- لە بـــواری خویندنی باڵا (ماســـتەر و دکتـــۆرا) ئێمە قوتابیـــان رێنمایی دەکەین، کە بۆچی لەســـەر زانایەکی ئیسلامی ناشایســـتەی غەیرە کورد دیراسەت دەکەیت، لە کاتێکدا لە مێژووی کورد و ئیســـلامدا، بەســـەدان زانای گەورەمان هەیە و هەر هەمووشیان بە بێ ئامانجی سیاسی خزمەتی زانستی ئیسلامیان کردووە؟ لەم ساڵانەی دوایی چەندین نامەی ماســـتەر و دکتۆرا لە سەر زانایانی کورد وەك (مەحوی، مەولـــەوی، مەلای جەزیری) ئامادەکراون و بایـــەخ دراوە بە ئەدەبیـــات و فەرهەنگی لێبووردەیی لە رێبازی ســـۆفیگەرایی ئەو زانایانـــەدا، هەروەها نامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر مافی منداڵ، مافی ژنان، مافی چارەی خۆنووسین، نووسراون.

*** بەڵام لە کوردســـتان قوتابخانەی ئاینییشـــمان هەیە کە بەشێکیان ســـەر بە وەزارەتی ئەوقاوف و بەشێکی دیکەی ســـەر بە وەزارەتی پەروەردەن، وەك کەســـێکی شارەزای ئەم بوارە، ئەو قوتابخانە ئایینییانە چۆن دەبینن؟**

- وەك خۆم تەزکیەی هیـــچ کام لە قوتابخانە ئایینەکانی کوردســـتان ناکـــەم، لەمـــەدا مەبەســـتم ئـــەوە نییە ئەو قوتابخانانە مامۆســـتای میانڕۆی تیدا نییە، نەخێر، بە دەیان مامۆســـتای بەڕێز و میانڕەو لەو قوتابخانانە وانەی ئیسلامی دەڵێنەوە، بەڵام وەك ستاف، واتە بڵێم ئەو ستافە مامۆســـتایەی فلان قوتابخانە بەڕێـــوە دەبەن، هەموویان بە ئاڕاســـتەی بەرهەمهێنانی میانڕۆیـــی و لێبووردەیی ئیســـلام وانە دەڵێنەوە، من ئەو دڵنیاییـــەم نییە، هەر بۆ

نموونە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆلێژی شەریعە لە زانکۆی دهۆك، پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ هەولێر، ئەم کۆلێژە لەلایەن سەلەفییەکانی سعودیەوە پشتگیری دەکرا و مەنهەجەکەی بەشی زۆری سەلەفی بوو، بەڵام کە گواسترایەوە بۆ هەولێر بە هیممەتی کۆمەڵێك خەڵکی دڵسۆز هەوڵماندا ئەو مەنهەجە بگۆڕین، بۆیە بێجگە لە کۆلێژی شەریعەی زانکۆی سەلاحەدین، من ناتوانم تەزکیەی هیچ کۆلێژێکی شەریعە لە کوردستان بکەم، بە بەشەکانی دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی سلیمانی و هەڵەبجە و گەرمیانیش.

*** لەوانەیە ئەم پرسیارە بۆ ئێستا لە جێگەی خۆیدا بێت، کێ بەرپرسە لەم دیاردەیە کە وا بە ئاشکرا دامەزراوەی خوێندن فیکری توندوتیژی بەرهەم بهێنێت؟**

- یەکەم بەرپرسی ئەم دیاردەیە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، لەبەر ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان زەمینەیان بۆ ئەم دیاردەیە خۆشکردووە، پرسیاری من ئەوەیە هاووڵاتیەك، رۆژنامەنووسێك، رۆشنبیرێك، هەست بە مەترسیی ئەم دیاردەیە دەکات، ئایا بڕوا دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستی پێنەکات؟ بۆیە ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان هەست بەم مەترسییە نەکەن، دیارە شایستەی ئەو پۆستانە نین، خۆ ئەگەر هەست بکەن و بێدەنگ بن، ئەوە کارەساتەکە گەورەترە. راستە هەتا ئێستاش کوردستان لەناو هەموو دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامیدا پاکترین ناوچەی حوکمڕانییە و کەمترین ژمارەی خەڵکیش چوونەتە ناو تیرۆریستانی داعش، ئەمە جێگەی شانازییە بۆ نەتەوەکەمان، ئەمە بەرەنجامی ئەوەیە کە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی زۆر کراوە و ئیجابی بووە لە بەرامبەر حزبە ئیسلامییەکاندا و ئێستا لە چوارچێوەیەکی ئاشتییانە سیاسەت دەکەن، بەڵام ئەو فیکرە سەلەفییەی لەناو حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و دەرەوەی حزبە ئیسلامییەکان بوونی هەیەو تائێستا حزبیان رانەگەیاندووە، ئەوە تاکتیکی ئەم قۆناغەیە، بەڵام لە بەرامبەردا سەلەفییەکان رێکخستنیان هەیە، پشتگیری دەرەوەیان هەیە، کەناڵی تەلەفزیۆنیان هەیە، سایت و بڵاوکراوەیان هەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە؟ هەر بۆ نموونە: کەسێکی سەلەفی بێت لە شاشەی تەلەفزیۆنێکی کوردستانەوە بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بڵێت، لەم (شارەو لەو شارەدا) ئەوەندە مەزارگەی تێدایە و..تاد، ئایا ئەمە مانای چییە؟ واتە داعش وەرە بیانتەقێنەوە، ئایا ماقووڵە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەم پەیامە تێنەگەن؟ بۆیە گرنگە ئەم پرسە بەهەند وەربگیرێت، پێویستە بە خۆدابچینەوەو لە مەترسیی فیکری سەلەفی تەکفیری قیتالی تێبگەین، چونکە ئەم فیکرە لە هەرکاتێکدا زەمینەی بۆ بڕەخسێت بە هاوشێوەی داعش دەتەقێتەوە و ئەم وڵاتە تێکدەدات.

*** باشە ئەگەر ئەم پرسە رووبەڕووی زانایانی ئیسلام بکەین، کە بەڕێزت یەکێکیت لەوان، ئایا چارەسەر لە چیدا دەبینن؟**

- گرنگە بزانین فیکری سەلەفی تەکفیری قیتالی لەسەر ژێرخانی سێ بنەمای سەرەکی دروست دەبێت، ئەوانیش بریتین لە: (نەزانی، هەژاری، پەراوێزخستن). سەبارەت بە نەزانی فیکری سەلەفی تەکفیری هەوڵدەدات سوود لەو کەسانە وەربگرێت کە بە باشی لە ئیسلام تێنەگەیشتوون، بۆیە دێن بە سێ بەرنامە مێشکیان دەشۆنەوە، ئەوانیش بریتین لە: (حەسری ئایات، حەسری فەرموودە، حەسری زانایان) واتە کۆمەڵێك ئایەتی قورئانیان بۆ دیاری دەکەن، تەنیا ئەوانە بخوێننەوە، کۆمەڵێك فەرموودە و بەس، هەروەها رای کۆمەڵێك زانای سەلەفی، ئەوجا لەم چوارچێوەیە بەوجۆرە پەروەردەیان دەکەن، ئەوەی وەك ئەوان بیرنەکاتەوە،وەك ئەوان تەنیا ئەو چەند ئایەت و فەرموودەیە تەفسیر نەکات، بە کافری دەزانن و خوێنی حەڵاڵ دەکەن، سەبارەت بە هەژارییش، سەلەفییەکان هەژاریی خەڵك ئیستیغلال دەکەن، یارمەتی ئەو خەڵکانە دەکەن کە هەژارن و دەیانەوێت بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریان دەهێنن، پێشتر باسم کرد، کەم و زۆر یارمەتییان دەدەن، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ سەلەفییەکان، هەروەها سوود لەو خەڵکانە وەردەگرن کە پەراوێزخراون و لە ژیان بێئومێد بوون، سەلەفییەکان ئەمانە زۆر بە ئاسانی بۆ تەکفیر و خۆتەقاندنەوە و توندوتیژی ئامادە دەکەن، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم سێ سێکوچکەیە (نەزانی، هەژاری، پەراوێزخستن) لەبەر چاو بگرێت، خاڵی هەرە گرنگ نەزانی و خراپ تێگەیشتنە لە قورئان، بۆیە گرنگە لەم لایەنەوە حکومەت هەوڵبدات کرانەوەیەکی گەورە رووبدات. من راشکاوانە دەڵێم: لە کوردستان زانستی زاراوەکانی زانستە ئیسلامییەکان وەك پێویست بوونی نییە، بۆیە خەڵك شوێن سەلەفییەکان دەکەوێت. هەروەها گرنگە چاوێك بە کردنەوەی ئەو پێشانگە نێودەوڵەتییانەی کتێب بخشێنینەوە کە لە کوردستان دەکرێنەوە، رێگە نەدەین ئەو هەموو کتێبە ئێکسپایەرە ئیسلامییەکان بەمەبەست بنێردرێن بۆ کوردستان، من حەزدەکەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر فیلیمی ئەو پێشانگەیانەیان لایە، سەیری بکەنەوە، بزانن، چۆن ئەو هەموو کتێبە ئیسلامییە مەترسیدارەی کە بە مەبەست دەنێردرێن بۆ کوردستان چۆن دەفرۆشرێن و کێن دەیانکڕن؟ ئێمە ناڵێین رێگە لە خوێندنەوە بگیرێت، بەڵام ئایا دەکرێت لەبەر چاوی خۆمانەوە ئازادیی کوردستان بەکار بهێندرێت بۆ پەروەدەکردنی فیکری سەلەفی تەکفیری و خۆمان بەدەستی خۆمان ئازادی و سەقامگیری کوردستان بشێوێنین؟

**کێشەی ئەم سەلەفییانە ئەوەیە هەر هەرزەکارێکیان دوو ئایەت و دوو فەرموودە لەبەر دەکات و خۆی تەفسیری دەکات، بۆیە نابێت دەرگای ئیجتیهاد بۆ هەموو کەس کراوە بێت**

**حەجاج یوسفی سەقەفی بە هەزاران کەسی کوشت کە دەتوانین بڵێن حەجاج بۆ سەردەمی خۆی شێوازێک لە داعشی ئێستا بووە**



**پرۆفیسۆر جاوید ڕەحمان ئوستادی یاسایە لە زانکۆی برنوێل لە بەریتانیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە تیرۆریزم و یاسای نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن لەسەر سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژی بە قەوارەی تیرۆریستانی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر رووبەرێك لە عێراق و سووریا، کە لە رووبەڕووی دەوڵەتی ئەردەن زیاترە، هەروەها مەترسیی تیرۆریستان لەسەر رۆژئاوا، بەتایبەتی کە لە ئێستادا تیرۆریستان لە رۆژئاواوە دێن بۆ جیهاد و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی رۆژئاوا، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** چۆن لە هەڵکشـــانی تیرۆریـــزم دەڕوانن، بەتایبەتی دوای بەهاری عەرەبی و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعش و ئەو ئاڵ و گۆڕەی کە بەسەر تیرۆریزمدا هاتووە؟**

- ئایدیۆلۆژیا کراوەیە بە سەر لێکدانەوە و تەفسیری جیاوازدا، زۆرێك لە موســـڵمانەکان هاوڕانین لەگـــەڵ ئەو لێکدانەوەی داعش دەیخاتەڕوو، رەتیشـــی دەکەنەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوەش نەك تەنها لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی، بەڵکو لەسەر بناغەی کەلتووری دوور و درێژی ئیسلامی کە زۆر لیبراڵ و مۆدێرن و کراوەیە لە ئاســـت ئایین و کەلتوورەکانی دیکەدا، لەبەر ئەوە دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە بێت. بە تێڕوانینی من زۆر گرنگە کە ئایین و سیاسەت و ژیانی گشتی لێکدابڕین، یاخود هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بکێشین. ئایین پەیوەندییەکی شەخسییە، ئەمە پەیوەندی بە باوەڕەوە هەیە و ئەوە بۆ خۆیان جێدەهێڵدرێت چۆن ئەو باوەڕەیان هەبێت. نابێت ئایین بە سیاســـەت بکرێت، چونکە ئەگەر بە سیاســـەت کرا ئەوا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، لەبـــەر ئەوە پێموایە دەبێت هێڵێکی جیاکەرەوەی روون لە نێوان سیاســـەت و ئاییندا بکێشرێت و پێویستە سیاسەتیش دەستێوەردان لە ئاییندا نەکات.

*** چـــۆن دەکرێـــت هاوکاری وڵاتـــە موســـڵمانەکان بکرێت بۆ ئەوەی بە شـــێوەیەکی عەقڵانی رووبـــەڕووی تیرۆریزمی ئیسلامی ببنەوە؟**

- ئەمە گرێدراوی خاڵی پێشـــووە کە باســـمان کرد، چونکە کاتێك ســـەرکردەکان دەیانەوێت ئایین ئیستغلال بکەن، ئەو کارە لە رێـــی گۆڕانکاری لە پـــەروەردەو مەنهەجی پەروەردەییەوە دەکـــەن، ئەوەی لە قوتابخانەکان و لە زانکۆکاندا دەگوترێتەوەو تەفســـیری خۆیان بۆ ئایین دەهێننە پێشەوە. لەبەر ئەوە دەبێت هێڵێکی روون بکێشرێت لەبارەی ئەوەی پێویستە سیاسەت چی بێت و پەروەردە چۆن بێت. دەبێت پەروەردە لیبراڵی بێت، ئەمە کارێکی ئاســـان نییە کە دەڵێم پێویستە پەروەردە لە ئایین جیا بکرێتەوە، بەڵام دەبێت هێڵێکـــی روون هەبێت، دەبێت پەروەردە فرەیی و کراوە بێت لە ئاست هەموو بەهاکاندا. ئەوە سەرکەوتوو نابێت ئەگەر هەوڵ بدەین بیروبۆچونی سیاســـی، یان ئایینی خۆمان بەســـەر پەروەردەدا بسەپێنین، چونکە ئەو کاتە قابیلی ئەوە دەبێت یاریی پێ بکرێت.

*** ئێســـتا کێشـــەکە بۆتە ناکۆکیی نێوان شـــیعە و سوننە لە جیهانی ئیســـلامیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا هەردوولایان دژ بە بەها رۆژئاواییەکانن، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە بۆ پێکدادانی شارستانیەتییەکان زەمینەی خۆش کردووە؟**

- کێشەکە ئەوەیە ئەگەر بتەوێت ئایدیۆلۆژیای خۆت بسەپێنیت، ئیدی شیعە بێت، یان ســـوننە، ئەوا هەر یەکێکیان تێڕوانینی خۆی هەیە و دەیەوێت بیســـەپێنێت بەسەر ئەوی دیکەدا. من دەڵێم ئەگەر سیاســـەت دابڕێت لە ئایین، یان لە بیروباوەڕی ئایینی، ئـــەوا خەڵکی کۆمەڵگەیەکی پتـــر فرەییان دەبێت. ئەگـــەر ئێمە بڵێین ئایین یاخود پیادەکردنی ئایین پرســـێکی شەخســـییە و نابێت ببێتە پرسێکی گشـــتی لە راگەیاندن و گفتوگۆی گشـــتی و لە ئایینـــەوە تێوەنەگلێندرێت. دەبێت ئایین پرسێکی شەخسی بێت، واتە لە نێوان کەسەکە و خودای خۆیدا، ئەوە باوەڕی منە لەبارەی شـــەریعەتەوە، کە دەبێت لە نێـــوان خۆی و باوەڕهێنانی بە خـــوادا بێت. هۆکاری بوونی کێشەی شیعە و سوننە ئەوەیە کە زۆر زەق دەکرێنەوە، دەکرێتە پرسێکی گشتی و پرســـێکی پەیوەست بە یاسای گشتییەوە، واتە چ یاسایەکی شـــیعە و چ یاسایەکی سوننە دەبێت پیادە بکرێت، و چ رێنماییەکی سوننە بە منداڵان بدرێت، ئەو کاتە دەبێتە جیاکاری لە دژی تایەفە، یان باوەڕەکانی دیکە. لەبەر ئەوە دەبێت هەڵوەســـتەیەك بکەین و بە وریاییەوە بیر بکەینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت لەگەڵ خۆماندا راســـتگۆ بین، لە جیهانی ئیســـلامیدا ئیزدواجییـــەت و دوو پێوانەیی هەیە، لەلایەکـــەوە دەڵێین: ئێمە خوازیـــاری لێبووردەیی و فرەیی و پێکەوەژیانیـــن، لە لایەکەوە پەرە بە ئایدیای توندڕەوی دەدەن، بەداخەوە لە هەندێ وڵاتدا سیاســـەتی رەسمی وڵاتەکەیە کە لە پێناوی ئامانجەکانی خۆیاندا پەرە بە رادیکاڵییەت بدرێت، ئەگەر نموونەیەکتان بـــۆ بخەمەڕوو لەم رووەوە، ئەوا ئایدیای جیهاد بە سیاســـی کراوە لەلایەن زۆرێك لە حکومەتەکانەوە و دەیانەوێـــت تیرۆر و توندڕەوە بۆ مەرامی خۆیان بەکار بهێنن،

## پرۆفیسۆر جاوید ڕەحمان

### لە زانکۆی برنوێل لە بەریتانیا بۆ گوڵان:

# نابێت ئایین تێکەڵی سیاسەت بکرێت، ئەگەر تێکەڵی سیاسەت کرا، ئەوا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

بۆ نموونە بۆ دروستکردنی بێنیزامییەکی ئیقلیمی، یاخود بۆ خولقاندنی کێشە بۆ وڵاتێکی دیکە، کەواتە مەسەلەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان پێکەوە گرێدراون.ئەم جیهادیزم و رادیکاڵیزمە پشتیوانییەکی زۆریان هەیە و پێویستە کۆتایی بەو پشتیوانییە بهێندرێت.

*** ئایا تا چەند ئەم ناکۆکییە بۆتە هۆی دروستبوونی زەمینەی گەشەکردنی داعش و ئەلقاعیدە؟**


- ئەوە ئاسانە بۆ هەموو کەس کە بڵێت سووریا هەرەسی هێناوە و داعش بەرەوپێش چووە و دەوڵەتی ئیسلامی مایەی هەڕەشەیە، بەڵام دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ریشەکە و پرسیاری ئەوە بکەین کێ ئەم کێشانەی دروستکردووە کە دوو پێوانەیی دەبینین؟ ناکرێت دەستی خۆمان لەمە بشۆین، ئێمە ئەم کێشەیە و ئەم دڕندەیەمان دروستکردووە و ناکرێت ئێستا بڵێین ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان پێیەوە نییە و دەست بکەینە بە رەخنەگرتن لێی. ئەم جیهادییانە لە شوێنێکەوە هاتوون و بە سپونسەری هەندێ وڵات بۆ مەبەستی دروستکردنی نائارامی هاتوون، ئێستا کێشەکە ئەوەیە ئەمانە زۆر سەربەخۆ بوون و زۆر پشتگیری کراون، بۆیە ئەم کێشەی جیهادییە مێژووی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر وریا بین و دوو پێوانەیی بەکار نەهێنین لە ئاست رادیکاڵیزمدا، ئەوە ئایین نییە، بەڵکو بە زۆری سیاسەتە کە ئەم جۆرە کێشەیە دروست دەکات. ئەگەر سەیری سووریا بکەین، ئەوا هێزە ئیقلیمیەکان، وەك سعودیە و قەتەر و ئەوانی دیکە دەستێوەردان دەکەن و بە شێوەیەکی کارا پشتیوانییان لە کەمپی دژ بە بەشار ئەسەد کردووە، ئێستاش ئەو کەسانە سەربەخۆبوون و جڵەوی کۆنتڕۆڵەکە لە دەستی خۆیاندایە، لەبەر ئەوە دەبێت کەسێك بەرپرسارێتی دروستکردنی ئەم نائارامیە هەڵبگرێت. لە راستیدا دەبێت رووبەڕووی کێشەی تیرۆر ببنەوە، ئەمە هەڕەشەیەکی راستەقینەیە، لەبەر ئەوەی لە رووی جوگرافییەوە ئێوە لە پێگەیەکی لاوازدان بۆ رووداني پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەسەر دەستی داعش. دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئێمە بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵبگرین کە دروستمان کردووە. بە شەو و رۆژێك داعش نەبۆتە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، ئێمە دەمانزانی شتێك دەگوزەرێت و پێموایە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی کارا پارێزگاری لە کوردستان بکات، تەنها بۆردومانکردنی داعش کێشەکە چارەسەر ناکات و رەنگە خراپتریشی بکات، بۆی هەیە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زیاتر بەرەو رادیکاڵییەت بچن، ئێمە ئێستا ئەوە لە ئەوروپادا بەدی دەکەین، زۆرێك لە جیهادییەکان دەگەڕێنەوە و چالاکییەکی زۆر ئەنجام دەدرێت. لەبەر ئەوە پێموایە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لە ئاشتییەکی هەرێمایەتی درێژخایەن بکاتەوە و هەوڵبدات ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، پێموایە هەندێ حکومەتی شەرعی هەیە، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها پێویستە حکومەتی عێراق و حکومەتی تورکیا و سعودیە هەموویان پێکەوە کۆبکەنەوە و مامەڵە لەگەڵ کێشەی داعشدا بکەن و لە شەڕی دژی داعشدا هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.


*** چۆن هەڕەشەکانی ئەم دواییەی سەر ئەوروپا دەبینیت، وەك ئەوەی لە فەرەنسا بینیمان و ئێستاش بەریتانیا رێوشوێنەکان توندوتۆڵ دەکاتەوە بۆ رێگرتن لە هەر هەڕەشە و مەترسییەك کە روویدات؟**

- کاتێك پاکستانییەکان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان ئاستێکی بەرز لە رادیکاڵیەت دەبینین و تەقریبەن رادیکاڵیەت و توندڕەوی بۆتە سیاسەتێکی رەسمی، ئەو خەڵکانەش ئەو شتانە فێر دەبن لە «مەدرەسەکان» و لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێننەوە بۆ بەریتانیا، کەواتە رایەڵێك هەیە و رادیکاڵیزمیش بە بێ هۆ روونادات، شتێك هەیە و دەگوزەرێت، پێموایە نەوەیەك هەیە لە خەڵك کە بەرەو رادیکاڵییەت دەچن. ئێستاش زۆر قورس بووە و خەڵکانێکی زۆر روویان کردۆتە ناوچە ناکۆکەکان و ئەوانەش هاووڵاتی ئەوروپین و ناسنامەیەکی تێکەڵیان هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت کارێکی زۆر بکرێت بۆ پەروەردەکردنی خەڵك لەسەر ئەوەی ئەوان هاووڵاتی وڵاتێکی دیموکراتین و ناکرێت باوەڕیان بە توندوتیژی هەبێت و دەبێت دەست لە توندوتیژی هەڵبگرن و نابێت ئایین بۆ برەودان بە توندوتیژی بەکار بهێنن.

**لە جیهانی ئیسلامیدا ئیزدواجییەت و دوو پێوانەیی هەیە، لەلایەکەوە دەڵێین: ئێمە خوازیاری لێبووردەیی و فرەیی و پێکەوەژیانین، لە لایەکەوە پەرە بە ئایدیای توندڕەوی دەدەن**

**دەبێت هێڵێکی جیاکەرەوەی روون لە نێوان سیاسەت و ئاییندا بکێشرێت و پێویستە سیاسەتیش دەستێوەردان لە ئاییندا نەکات**





پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

# گفتوگۆ لەگەڵ جاک دێریدا

# ڕەهەندە مەحاڵەکەی لێبوردن

**لێرەوە دەربارەی دوو بیرکردنەوەو تۆماری جیاواز دەنووسین کە جاک دێریدا جیایان دەکاتەوەو دژی ڤلادیمیر ژانکێلێڤیج قسەیان لەسەر دەکات، یەکەم دەربارەی مۆندیالیزاسیۆن، دووەم دەربارەی شێتی لە ناو خوددا، من ئەمە ناو دەنێم [Subjectivité] خودگەرایی، بەڵام دەشزانم کە دێریدا پێی خۆش نییە کە بەم شێوەیە ناوی بنێم، ئێستە وەک سۆسیۆلۆگێک قسە دەکەم، پێتان وا نەبێت کە لە جیاتی دێریدا دەدوێم، بەڵکە تەنها لە ڕێگەی خۆمەوە بۆچوونەکانی جاک دێریدا دووبارە دەکەمەوە، ئەمەش یارمەتیم دەدات کە بە هۆشیاری و هزری خۆم بیربکەمەوە، نەک کەسێکی دی.**



**(١)**

ئەگەر بکرێت لە شتێک ببوورین، ئەوە دەبێت لەو شتە بێت، وەک جاك دێریدا دەڵێت، کە ناتوانین لێی ببوورین. بەڵام هەر لە سەرەتاوە جاک دێریدا دێت و لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی کردەی لێبوردن دەخاتە ژێر چاودێرییەوەو بە حەزەرەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات:

لەلایەکەوە کردەی لێبوردن بەو شێوەیەی کە بە جیهانیی کراوە، گشتێنراوەو وەک شانۆیەکی جیهانیی نمایشکراوە، دەخاتە ژێر چاودێرییەوە. لە چرکەساتی باسکردنی لێبوردندا، جاک دریدا پەنا بۆ چەمکی [جیهانگیری]دەبات، چونکە ئەو لێبوردنەی کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان دەخرێتە ژێر باس، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەژێر کاریی کریستیانیسمی ڕۆمانیدایە، کە خۆی لە خۆیدا ئایینێکی جیهانییە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دێریدا، جودایسم لەسەرهەڵدانی دیاردەی لێبوردن دوور دەخاتەوە، بە پێچەوانەوە، ئەو پێیوایە کە جودایسمیش بەشدارە لە دروستکردنیدا.

لەلایەکی دیکەشەوە، ڕەهەندە مەحاڵەکەی لێبوردن کە وەک دێریدا دەڵێت [تەنها کاتێک دەبێتە مومکین کە مەحاڵ وەربگێڕینە سەر واقیع] و قوربانییەک بە شێوەیەکی میهرەبانانە، بێ مەرج کراوەو دوور لە قازانج، ببەخشێت بە جەلادێک وەک تاوانبار.

جاک دێریدا پێیوایە کە، لە نێو لێبوردن لەو شتانەی کە ناکرێت لێیان ببوورین شتێک هەمیشە ئامادەیە بە ناوی [من]: ئەوە [منم] وەک [خود]کە لە ئەوێکی دیکە [دەبوورم]. بەم شێوەیە لە کردەی لێبوردندا، جاک دێریدا دیاردەیەک دەبینێت کە ناوی دەنێت[خاوێنی ڕادیکاڵ]، کە خاوەنەکەی دەگەیەنێتە قۆناغی شێتی: گەڕانی شێتانە بە دوای موستەحیلدا.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کاتێک کە قوربانییەک هەڵدەستێت بە تاوانبارکردنی کەسی

**جاک دریدا پەنا بۆ چەمکی [جیهانگیری] دەبات، چونکە ئەو لێبوردنەی کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان دەخرێتە ژێر باس، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەژێر کارایی کریستیانیسمی ڕۆمانیدایە، کە خۆی لە خۆیدا ئایینێکی جیهانییە**

تاوانبار بە دڵ و گیان، بێ قەیدو شەرت، ناکۆتاو ئەبەدی تاوانباری دەکات. من لێرەدا وشەکانی جاک دێریدا وەک خۆی بەکار دەهێنم.

لە ناو کۆنتێکستی داوای لێبووردندا سەبارەت بە شتێک کە مەحاڵە لێی ببورین، منێک دەبینین کە دەیەوێت ببورێت، ئەگەر بکرێت ئەوە منم کە هەمیشە لێت دەبورم. لێرەدا وەک جاک دێریدا دەڵێت خۆلاسەیەکی رادیکاڵ دەبینین سەبارەت بە لێبوردنێکی خاڵس و جەوهەری، ئەم تەساموحە جۆرە شێتیەکی نامومکین و مەحاڵە.

لێرەوە دەربارەی دوو بیرکردنەوەو تۆماری جیاواز دەنووسین کە جاک جیایان دەکاتەوەو دژی ڤلادیمیر ژانکێلێڤیج قسەیان لەسەر دەکات، یەکەم دەربارەی مۆندیالیزاسیۆن، دووەم دەربارەی شێتی لە ناو خوددا من ئەمە ناو دەنێم [Subjectivité] خودگەرایی، بەڵام دەشزانم کە دێریدا پێی خۆش نییە کە بەم شێوەیە ناوی بنێم، ئێستا وەک سۆسیۆلۆگێک قسە دەکەم پێتان وا نەبێت کە لە جیاتی دێریدا دەدوێم بەڵکە تەنها لە ڕێگەی خۆمەوە بۆچوونەکانی جاک دێریدا دووبارە دەکەمەوە، ئەمەش یارمەتیم دەدات کە بە هۆشیاری و هزری خۆم بیربکەمەوە نەک کەسێکی تر.

ئێستا با قسە دەربارەی [Mondialatinisation] بکەین، لێرەدا کۆمەڵێک لایەنی جیاوازی تێدایە کە دەبێت لە یەکیان جودا بکەینەوە، بەر لە هەرشتێک جیاکردنەوەی ئیدیی[mondialisation] بە جیهانیبوون، دەبێت باش ئەوە بزانن کە فەڕەنسیەکان مۆندیالیزاسیۆن بەکار دەهێنن لە کاتێکدا ئینگلیزەکان کۆنسێپتی[globalisation] بەکاردێنن، ئەمەش ئەو بیرکردنەوەیەمان لا دروست دەکات کە تێرمی مۆندیالیزاسیۆن دوو ڕێگەی جیاواز دەگرێت، ڕێگەی یەکەمیان جۆرێک لە هەستی بەرجەستەکردنی مۆندیالیزاسیۆنمان وەک ئیمپراتۆریەتێک نیشاندەدات، ئەم جۆرە مۆدێلە ئێکۆنۆمیستەکان پێشنیاریان کرد، بۆ ئەوەی سیستەمێکی جیهانی وەها دروست بکەن کە بتوانێت سنوورەکان تێکبشکێنێت، دەبێت ئەوەش ڕوون بێت کە ئەم سیستەمی بە جیهانیکردنە دەتوانێت تەنیا وەک دەسەڵاتی بازرگانی کردن و ئاڵوگۆڕی بازاڕ



**ڕەهەندە مەحاڵەکەی لێبوردن کە وەک دێریدا دەڵێت[تەنها کاتێک دەبێتە مومکین کە موستەحیل وەربگێڕینە سەر واقیع] و قوربانییەک بەشێوەیەکی میهرەبانانە، بێ مەرج، کراوەو دوور لە قازانج، بیبەخشێت بە جەلادێک وەک تاوانبار**

و خواستی کاپیتالیسم بەکاربهێنرێت و ئیشبکات، بەڵام بۆ پێوەندی و جموجوڵی مرۆڤەکان لەناو هەمان سیستەمدا ئەم مۆدێلە ناگونجێت و جووڵەی مرۆڤەکان بابەتێکی ترە، ئەمەش وادەکات کە بە ئاسانی ئەو نایەکسانیانە ببینین کە لە دامودەزگاکانی حکومەت و خوێندنگەکاندا بەرجەستەن.

لایەنی دووەم دەربارەی [globalisation] قسە دەکەین، کە ئەم مۆدێلە بە تەنیا هەڵگری واقیعێکی ئیمپراتۆری نییە کە تەنیا بیر لە ئیکۆنۆمی دەکاتەوەو دەیەوێت بە جیهانی بکات، بەڵکە دەیەوێت هەموو شتێک بێت بە یەک و هەموو لایەن و جیاوازییەکان لە خۆیدا قبوڵ دەکات، دەیەوێت هەموو شتێک وەک جیهانیبوون پێشنیار بکات، زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەم مۆدێلەی گلۆبالیزاسیۆن دەڵێن، عەدالەت، جووڵەی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، حوکمڕانی، سیاسەت و تاد..

ئایین زۆر لێمانەوە دوور نییە لێرەدا، بەڵکە لێرەدا دەتوانین بپرسین ئایا کریستیانیسم کۆنترین مۆدێلی بە جیهانی کردن نییە وەک مۆدیالیزاسیۆن و گلۆبالیزاسیۆن لە هەمانکاتدا؟

بەڵام دەتوانین دەربارەی هەندێک شتی دیکە بدوێین کە لە ناو بیرکردنەوەی گلۆبالدا خۆیان دەبیننەوە بۆ نموونە چەمکی[لێبوردن] کە دەتوانێت لە ئاست و رووبەری جیاوازدا خۆی بونیاد بنێت و خۆشی بگۆڕێت، لێرەوە لێبوردن دەچێتە ئاستێکی باڵای جیهانی و، نەتەوەیی و، ناوچەیی و لۆکاڵییەوە، دواجار دەبێت تەواوی ئەو بیرکردنەوەو ئیدیا جیاوازانە قبوڵ بکەین کە لە ناو دیسیپیلی جیاوازدا بەرهەم هاتوون، بەڵام دەتوانن پێکەوە بگونجێن و کار بکەن. کەواتە دەبێت ئەوەش بزانین کە لەم جیهانەدا کە هەموو شت دەکرێت راست و دروست دەربکەوێت، بەڵام زانین و زانست مەرج نییە هەمیشە لە سەنتەری بابەتەکاندا بێت.

من لە وڵاتێکەوە هاتووم کە بەرگری لە مۆدیالیزاسیۆن دەکات، بە هەمان ئەندازەش خزمەت دەکات بە بیرکردنەوەی گلۆباڵ وەک پێشتر ئیشارەتم بە هەردوو مۆدێلەکە کرد. ئێستا لەبەردەم دیاردەیەکی گرنگدا وەستاوین. دەتوانین ئەم دیاردەیە وەها بخوێنینەوە کە فەرەنسییەکان زۆر کەم و خراپ بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، ئەم کائینە نایەوێت بچێتە هیچ دیباو گفتوگۆیەوە کە دەیەوێت دەربارەی تواناو هێزی بیرکردنەوەی رۆشنبیرە ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان قسە بکات. ئەمەش جۆرێکە لە دژایەتیکردنی ئەو بۆچوونەی دێریدا کە لەسەر ئایینی لاتین پێشنیاری کردبوو، چونکە تیۆرییەکەی دێریدا دەربارەی بە جیهانیبوونێکی بەربڵاو دەدوێت کە تەواوی دەستکەوتەکانی نە لە کەلتوری لاتینەوە وەرگرتووەو نە لە کەلتووری کریستیانیسیشەوە. ئێمە دەبێت تەفسیرێکی لەوە ڕوونترو باڵاترمان هەبێت کە لە ژیانی رۆشنبیری و سیاسیمانەوە دەستمان کەوتووە، ئەویش ئەمەیە کە: فەرەنسا لەناو دیباو گفتوگۆکانیەوە زیاتر خۆی پیشانی دنیا داوە، بەتایبەتی لە ساڵەکانی پەنجا تا حەفتایەکانی سەدەی پێشوو، فەرەنسا بەشێوەیەکی کاریگەر توانی ببێت بە سەنتەری تەواوی جیهان سەبارەت بە گفتوگۆو نووسین دەربارەی مارکسیزم و دژە مارکیسیزم لەهەمان کاتدا، بە شێوەی جیدی و ئەکتیف دەربارەی شۆڕش قسەی هەبوو، ناوەندی رۆشنبیری فەرەنسا بە جۆرێک بەسەر سارتەر و ئارۆندا دابەش بوون کە دەبوو ڕاستەخۆ لایەنگریان بۆ یەک لەم دوو بیرمەندە ئاشکرابکەن، بە هەمان شێوەی سەرهەڵدانی شەڕی ساردکە دەبوو لایەنگری لایەنێک لە لایەنەکانی شەڕی سارد بکەن، فەرەنسا وڵاتێک بوو کە بەلایەوە گرنگ بوو دەربارەی چینی خوارەوەی هەژاری کۆمەڵگەکان بدوێت، هەروەها قسەکردنی بەردەوام دەربارەی کۆتایی داگیرکاری و ئیستیعمار لە دیارترین بابەتەکانی گفتوگۆی رۆشنبیری و سیاسی فەرەنسا بوون.

بەڵام کاتێک قۆناغێک سووڕی خۆی تەواو دەکات و لاپەڕەی نوێ هەڵدرانەوە، فەیلەسوفە تازەکان هاتن و دەربارەی ئەو قۆناغە قسەیان دەکردو دەیاننووسی کە مارکسیزم لە شکست و خاوبوونەوەدایە. بە جۆرێک کە مێژوونووسی فەرەنسی فرانسوا فویرێ بە ئاسانی و بێ کێشە دەیوت کە شۆڕشی فەرەنسی کۆتایی پێهات و مرد، وەکو چۆن کەوتنی دیواری بەرلین ڕێگەی بە فرانسیس فۆکۆیاما دەدا کە هەمان بیرکردنەوەی کۆنی ئیگێل و کۆژێل دووبارە بکاتەوە کە بە شێوەیەکی لە خۆبایی و بێ ئەدەبانە باسی کۆتایی مێژوویان دەکرد، بە هەمان شێوە فۆکۆیاما لە دوای کەوتنی دیواری بەرلین کۆتایی مێژووی ڕاگەیاند، تەواو سەخت بوو بۆ رۆشنبیرە فەرەنسییەکان کە بە شێوەی فراوان بێنە نێو دیباو گفتوگۆ تازەکانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم گفتوگۆو دیبا نوێیانە هیچ هاوبەشیەکیان لەگەڵ ئەو قۆناغە فەرەنسیەدا نەبووکە فەرەنسیەکان دایان هێنابوو.

**تیرمی مۆندیالیزاسیۆن دوو ڕێگەی جیاواز دەگرێت، ڕێگەی یەکەمیان جۆرێک لە هەستی بەرجەستەکردنی مۆندیالیزاسیۆنمان وەک ئیمپراتۆریەتێک نیشاندەدات، ئەم جۆرە مۆدێلە ئیکۆنۆمیستەکان پێشنیاریان کرد، بۆ ئەوەی سیستەمێکی جیهانی وەها دروست بکەن کە بتوانێت سنوورەکان تێکبشکێنێت**

**لێبوردن دەچێتە ئاستێکی باڵای جیهانی و نەتەوەیی و ناوچەیی و لۆکاڵییەوە، دواجار دەبێت تەواوی ئەو بیرکردنەوەو ئایدیا جیاوازانە قبوڵ بکەین کە لە ناو دیسیپیلی جیاوازدا بەرهەم هاتوون، بەڵام دەتوانن پێکەوە بگونجێن و کار بکەن**

*** سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**

# گیاکەڵەی داعش لە وڵاتی گوڵدا

## خوێندنەوەیەک بۆ مەترسیی جیهادی تەکفیری
## لە راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا



General Intelligence and
Security Service
*Ministry of the Interior and
Kingdom Relations*

# The transformation of jihadism in the Netherlands

*Swarm dynamics and new strength*



**لە رۆژی ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، کۆڕێکی بۆ رۆب بروسلی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا (AIVD) گرێدا، هەر لەم کۆڕەدا دەقی راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی ئامادەبووان کرا. ئەم راپۆرتە خوێندنەوەیەکە بۆ نامیلکەیەکی ٥٨ لاپەڕەیی کە بە زمانی هۆڵەندی نووســراوە و بۆ زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕدراوە.**
**گرنگیی ئەم راپۆرتە لەوەدایە مەترسیی وەرچەرخانی جیهادی بانگخوازی بۆ جیهادی تەکفیری قیتالی پیشـــاندەدا، ئەوە دەخاتەڕوو چۆن بانگخوازی جیهادی و دەعوەی سەلەفی لە ژینگەیەکی وەك ژینگەی هۆڵەندیدا لە پڕ وەردەچەرخێن بۆ بزووتنەوەیەکی جیهادی تەکفیری و قیتالی، لەمەش زیاتر بە بیانووی جۆراوجۆر سەفەر دەکەن و دەچنە نێو گرووپەکانی جەبهەت ئەلنەسرە و داعش، لەوێش نەك هەر کاری زۆر دڕندانە ئەنجامدەدەن، خۆیان دەتەقێننەوە و ســەری خەڵك دەبڕن، لایەنێکی دیکەی گرنگیی ئەم راپۆرتە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەوەی جیهادییە ئوسولی و تەکفیرییەکانی رۆژئاوا توانیویانە سوودێکی هێجگار گەورە لە یاسا دیموکراتییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا وەربگرن و بە شێوەیەك پەیامی خۆیان بڵاو بکەنەوە کە لە رووی یاساییەوە نەتواندرێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە پەنا دەبەنە بەر خۆپیشاندان، گوتاری ئیستیفزازی، ئەمە بێجگە لەوەی بە هەموو شێوەیەك سوودیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە.**
**ئەم راپۆرتەی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا نەك بە شـێوەیەکی سیستماتیك خاڵی هاوبەشی کۆمەڵگەی دیموکراتیی رۆژئاوا و ئەمریکامان پیشـــاندەدا، بەڵکو رەهەندەکانی ئەم راپۆرتە ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە وەك هەرێمی کوردســـتان لە ژێر هەڕەشەی سەلەفی ئوسولیدا دەژین و یاساکانی وڵاتەکەش ناتوانێت رێگریان لێ بکات، ئەمەش پوختەی راپۆرتەکەیە.**

**● دەزگای هەواڵگری ریشەی تیرۆریستان دەبینێت بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستگیرکردنی نییە**

مەترسیی گواستنەوەی هێز لە کاراکتەری نێودەوڵەتییەوە بۆ کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی وەك گرووپ و رێکخراوە تیرۆریســـتییەکان وەك جۆزیف نای لە کتێبی ئایندەی هێز ئامـــاژەی پێکردووە: (وەك ئەوە وایە چەکوشـــێك بدەیتە دەست منداڵێك و ئەو منداڵە جیهانی لێ دەبێتە بزمارێك و چەکوشـــەکە بە هەموو شوێنێکدا دەدات)، ئێستا لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری و ســـەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان، رێکخراوە جیهادییەکان بە هەموو شێوەکانیانەوە سەرەنجام دەگەنە خاڵێك کـــە هەموویان لە فیکری ســـەلەفی جیهادی تەکفیری کۆدەکاتەوە، رۆب بروسلی لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی نامیلکەی بۆ ئامۆژگای واشنتۆن بەمجۆرە باس لەم مەترســـییە دەکات و دەڵێت: «ئەمەوێت پێتان بڵێم من لێرە لە چ روانگەیەکەوە قسەتان بۆ دەکەم، من وەك سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا (AIVD) قسە دەکەم و نامیلکەکەشم راپۆرتێکە لە سەر بنەمای چالاکیی هەواڵگری لە شـــەڕی دژەتیرۆردا نووسراوە و هەردوو لایەنی ئاسایشـــی ناوخۆ و دەرەوەی هۆڵەندا لەخۆ دەگرێـــت، ئەمەش مانای ئەوەیـــە ئەم راپۆرتە هاوکاری هەواڵگـــری دەرەوە و ناوەوەی تێدایە، ئەوەی لەم کارەی ئێمەدا ئاســـتەنگە و ناتوانین بە تەواوەتی رێگری لە تیرۆریســـتان بکەین ئەوەیـــە کە دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا هیچ دەسەڵاتێکی تەنفیزی نییە، واتە مـــن ناتوانم کەس بگرم و بیخەمـــە زیندانەوە و

ئەوە ئیشی دەسەڵاتێکی دیکەیە، بۆیە کارەکەی ئێمە تەنها چاودێریکردن و زانیاری کۆکردنەوە و هەروەها قسەکردنە لەگەڵ ئەو کەسانەی گومانمان لەسەریان هەیە بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بهێنین لەو کارە دوور بکەنەوە. لەم رووەوە کاری ئێمەش هاوشێوەی کاری دەزگای هەواڵگری ئەمریکایە. ئەم راپۆرتە بەرهەمی چاودێریکردنی تەنها سالآنی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ نییە، بەڵکو ئەمە بەرهەمی ئەو دیراسەتەیە کە لە ماوەی سالآنی ٢٠٠٢ – ٢٠١٠ئەنجام دراون. ئێمە لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا پێمانوابوو فیکری جیهادی لە هۆڵەندا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، یان لانیکەم ئەو کەسانەی لە هۆڵەندا بانگەوازی سەلەفی جیهادی دەکەن، قەناعەتیان بە توندوتیژی نییە و وڵاتی خۆیان بەجێناهێڵن و ناچنە دەرەوە بۆ جیهادکردن».

ئەگەر سەرنج لەم قسانەی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا بدەین، هەست دەکەین فیکری سەلەفی ئوسوڵی، بانگخوازەکانی ئیخوان موسلمین، لە قۆناخێکدا قەناعەت بە حکومەتەکان و تەنانەت خەڵکیش دەهێنن، بەوەی ئەوان پەیامێکی ئاشتیخوازانە بڵاودەکەنەوە و بڕوایان بە جیهادی قیتالی و تەکفیری نییە، ئەو ماوەیەی لە ٢٠٠٢و ٢٠٠٤ – ٢٠١٠ راپۆرتەکەی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا ئاماژەی پێدەکات، ئەو ماوەیەیە کە هێشتا گۆڕانکاری و خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی عەرەبی دەستی پێنەکردووە، راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە لە دوای دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی و لە دوای ساڵی ٢٠١٠ وەرچەرخانێکی سەیر و کت و پڕ لە جووڵە و بیرکردنەوەی جیهادییە سەلەفییەکان و بانگخوازەکانی سەر بە ئیخوان موسلمین روویداوە، ئەم حاڵەتە راشکاوانە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندای گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی لەو کۆڕەدا بە ئاشکرا بڵێت: «من کاتێك باسی فیکری جیهادی دەکەم، مەبەستم فیکری جیهادی توندڕۆیە کە وەردەچەرخێت بۆ کاری تیرۆریستی، هاوڕێیەکم پێی گوتم: لە نێوان فیکری جیهادیدا چەند شێواز هەیە و مەرج نییە هەموویان ببنە جیهادی توندڕۆ، یان قیتالی. من لێرەدا ئەو جیاوازییە ناکەم و وەك جیهادی توندڕۆ باسی دەکەم».

ئەم قەناعەتەی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی هۆڵەندا هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، لەبەر ئەوەی وەك لەو کۆڕە ئاماژەی پێکردووە، هەندێك لەوانەی لە فیکری جیهادییەوە وەرچەرخاون بۆ توندوتیژی و ئێستا لە ریزەکانی داعش لە سووریا شەڕ دەکەن، کەسانێکن نەوەی سێهەمن لە هۆڵەندا، ئاماژە بەوە دەکات کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ کە ئێستا چۆتە ریزەکانی داعش لە سووریا، بە رەگەز مەغریبییە و نەوەی سێهەمە لە هۆڵەندا، واتە باوکیشی لە هۆڵەندا لەدایکبووە، ئەمەش مەترسییەکی راستەقینە لە سەر ئایندەی هۆڵەندا و رۆژئاوا دروست دەکات.

### ● دوای ساڵی ٢٠١٠ و گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی

زۆر لە بیرمەندانی بواری فەلسەفەی سیاسی، کاتێك باس لە ریشەکێشکردنی فیکری سەلەفی تەکفیری دەکەن، هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی لەو وڵاتانە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و.. تاد هەیە، راستە ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ هەستکردن بە پەراوێزبوون و گۆشەگیربوون لە کۆمەڵگەدا، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندا کە لە رووی بەرزیی ئاستی ژیان و کرانەوە و مافەکانی مرۆڤەوە لە ریزی وڵاتانی ئەسکەندینافی پۆلێن دەکرێت، بۆچی ئەم وەرچەرخانە سەیرە لە فیکری جیهادی روویداوە و وەك راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە، هەتا ئێستا چەند سەد کەسێك لەو جیهادییانە چوونەتە سووریا و ١٩یان کوژراون و ٧یان خۆیان تەقاندۆتەوە و هەموو کارێکی دڕندانەشیان ئەنجامداوە؟ لەمەش زیاتر لە ناو هۆڵەنداش چەند هەزارێك هەن کە هاوسۆزن لە گەڵیان و بانگەشەیان بۆ دەکەن و کارەکانیان بڵاودەکەنەوە، راپۆرتەکە سەبارەت بەم وەرچەرخانە دەڵێت: «هەتا دوای ساڵی ٢٠١٠ جیهادییەکان لای ئێمە هەڕەشە نەبوون، بەڵام لە ئاکامی چاودێری ورد بۆمان دەرکەوت، ئەم ونبوونە و شاردنەوەی مەترسییەکانیان بۆ ئەوە نییە کە ئێمە بیرمان لێکردۆتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەوان شێوازی کار و رێکخستنی خۆیان گۆڕیوە، پێشتر ئەوان شێوەی هەرەمی مەرجەعێکیان هەبوو کە هەموو گوێیان بۆ دەگرت، بەڵام ئێستا شێوازەکەیان گۆڕیوە بۆ لامەرکەزی و کۆمەڵێك مەرجەع دروست بوون و پەیوەندییان بە کۆمەڵێك لایەنگرەوە هەیە، هەمووشیان وەك سرب، یان پۆل پێکەوە دەجووڵێن و هێزێکی شاراوەی گەورەیان دروستکردووە، هەستمان بەوە کردووە جیهادییەکانی هۆڵەندا سوودیان لە هەڵەی جیهادییەکانی بەریتانیا و بەلجیکا وەرگرتووە، پێش ٢٠١٠ جیهادییەکانی هۆڵەندا هەندێك کاریان کردبوو، رووبەڕووی یاسا دەبوونەوە و دادگاکانی هۆڵەندا سزایان دەدان، بەڵام دوای ٢٠١٠ ئەمە نەما، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو وازیان




**گەڕان بە دوای هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی، تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی دروست دەکات، ناوەندی هەموو تۆڕەکەش پێکەوە گرێدراوە**

هێناوە، بەڵکو بە سوودوەرگرتن لە جیهادییەکانی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بەتایبەتی بوونە جیهادی پرۆفیشناڵ و لە بری ئەوەی لەسەر خاکی هۆڵەندا پەنا بۆ کاری توندوتیژی و تیرۆریستی بەرن، کەوتنە پیادەکردنی گوتاری ئیستفزازی لە شوێنە گشتییەکان و خۆپیشاندان بۆ تێکدانی شوێنە گشتییەکان، ئاشکراشە بەپێی یاساکانی هۆڵەندا گوتاری ئیستفزازی و خۆپیشاندان مافی ئازادی رادەربڕینن و دەزگای هەواڵگری، یان دەسەڵاتی دادوەری ناتوانێت رووبەڕووی یاسایان بکاتەوە.»

### ● دوای ساڵی ٢٠١٣ وەرچەرخانی سەیر و لەناکاو

ئەم راپۆرتەی هەواڵگری هۆڵەندا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە چۆن فیکری سەلەفی و جیهادی تەکفیری بەپێی قۆناخ تاکتیکەکانی خۆی دەگۆڕێت، هەروەها ئەوەمان پێدەڵێت هەڵگرانی ئەم فیکرە جیهادی تەکفیرییە بێجگە لە دڵسۆزی و وەلایان بۆ ئەو فیکرە توندڕۆیە جیهادی و قیتالییە هیچ وەلایەکی نیشتمانی و نەتەوەییان نییە، ئەمە تەنها بۆ هۆڵەندا جێگەی مەترسی نین، بەڵکو بۆ هەر وڵاتێکی دیموکراتی جێگەی مەترسین کە تۆی ئەم فیکرە تیایدا سەرهەڵدەدات.

راپۆرتەکەی دەزگای هەواڵگری هۆڵەندا ئاماژە بەوە دەکات ئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠١٣ بینیمان زۆر سەیر و جێگەی سەرسامی بوو، لەبەر ئەوەی لەو قەناعەتە نەبووین جیهادییەکانی هۆڵەندا وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن و رووبکەنە سووریا و لەوی نەك هەر شەڕ، بەڵکو ئەو کارە دڕندانانە بکەن! هۆکاری سەرەکی بۆ چوونە سووریاش ئەوەیە کە بە ئاسانی دەگەنە سووریا، هەروەها شەڕی سووریا یەکێکە لە هۆکارەکان و هەموو هۆکارەکان نییە، هۆکاری ئەم وەرچەرخانە سەیرە ئەوەیە شەڕی سووریا وەرچەرخانەکەی گەورەتر و خێراتر کرد، ئەگەرنا ئەم وەرچەرخانە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ هەر بوونی هەبووە، بۆیە چوونی ئەو خەڵکە بۆ سووریا و پاشان گەڕانەوەیان بۆ هۆڵەندا مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی هۆڵەندا دروست دەکات.

راپۆرتەکە لە چوارچێوەی ئەم وەرچەرخانە ئاماژە بەو هاووڵاتییانەی هۆڵەندی دەکات کە هەڵگری فیکری جیهادیزمن و ئێستا لە ناو هۆڵەندا دەژین و

دەڵێت: «ئەوانەشی ئێستا لە هۆڵەندان و هەڵگری ئەم فیکرە جیهادییەن، بە ئاشکرا دەسەڵات و سیستمی دیموکراتیی هۆڵەندا رەتدەکەنەوە، چەندین وێبسایتیان داناوە بە ناوی (شەریعەت بۆ هۆڵەندا، ئیسلام بۆ هۆڵەندا) بە زمانی هۆڵەندی هەموو شتێك بڵاو دەکەنەوە، خاڵێکی دیکە کە جێگەی مەترسییە و یاسا رێگەیان لێناگرێت، ئەوەیە کاتێك دەیانەوێت سەفەر بکەن بۆ ناو تیرۆریستانی داعش، یان جەبهەت ئەلنەسرە، درۆ دەکەن، واتە فێری درۆکردن بوون، ئێمە دەزانین دەچن بۆ جیهاد، بەڵام پێمان دەڵێن دەچین بۆ ئاهەنگی ژنهێنان و بووك گواستنەوەی کەسوکاریان، یان دەڵێن سەردانی کەسوکارمان دەکەین، یان هەندێکیان بلیتی فڕۆکەی هەردوو سەرە دەبڕێت، ئەمەش بەو مانایە گوایە دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا، بەڵام دەڕۆن و ناگەڕێنەوە، چوونی جیهادیەکان بۆ سووریا زۆر ئاسانە و بەئاسانی دەگەنە ئەو وڵاتە، بۆیە سووریا بۆتە خاکی هاوبەش بۆ هەموو جیهادییەکان بۆ ئەوەی بچنە ئەو وڵاتە و جیهاد بکەن.»

**● ئەو هۆکارانەی هانی هۆڵەندییەکان دەدات بۆ چوونە ریزی جیهادییەکان**

دەزگای هەوڵگریی هۆڵەندا زۆر بە وردی دەگەڕێت بەدوای ئەو هۆکارانەی دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی هاووڵاتی بچنە ناو ئەو گرووپانەوە. بەپێی راپۆرتی ساڵی ٢٠٠٥ هەمان دەزگا، ئاماژە بەوە کراوە ئەم وەرچەرخانە تەنها بۆ پەرەسەندنە نوێیەکانی وەك بەهاری عەرەبی و شەڕی سووریا ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو کۆمەڵە فاکتەرەش رۆڵیان هەبووە کە پێشتر لە ئارادا بوون. هەربۆیە کە پێشتر ژمارەی ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە تۆڕە جیهادییە ناوخۆییەکانەوە کردووە، ژمارەیان کەم بووە، ئەمەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١. سیاسەتی چالاکیی حکومەت.


٢. موسڵمانەکان خۆیان پارێزراو بوون و مەناعەیەکیان هەبوو کە نەکەونە ژێر کاریگەری جیهادیزمی رادیکاڵییەوە.

بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نەهات کە هۆکارەکان ئیدی بوونیان نەماوە کە پێشتر سەرچاوەی دروستبوونی جیهادیزمی ناوخۆیی بوون. راشکاوانەتر پێش ئەم هۆکارانەش هۆکاری دیکە هەبوون، ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا مەبەستمان لەو هۆکارە شاراوانەی دیکە چین؟ ئەوا راشکاوانە راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: «مەبەست لە هۆکاری شارەوە ئەوەیە هێشتا لە ناو توێژی گەنجانی موسڵمانی هۆڵەندا، نارازیبوون هەیە لە بارەی رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتییانەوە و لە بەرامبەر هەستکردنیان کە جیاکارییان لە دژ ئەنجام دەدرێت. هێشتا خواستێکی بنەڕەتی هەیە لە نێو نەوەی دووەم و سێیەمی کۆچبەراندا بۆ راپسکاندن و خۆڕزگارکردن و کەلێنێکی سایکۆلۆژییان هەیە و هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن و لە گەڕاندان بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیان. هەروەها کەلێن و بۆشاییەك هەیە لە نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێدا، گەنجان مەیلیان هەیە بۆ ئەوەی تەفسیرێکی وشك و بەرتەسك و توندی دەقە ئایینییەکان بکەن.»

**● تاچەند پاشاگەردانیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاندەرە؟**

گەڕان بە دوای هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی، تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی دروست دەکات، ناوەندی هەموو تۆڕەکەش پێکەوە گرێدراوە، بۆیە لە کاتێکدا ئەم راپۆرتە ئاماژە بەوە دەکات شەڕی سووریا تەنها هۆکار نییە، دیارە لە ناوخۆی هۆڵەنداش هەندێك هۆکاری دیکە هەیە کە دەبنە هاندەر بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی. بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە: کاتیك فاکتەرەکانی ناوخۆیی گرێدەدرێنەوە بە پاشاگەردانیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئایا هاندەرەکە دەبێتە چەند؟ راپۆرتەکە بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: «ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەك هەر ئەگەری هاتنەئارای ئاشتییەکی درێژخایەنی نییە، بەڵکو کێشە و قەیرانی قووڵتر یەخەی ئەم ناوچەیەی گرتووە و بەرۆکی بەرنادات. هەمو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو هەستەیان لا قووڵتر و ئەو تێڕوانینەیان لا تۆختر بێتەوە کە موسڵمانەکان لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە کەوتوونەتە بەر زەبری سەرکوتکاری و تاکە رێگەش بۆ بەرپەرچدانەوەی بریتییە لە جیهاد! بەڵام گۆڕانکاری ناوخۆییش روویاندا کە رۆڵیان هەبووە لەوەی سەلەفیزم بەرەو جیهادیزم بڕوات. لە سەلەفیزمدا دەکرێت ئاماژە بە سێ لق و رێچکە بکرێت، لەوانە: (سەلەفیزمێك کە خۆی لە سیاسەت بە دوور دەگرێت، سەلەفیزمی سیاسی کە باوەڕی بە بایەخدان و بەشداریکردن لە کاروبارەکانی کۆمەڵگە و تێوەگلانی زیاتر لە سیاسەتدا هەیە، سەلەفیزمی جیهادی)، بەڵام سەلەفیزمی جیهادی، کە پێکهاتەی سەرەکی و بنەڕەتی جیهادیزمی هاوچەرخە، باوەڕی بە گرتنەبەری رێگەی توندوتیژی هەیە، هەمووشیان یەك ئامانج کۆیان دەکاتەوە کە بریتییە لە دامەزراندنی

**ریفۆرمی قوتابخانە ئایینیەکان و کۆلێژەکانی شەریعە و زانستە ئیسلامییەکان، لە یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە پێویستترە، بۆ ئەمە دەبێت خەڵکی کوردستان چۆن یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەیان کردووە بە داوای خۆیان و کەس ناتوانێت بەرگری لە یەکنەگرتنەوە بکات، دەبێت ریفۆرمی قوتابخانە و کۆلێژەکانی شەریعە و زانستی ئیسلامییش بە هەمان شێوە ببنە خواستی گەلی کوردستان و کەس نەتوانێت رێگەی لێ بگرێت**






**هەڵگرانی ئەم فیكرە جیهادی تەكفیرییە بێجگە لە دڵسۆزی و وەلایان بۆ ئەو فیكرە توندڕۆیە جیهادی و ڤیتالییە هیچ وەلایەكی نیشتمانی و نەتەوەییان نییە**

دەوڵەتی ئیسلامی كە هەڵبستێت بە پیادەكردنی شەریعەت.

**● سەلەفیزمی سیاسی و غەیرە سیاسی**

راپۆرتەكە بە وردی هەوڵیداوە جیاكاری لە نێوان رەوتی سەلەفی بانگخوازی و سەلەفی ڤیتالی بكات، بەڵام وەك سەرۆكی دەزگای هەواڵگری هۆڵەندا راشكاوانە لە كۆڕەكەی ئاماژەی پێكرد، ئەو ئامانجەكەیان جیا ناكاتەوە، لە راپۆرتەكەشدا بەمجۆرە ئاماژەی پێكردووە و نووسیویەتی: «سەلەفیزمی سیاسی و ناسیاسی باوەڕیان بە بانگخوازی هەیە وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە، لە كاتێكدا سەلەفیزمی جیهادی بۆ هێنادی ئامانجەكەی باوەڕی بە شەڕ و توندوتیژی هەیە. سەلەفیزمی جیهادی بیروباوەڕێكی دژ بە دیموكراتییە و سەرجەم سیستمە سیاسییەكان رەتدەكاتەوە، هەروەها دژ بە سیستمی یاسایی وڵاتەكانە، بۆ نموونە، یەكێك لە بانگخوازەكان باس لەوە دەكات منداڵانی هۆڵەندی لەسەر پەروەردەیەكی زیانبەخش گۆش دەكرێن، لەبەر ئەوەی فێری ئەوە دەكرێن مرۆڤ لەسەر بنەمای رەگەزی یەكسانە، لەمەش خراپتر سەلەفییەكان، دژی مەزهەبە ئیسلامییەكانی دیكەشن، بۆ نموونە یەكێكی دیكە لەو بانگخوازانە دەڵێت: شیعە مەترسییە بۆ سەر منداڵەكانمان، بۆ سەر خێزانەكانمان و بۆ سەر موسڵمانەكانی دیكەش. هەروەها ئەوان بە ئاشكرا بانگەشە بۆ بەكارهێنانی توندوتیژی دەكەن و داوای بەرپاكردنی «شەڕی پیرۆز» دەكەن! بۆیە لەوانەیە بتوانین بڵێین: سەلەفیەتی دەعەوی بەرگر و بەرهەڵست بێت بۆ سەلەفیەتی جیهادی و لە هەمان كاتدا دەكرێت ببێتەهۆی باسك ئەستور بوونی سەلەفیەتی جیهادی. پێشتر رۆڵی بینیوە لە رێگریكردن لە هەڵكشانی سەلەفییەتی جیهادی، بەڵام ئێستا باڵانسەكە گۆڕاوە و رەوشەكە لە بەرژەوەندی جیهادییەكان ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتووە، لەبەر ئەم هۆكارانە:

١. لە ناكۆكی و ململانێكەیاندا لەگەڵ سەلەفییە جیهادییەكان، دەرئەنجامەكە بە قازانجی سەلەفییە گەنجەكان شكاوەتەوە، ئەو گەنجە سەلەفییانەی بانگەشە بۆ نالێبوردەیی و بۆچوونی دژ بە دیموكراسی و تەنانەت دژ بە ئاوێتە بوونیش دەكەن.




٢. وتاربێژە سەربەخۆکان خۆیان و شوێنکەوتووەکانیان هاوسۆزن بۆ ئەم مەسەلەیە و بانگەشە بۆ رادیکاڵیزم دەکەن.

٣. راستە -سەلەفییە دەعەوییەکان- ئەحکامەکانی چوون بۆ جیهادیان شیکردۆتەوە، بەڵام ئەمە کاریگەری نەبووە لەسەر پاشگەزکردنەوەی ئەو کەسانە لە بڕیارەکەیاندا بۆ چوون بۆ سووریا.

**● موفتییەکانی جیهانی ئیسلامی چۆن باسی شەڕی سووریا دەکەن؟**

شەڕی سووریا و رەفتارە دڕندانەکانی رژێمی ئەسەد، بووە زەمینەیەك کە زۆر ئاکامی خراپ بە دوای خۆیدا بهێنێت. یەکێك لەو ئاکامانە ئەوە بوو کە زەمینەی ئەوەی خۆشکرد ئەفغانستانێکی دیکە بە مانای «شەڕی پیرۆز» دروست ببێت، بۆیە ئەوانەی بوونە هاندەر بۆ ئەوەی تیرۆریستان رووبکەنە سووریا، ئەو شەرعییەتە بوو کە دایان بە جیهادکردن لە سووریا، راپۆرتەکە بایەخی بەم لایەنەش داوە و لەمبارەوە نووسیویەتی: «لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ناوخۆی سووریا کۆمەڵێك بانگخوازی سەلەفی و سەرکردەی ئیسلامی خاوەن نفووز و دەستڕۆیشتوو لە کۆنفرانسێکدا لە قاهیرە هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی جیهادکردن- بە هەموو شێوە و شێوازەکانیەوە- لە سووریا ئەرکێکی ئاینییە و تەنانەت ئەوانەش کە سنووربەندی لەسەر بەشداریکردن لە شەڕ و جیهادکردن دادەنێن، ئەوە رەت ناکەنەوە کە ئەوەی لە سووریا دەگوزەرێت جیهادە. لەمەش زیاتر هەندێ لە زانایانی (دەعوەی سەلەفی) لە وڵاتانی کەنداو هەوڵێکی گەورەیان خستۆتەگەڕ لەم رووەوە و بەو شێوەیە وەسفی شەڕەکەی سووریا دەکەن کە «دوایین شەڕ» ی نێوان شیعە و سوننەیە.

راستە جیهادیزم ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتووە، بەڵام پەرەسەندنەکانی دیکە لە ئەوروپا و جیهانی عەرەبی سیاقە نێودەوڵەتییەکەی جیهادیزمیان گۆڕیوە. سەرەتا وا دەرکەوت ئەو زنجیرە رووداوانەی کە بە بەهاری عەرەبی ناوزەد کرا- هەڵاتنی خۆری هێزە لیبراڵییەکانی لێبکەوێتەوە. بەڵام هەر زوو رۆڵی پێشەنگ و رێبەرایەتی کەوتە دەستی گرووپە ئیسلامییە ناتوندوتیژەکانی وەك ئیخوان موسلمین و بزووتنەوە سەلەفییە جۆراجۆرەکان. ئەم گرووپانە لە پڕێکدا خۆیان لە رەوشێکدا بینیوە کە

**جیهادییە ئوسولی و تەکفیرییەکانی رۆژئاوا توانیویانە سوودێکی هێجگار گەورە لە یاسا دیموکراتییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا وەربگرن و بە شێوەیەک پەیامی خۆیان بڵاو بکەنەوە کە لە رووی یاساییەوە نەتواندرێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت**

گوزارشت لە بۆچوون و تێڕوانینی سیاسیی خۆیان بکەن. لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا سەرکەوتوو بوون لەوەی لە چەند وڵاتێکدا -بە رادەی جیاواز- جڵەوی کۆنترۆڵەکە بگرنەدەست. ئەمەش نیگەرانی وڵاتانی کەنداوی لێکەوتەوە، کە پاڵی پێوەنان بۆ ئەوەی هاوکاریی بزووتنەوە سەلەفییەکان بکەن وەك پارسەنگێك بۆ ئیخوان موسلمین.

**وەرچەرخان لە فیکری بانگخوازی سەلەفییەوە بۆ جیهادی و تەکفیری و قیتالی، مەسەلەکە پەیوەستە بە قۆناخ و کات و ژینگەی گونجاوەوە، بۆیە گرنگە بوار نەدرێت ئەو ژینگە و کاتە گونجاوە بۆ ئەم وەرچەرخانە دروست بێت**

### ● بەهاری عەرەبی چی لێکەوتەوە؟

چاوەڕێی گۆڕانکاری ئەرێنی و زۆر گەورە لە راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی دەکرا، تەنانەت هێزە ئیسلامییەکان بە بەهاری ئیسلامی ناویان دەبرد، بەڵام سەرەنجام بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی ئەو بەهارە عەرەبییەی ئاشکراکرد. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا بۆ بەهاری عەرەبی ئەم بارودۆخەی بەرهەمهێنا کە چاوەڕێ دەکرا دیموکراتی بەرهەم بهێنێت؟ لە روانگەی راپۆرتە هۆڵەندییەکەوە بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە و نووسیویەتی: «ئازادکردنی زیندانییەکان و گەڕانەوەی ئەو کەسانەی لە مەنفا بوون و زیندووکردنەوەی تۆڕەکانی رێکخستنی لەلایەن ئەم گرووپانەوە. هەروەها ئەوەی کە هیچ بەرەوپێشچوونێکی ئابووری رووی نەداو رەوشی ژیانی خەڵك باشتر نەبوو، دەرفەتی کاری زیاتر نەڕەخسا، رەوشە ئەمنییەکە خراپتر بوو. دەسەڵاتی یاسا داڕووخا و بازرگانیی چەك گەشەی کرد و بەهۆی هەرەسهێنانی دامەزراوە ئەمنییەکانەوە بوار رەخسا میلیشیا دروست بکرێتەوە. بەو پێیە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ ئەلقاعیدە دروست بوو. چونکە وا دەرکەوت ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات - تا رادەیەك- ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی لە دوای بەهاری عەرەبییەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوویێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی بیروباوەڕی ئەلقاعیدە کە پێیوابوو پەنابردنەبەر توندوتیژی تاکە رێگە و تەنها ئامرازە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی سیاسی. هەروەها سەرکەوتنی خێرای راپەڕینەکان ئەلقاعیدەی دووچاری سەرسوڕمان کرد و ماوەیەکی ویست تاوەکو دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات، بەڵام سوودی لە نائومێدی خەڵك وەرگرت کە بەهۆی ئەو رەوشەوە دروست بوو کە لە دوای بەهاری عەرەبییەوە هاتەئاراوە -گۆڕانکارییەکە لە ئاست خواست و چاوەڕوانی و پێشبینییەکانی خەڵکدا نەبوون- ئەوەش دەرفەتی گەورەی بۆ رەخساندن و ئێستا قاعیدە جموجووڵی چالاکییەکانیان بەرفراوانتر کردووە. کەچی چاوەڕوان دەکرا راپەڕینە عەربییەکان گورزێکی کوشندە و کەمەرشکێن بن لە بیروباوەڕی ئەلقاعیدە کە باوەڕیان وابوو توندوتیژی تاکە رێگەی هێنانەدی گۆڕانکارڕییە، بەڵام ئێستا ئەوان بەرهەمەکە دەچننەوە، ئەوان پێشتر هۆشدارییان دابوو لە (نیوە شۆڕش) یاخود (شۆڕشی نیوەناچڵ)، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە راستە رژێمە کۆنەکە رووخاوە، بەڵام پاشماوەی رژێمە کۆنەکانی تێدا ماوە و بوونەتە بووکەڵەی دەستی رۆژئاوا. لە هەندێ حاڵەتدا وا دەرکەوت شۆڕشەکە پێچەوانەوە بوویێتەوە و ئێستاش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەبێت گۆڕانکارییەکە بەرەو دوامەنزڵگەی خۆی ببرێت، ئەوەش بە جیهادکردن دەکرێت!

**ترس و نیگەرانی لە دەستڕۆیشتوویی ئێران یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە وای لە چەند دەوڵەتێکی کەنداو کرد، هەر لە سەرەتای شەڕەکەی سووریا و لە قۆناغە سەرەتاییەکانیەوە خۆیان لەو ناکۆکییەوە تێوەبگلێنن**

### ● کەڵك وەرگرتن لە ململانێی هەرێمایەتی لەسەر دەسەڵات

ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە زەمینەی بۆ دەستێوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دروستکردووە، هۆکاری ئەم دەستێوەردانە لەم راپۆرتە بەمجۆرە ئاماژەی پێکراوە:

«کاتێك کۆمەڵە رژێمێك -کە پێشتر رژێمی بەهێز و دەستڕۆیشتوو بوون- داڕووخان، یان دووچاری هەڕەشە و مەترسی بوونەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا، ئەوا یاریزانە سەرەکییەکان ئەمەیان بە دەرفەت زانی بۆ بەرفراوانکردنی کاریگەری دەستڕۆیشتووی خۆیان لەسەر حیسابی رکابەرەکانیان. وڵاتگەلێکی وەك قەتەر و تورکیا و ئێران پێشوازییان لە هەڵکشانی ئیخوان موسلمین کرد، بەڵام سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو بە هەڕەشەیەکی جددییان زانی، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە رەنگە هەڵبستن بە هاندان و پشتیوانیکردنی بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکان کە هەوڵی رووخاندنی رژێمە پاشایەتییەکانی کەنداو دەدەن. ترس و نیگەرانی لە دەستڕۆیشتوویی ئێران یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە وای لە چەند دەوڵەتێکی کەنداو کرد، هەر لە سەرەتای شەڕەکەی سووریا و لە قۆناغە سەرەتاییەکانیەوە خۆیان لەو ناکۆکییەوە تێوەبگلێنن، چونکە رووخاندنی رژێمی سووریا، ئێران لە بوونی پێگەیەکی بەهێز لە ناوچەکەدا بێبەش دەکات. هەروەها چەك و پارەیان رەوانە کرد بۆ گرووپە چەکدارەکان- لەژێر پەردەی کاری خێرخوازییەوە-، بە هەمان شێوە هانی زانایانی ئایینییە کاریگەرەکانیان دا بۆ ئەوەی رایبگەیەنن کە شەڕکردن لە سووریا جیهادێکی شەرعییە و ئەرکێکی ئایینییە و «شەڕێکی پیرۆز»ە. شەڕی سووریایان کردە شانۆی جیهاد بۆ هەموو جیهان، لەبەر ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافی سووریا بە شێوەیەکە کە هەر کاتێك دەستت بەسەر سووریادا گرت و باڵادەست و دەستڕۆیشتوو بوویت تێیدا، ئەوا دەستت

به شانۆكانی دیكەی جیهاد رادەگات، وەك ئەفغانستان و یەمەن و سۆماڵ. سەفەركردن بۆ سووریا ئاسانە و تێچوویەكی كەمی دەوێت لە هەر فڕۆكەخانەیەكی ئەورووپییەوە بۆ ئەستەنبول و لەوێشەوە بە پاس راستەوخۆ بۆ سەر سنووری سووریا و پاشان بە ئاسانی دەچنە نێو خاكی سووریاوە. هۆكارێكی دیكەی عەمەلی ئەوەیە كە زۆربەی ئەندامانی داعش و بەرەی ئەل نوسرە لە بیانییەكان پێكهاتوون و ئێستاش بیانییەكانی دیكە دەیانەوێت بچنە نێو ئەو رێكخراوەوە. زۆربەی هۆڵەندییەكان كە سەفەریان كردووە (ئامانجیان ئەوە بووە بچنە یەكێك لەم دوو رێكخراوە). دیارە هۆكاری سایكۆلۆژیش لەم پرسەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەو بیروباوەڕە باو و بەربڵاوە كە كێشەیەكی رەوا هەیە و دیمەنە خوێناوییەكان تووەڕیی خەڵكیان وروژاند، ئەسەد لای زۆرێك لە سوننەكان كافرێكە و بە شێوەیەكی مەنهەجی و سیستماتیكی سەرقاڵی كوشتنی موسڵمانە بێتاوانەكانە و رۆژئاواش نەهات بە هانایانەوە، لەبەر ئەوە دەبێت خۆیان لە رێی جیهادەوە ئەم كارە بكەن. لەلایەكی دیكەوە باوەڕیان وایە كە ئەمە شەڕێكە ئەوان دەتوانن تێیدا سەركەوتوو بن، ئەمەش رێگە بۆ ئامانجێكی دوورمەودا خۆش دەكات -دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی-. ئەوانەشی دەكوژرێن شەهیدن لە پێناوی خەلافەتدا! هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە هەندێ لەو چەكدار و شەڕكەرە بیانییانە خۆیان و خێزانەكانیان سەفەر دەكەن بۆ ئەو ناوچانەی لە ژێر كۆنترۆڵی جیهادییەكاندان بۆ ئەوەی لە سایەی سێبەری (دەوڵەتی ئیسلامی بێخەوش و بێگەرد)دا ژیان بەرنەسەر. وەك هەڵمەتێكی پڕوپاگەندەش وێنەی شەڕكەرەكانیان بڵاو دەكەنەوە كە خەریكی چاككردنەوەی رێگەكان و كردنەوەی قوتابخانەكان و دامەزراندنی دادگاكانن.

**● وەسفكردنی شەڕەكەی سووریا وەك شەڕی شیعە و سوننە**

ئاگری هەستی دژ بە شیعەبوون لەلایەن هەندێ لە سەركردە ئایینییە گرنگەكانەوە خۆشكرا، بەتایبەتی لەلایەن هەندێ لە زانا سەلەفییە دەعەوییە دەستڕۆیشتووەكانی هەندێ وڵاتی دیاریكراوی كەنداوەوە. راستە خۆیان بە دوور گرت لە گرووپە جیهادییەكان و بەرهەڵستی خۆیان بۆ كوشتنی خەڵكانی مەدەنی راگەیاند لەسەر بنەمای بیروباوەڕ، یان بناغەی ئیتنی و هەروەها ئیدانەی تەكفیریان كرد، بەڵام ئەمە هیچ لەو راستییە كەم ناكاتەوە كە زۆر راشكاو و راستەوخۆ بوون لە هاندانی پشتیوانەكانیان بۆ چوونە نێو شەڕەكەو بەشداریكردن تێیدا لە دژی شیعەكان. تەنانەت هەندێكیان بە دوایین شەڕی نێوان شیعە و سوننەیان ناو بردووە.

**● دەرەنجامی ئەم خوێندنەوەیە**

ئەم راپۆرتە كۆتاییەكەی كۆمەڵێك راسپاردە و پێشنیارە بۆ حكومەتی هۆڵەندی، بەڵام ئامانج لەم خوێندنەوەیەی ئێمە بۆ مەبەستێكی دیكەیە و پرسیار ئەوەیە: تاچەند سوودی بۆ كوردستان هەیە، كە بەشی زۆری خەڵكەی موسڵمانە و هەروەها لەبەرەی پێشەوەی شەڕێكی جهانیداین دژی داعش، كە وڵاتان لە دووری هەزارن میل و كیلۆمەترەوە لێی دەترسن؟ ئەوەی ئەم راپۆرتە پێمان دەڵێت:

١. وەرچەرخان لە فیكری بانگخوازی سەلەفییەوە بۆ جیهادی و تەكفیری و قیتالی، مەسەلەكە پەیوەستە بە قۆناخ و كات و ژینگەی گونجاوەوە، بۆیە گرنگە بوار نەدرێت ئەو ژینگە و كاتە گونجاوە بۆ ئەم وەرچەرخانە دروست بێت.

٢. ئێستا تیرۆریستانی داعش و ئەوانەشی لەسەر ئاستی جیهان پشتگیرییان دەكەن، دەیانەوێت ئەم شەڕە وەك شەڕی مەزهەبی سوننە و شیعە پیشان بدەن، بەڵام وەك بیرمەندی عەرەبی و عێراقی رەشید خەییوون لە دیمانەیەكی ئەم ژمارەیەی گوڵاندا ئاماژەی پێكردووە، پێشمەرگە لەسەر بنەمای خۆشەویستی نەتەوە و خاك بەرگری لە كوردستان دەكات، لەسەر سوننە و شیعە حیساب نییە، بۆیە گرنگە لەمڕووە رێگە نەدرێت، فیكری خاوێنی پێشمەرگە گەرد بگرێت.

٣. ئەم راپۆرتە پێمان دەڵێت: مزگەوتەكانی سعودیە و مزگەوتەكانی هۆڵەندا بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی وەك یەكن، پرسەكە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ئیسلام و دووركەوتنەوە لە سەلەفییەت و بە سیاسیكردنی ئایین.

٤. ئەم راپۆرتە ئاگادارمان دەكاتەوە، یەكخستنی هێزی پێشمەرگە چەند گرنگ و پیرۆز و ئەركێكی نیشتمانییە، لەمەش زیاتر ریفۆرمی قوتابخانە ئایینیەكان و كۆلێژەكانی شەریعە و زانستە ئیسلامییەكان، لە یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە پێویستترە، بۆ ئەمە دەبێت خەڵكی كوردستان چۆن یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەیان كردووە بە داوای خۆیان و كەس ناتوانێت بەرگری لە یەكنەگرتنەوە بكات، دەبێت ریفۆرمی قوتابخانە و كۆلیژەكانی شەریعە و زانستی ئیسلامییش بە هەمان شێوە ببنە خواستی گەلی كوردستان و كەس نەتوانێت رێگەی لێ بگرێت.

**مزگەوتەكانی سعودیە و مزگەوتەكانی هۆڵەندا بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی وەك یەكن، پرسەكە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ئیسلام و دووركەوتنەوە لە سەلەفییەت و بە سیاسیكردنی ئایین**

**راستە جیهادیزم ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتووە، بەڵام پەرەسەندنەكانی دیكە لە ئەوروپا و جیهانی عەرەبی سیاقە نێودەوڵەتییەكەی جیهادیزمیان گۆڕیوە**

# ترسی حکومەتەکان لە فیدراڵییەتی دووانەیی



سۆلاڤ کاکەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

مەبەست لە فیدراڵیەتی دووانەیی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییانەیە کە لەسەر بناغەی دوو ناوەندی دەستووری دانراون، ئەندامەکانی ئەو ناوەندە فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەستوورێك پێکهێندراون کە پێوەندیی لە نێوان هەردوو ناوەندەکەو ناوەندە سەرەکییەکە ڕێکدەخاتەوە.

دووانەیی لە هەبوونی دوو نەتەوەی سەرەکی دێت کە بە هەردوولایان پرۆسەی سیاسیی ناو دەوڵەت بەڕێوە ببەن، لە یەك هەرێمدا پێکەوە دەژین و بۆ ڕێکخستنی دەستوورییانەی دەوڵەتیی پەنا وەبەر شێوازێکی فیدراڵی دەبەن، یان بەهۆی مەیل و ئارەزوو بۆ جیانەبوونەوە، یان بۆ بڕیاردان لەسەر پێکەوەژیان لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی فیدراڵییانەی بەهێزو تۆکمەدا. یان لەبەر زەحمەتی وەدیهێنانی جودابوونەوە، ئەویش بەهۆی هەندێ فاکتەرەوە کە پێوەندیدارن بە زاڵدەستبوونی پێکهاتەیەك بەسەر پێکهاتەکەی تریانەوە، چ بەهۆی کاریگەربوونی بە دەسەڵاتی سیاسی و سامان و بەرهەمەوە، یان هەر هۆیەکی دی، لە هەموو ئەمانەشدا گرنگتر، ئەو هێزە سەربازییەیە کە دەبێتە پاڵپشتێکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی کیانی دەوڵەت لە دوژمنکاری و پێشێلکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

بەو شێوەیە وەك ئەلتەرناتیڤێك پەنا وەبەر یەکێتی فیدراڵی دەبرێت، نکۆڵی لە حەقیقەتی مەیل و ئارەزوو بۆ ئەم شێوە فیدراڵییەتە درێژخایەنانە ناکرێت، کە هەر لایەکیان تێیدا بۆی هەیە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، مێژووی سیاسیی پڕیەتی لەم جۆرە فیدراڵیەتانە، وەك چۆن لە هەڵوەشانەوەی چیکۆسلۆڤاکیا ڕوویداوە، کە لە ساڵی ١٩٩٣ بووەتە هەردوو کۆماری چیك و کۆماری سلۆڤاك، یان سەربەخۆبوونی سەنگافورەو جودابوونەوەی لە مالیزیا ساڵی ١٩٦٥، یان جیابوونەوەی بەنگلادش لە پاکستان ساڵی ١٩٧١.

لەمەوە تێدەگەین کە فیدراڵیاتە دووانەییەکان، لە فیدراڵیەتەکانی تر زیاتر قابیل بە هەڵوەشانەوەن، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هێز و ئارەزووی جوداخوازیی ئەو گرووپانەی لە هەردوو ناوەندە فیدراڵیەتە دووانەییەکەدان، چ کەمینە بن، یان زۆرینە بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەکە، یان لەسەر ئاستی یەکێتییە فیدراڵییەکە بە گشتی.

مێژووی سیاسی ئاماژە بە فیدراڵیەتی دووانەیی دەدات وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی کە لە دوو پێکهاتەی دەستووری پێکهاتبن، بە بڕوای من ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتی فیدراڵی دووانەیی لە چەندین هەرێم و ویلایەتیش پێکهاتبن، چونکە سروشتی جەوهەریی فیدراڵییەت پێویستە بخرێتە بەرباس، نەك لە ڕێی زاراوەی یاسایی و دەستوورییەوە، بەڵکو لە میانەی هێزی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری کە وای لە شێوازەکانی دەرەکییانەی فیدراڵی کردووە کارێکی پێویست بن.

جەوهەری فیدراڵییەت لە ناواخنی کۆمەڵگەکەدایە، نەك لە بونیاتی دەستووری، یان دامودەزگایی ئەنجومەن و دەسەڵاتە گشتییەکاندا، حکومەتی فیدراڵی بریتییە لە ئامرازێك کە بەهۆیەوە سیماکانی فیدراڵیەتی کۆمەڵگە و پاراستنی ئەو سیمایانە بەرجەستەدەکاتەوە.

لێرەوە فیدراڵییەتی دووانەیی دەکرێت ئاماژەدان بێت بە دووانەیی لە پێکهاتەی نەتەوەیی بوون بۆ سەرجەم دانیشتووانی دەوڵەتی فیدراڵی، دەوڵەتێکی وەك کەنەدا بە نموونە سیمایەکی فیدراڵی هەیە، گەرچی لە دە کانتۆنیش پێکهاتووە، چونکە لە دوو نەتەوەی سەرەکی دروست بووە، کە دوو دەزگای گەلی بۆ یەکێتی فیدراڵی کەنەدی لە خۆ دەگرێت، هەر لە ساڵی ١٨٦٧ بە دواوە ئەمە هەیە، ئەوانیش هەردوو گەلی فەرەنسیی و ئینگلیزییە.

هەرچەندێك حکومەتی کەنەدی هەوڵی دابێت بۆ زیادکردنی کانتۆنە ئینگلیزییەکانی خۆی، بە درێژایی ساڵانی پێشوو ئەو هەوڵانە تەنیا بۆ لاوازکردنی نەتەوەی فەرەنسی زمانیی کیبویك بووە، کە لە چوارچێوەی زۆرینەی فەرەنسیدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی قورسایی سیاسی فەرەنسیەکانە کە چەندین ئەنجومەنی کانتۆنیان هەیە(ئەنجومەنی تەشریعی دووەمی کانتۆنەکان) ئاکام ملکەچ پێکردنی پرەنسیپی زۆرینەیە، کە هەندێ لە سیستمە دیموکراتیەتەکان بۆ پێشێلکردنی مافەکانی کەمینە ئەنجامی دەدەن.

هەمان شت لە بەلجیکا دەبینرێت کە لە دوو گرووپی سەرەکی پێکدێن: فلامن کە بە زاری هۆڵەندی دەدوێن و، والوان کە بە فەرەنسی دەئاخاڤتن، هەر یەك لەو دوو گرووپە زۆنی جیۆگرافی سەربەخۆیان هەیە.

هەمان شێوە لە هەرێمی کوردستان کە زۆرینەی کوردە لە بەرانبەر ١٥ پارێزگای زۆرینە عەرەبیدا، ئەمە ئەگەر بێت و تەماشای دابەشکردنی ئیتنیکی بکەین، بەڵام ئەگەر تەماشای دابەشبوونی نەتەوەیی ـ مەزەبی بکەین، بەم شێوەیە دەکەوێتەوە: هەرێمێکی کوردی بەرانبەر ٣ پارێزگای بە زۆرینە سوننی و ١٢ پارێزگای بە زۆرینە شیعیی.

وێڕای هەبوونی چەندین پارێزگای سوننی مەزەب، کە پێکهاتەی شیعییان تێدایەو هەمان شت سەبارەت بە پارێزگا شیعیەکان و هەرێمی کوردستانیش هەیە، کە کەمینەی تریان تێدایە کە تایبەتمەندی کەلتووری خۆیان هەیەو لە زۆرینە جودایان دەکاتەوە.

زەحمەتە یەکێتییەکی کارگێڕی هاوگونجاو لە ڕووی دانیشتووانەوە بوونی هەبێت، تەنانەت لەناو هەرێمی کیبیکی کەنەدیی زمانحاڵی فەرەنسایی چەندین کەمینەی ئینگلیزی و گرووپی ڕەسەنی نەتەوە دێرینەکانی تری تێدایە، یان لە هەرێمی فلاندەری زمانحاڵی هۆڵەندی لە بەلجیکا کەمینەی ئەڵمانی زمانیشی تێدایە، هەروەها لە باشووری سودان کاتێك کریستیانەکان لە باشوور زۆرینەیان پێکدەهێنا و هەوڵی دامەزراندنی فیدراڵیەتێکیان لەسەر بناغەی باشوورو باکوور دەدا، ئەمە بە واتای ئەوە نەبووە کە کەمینەی موسڵمان و زنج و وەسەنی لە باشوور بوونیان نەبێت.. تاد..

گرنگ لێرەدا لەم شێوە فیدراڵیەتانە ئەگەری جیابوونەوەی پێکهاتەیەکە لەوی دی، بەپێی سیستمی سیاسی فەرمانڕەوای ئەم دەوڵەتانە، بیرۆکەی جیابوونەوەکان گەورەتر دەبێت، بۆیە هەموو ئامڕازەکان دەخرێنەگەڕ تا ئەم جوداخوازییە وەدینەیەت..

تەکنیکی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سنووری ویلایەتەکان بە شێوەیەك کە هەر گرووپێکی ئیتنیکی بەسەر چەندین ویلایەتی تردا دابەش بێت، بۆ خۆی یەکێکە لەو ڕێگەیانەی هەندێ حکومەت هانای بۆ دەبات لە پێناوی لاوازکردنی وزەی گرووپێکی ئیتنی دیاریکراودا، بەتایبەتی ئەگەر ناوچەکەی کە تێیدا مۆڵ دەخۆن خاوەنی سامانێکی زۆرو زەوەند بن، چونکە بەو شێوەیە دواجار وەردەچەرخێت بۆ هێزێکی ئابووری و وادەکات کە گرووپە ئیتنیەکەی تێیدا نیشتەجێن جیابوونەوە ڕابگەیەنن، ئەویش وەك گوزارشتێك لەو زوڵم و چەوساندنەوانەی دەرهەقیان دەکرێت.

هەموو لێکچوواندنەکانی پێشوو ڕەنگدانەوەیە بۆ هەڵوێستی حکومەتی عیراقی کە مەرجەعییەتە ئایینییەکان نوێنەرایەتی دەکەن، ئەو مەرجەعییاتانە خۆیان دەدزنەوە لە جێبەجێکردنی مادە دەستوورییەکانی تایبەتمەند بە فیدراڵییەت و پێکهاتنی هەرێمەکان و ئەنجومەنی ئیتیحادی و بەتایبەتیش جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری گرێدراو بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و هێنانەوەی بەهانە و بیانوو بۆ ئەوەی هێشتا هەر سێ قۆناغی ئاساییبوونەوە و ئامار و ڕاپرسی نەبڕیوە، وێڕای تێپەڕینی دەساڵێك بەسەر واژۆکردنی دەستووری عیراقی هەر لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٥.

ئیتر بەم شێوەیە هەرێمی کوردستان لە بارێکی ناوازەی بێ نموونەدا دەمێنێتەوە، تەنیا هەرێمێکە لە ناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدایە. لەسەر ئاستێکی تیۆری دەستووری ـ هەروەها سەنتراڵیزمییە. لەسەر ئاستێکی واقیعی و کردارەکی ـ ئاگادارکردنەوەکانی حکومەتی کوردستان هەموو جارێك لەسەر جیابوونەوەی هەرێم لە دەوڵەتی عیراقی کارێکی زەحمەتە، یان کارێکی مەحاڵە بە بێ یەکلاخستنەوەی دۆزی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە هەرێمی کوردستان.

**ئاگادارکردنەوەکانی حکومەتی کوردستان هەموو جارێک لەسەر جیابوونەوەی هەرێم لە دەوڵەتی عیراقی کارێکی زەحمەتە، یان کارێکی مەحاڵە بە بێ یەکلاخستنەوەی دۆزی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە هەرێمی کوردستان**

**مێژووی سیاسیی پڕیەتی لەم جۆرە فیدراڵییەتانە، وەک چۆن لە هەڵوەشانەوەی چیکۆسلۆڤاکیا ڕوویداوە، کە لە ساڵی ١٩٩٣ بووەتە هەردوو کۆماری چیک و کۆماری سلۆڤاک، یان سەربەخۆبوونی سەنگافورە و جودابوونەوەی لە مالیزیا ساڵی ١٩٦٥، یان جیابوونەوەی بەنگلادش لە پاکستان ساڵی ١٩٧١**

**فیدراڵییەتی دووانەیی دەکرێت ئاماژەدان بێت بە دووانەیی لە پێکهاتەی نەتەوەیی بوون بۆ سەرجەم دانیشتووانی دەوڵەتی فیدراڵی، دەوڵەتێکی وەک کەنەدا بە نموونە سیمایەکی فیدراڵی هەیە، گەرچی لە دە کانتۆنیش پێکهاتووە**